# چاپکراوی نوێ

(المنهج العام للمجلس الأعلى للإفتاء في كوردستان) ناونیشانی کتێبێکە کە د.حەسەن خالید مستەفا موفتی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای فەتوا نووسیویەتی و، د. عەبدوڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پێشەکی بۆ نووسیوە.. ئەم کتێبە وەك پەیڕەوێکی پەیوەست بەکاری فەتواو دیارکردنی بنەماو بەندو چوارچێوەو ئامانجەکانی ئەنجومەنی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان و لیژنەکانی فەتوا دێتە پێناسە کردن.. کتێبەکە لە روانگەی بایەخدانە بە دامەزراوەی فەتواو بەرەو پێشبردنو دیارکردنی پەیڕەوێکی دیاریکراو، کە ببێتە مەنهەج و ڕێڕەوی فەتوادان لە هەرێمی کوردستاندا، لەو کتێبە ڕێکارو چوارچێوەو بەرچاو روونی تەواو هەیە بۆ پرسی فەتواو ڕێگری لە فەتوای نادروستو بێ بنەماو فەوزەوی، کە پێویستە مامۆستایانی ئایینی بە وردی بیخوێننەوە، بەتایبەت ئەوانەی لە بواری فەتواو لیژنەکانی فەتوا لە لقەکانی یەکێتیی زانایان کار دەکەن. پیرۆزبایی لە یەکێتیی زانایان و نووسەری کتێبەکە د. حەسەن خالید مستەفا موفتی دەکەین .. هیوادارین لە خزمەتکردنی مەنهەج و ڕێڕەوی فتوادانداندا بێت و کتێبخانەی کوردیی دەوڵەمەند کردبێت.



سەرۆ قادر




## بزووتنەوەی بارزان و ڕیشەی مێژوویی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان

شاخەوان عەبدوڵا :



## پێویستە بۆ چارەسەرکردنی دۆخی کەرکووک و ناوچەکانی دیکە کۆدەنگییەکی سیاسی دروست بێت

د.عەرەفات کەرەم ستونی



## ئیسلامی سیاسی لە سۆماڵ

مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی




## لە نێوان (فەتوا) و (فەوزا) چارەسەر چییە؟

جۆن تیرمان :



## ترەمپ خوازیاری شەڕ نییە، بەڵام بە ئاسانی دەتوانرێت بخزێندرێتە شەڕەوە




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
رۆشنە عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانا خانی - دهۆك

ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulan-media.com

د. محەمەد سەلمان بەرواری :

## سەرکەوتنی پرۆسەی چاکسازی پێویستی بە ئیرادەیەک لەسەر ئاستی باڵا هەیە



## خراپی ڕێگە و خێرایی گەنجان ڕێژەی ڕووداوەکانی هاتوچۆی بەرز کردووەتەوە



## بەهای خۆراکیی پیازی شیرین



## کاتژمێرێکی سمارتی کلاسیکی



کەژان ئەسەدی:

## سینەمای کوردی نەیتوانیوە وەک سینەمایەکی سەربەخۆی جیهانی دەربکەوێت



ساقیا سەمیر :

## پشتگیریکردنی کۆمەڵگە بۆ وەرزشی کچان بەپێی پێویست نییە



# مانگی ڕەمەزان و چەند ستراتیژێک

ئایینی ئیسلام هەر عیبادەتێکی بۆ موسڵمان دانابێ، لە ژێر سێبەری مەسڵەحەتدا جێبەجێی کردووە، چونکە خوای گەورە پەرستنێکی ناوێ بۆ ژماردن و هیلاککردنی مرۆڤ، بەڵکو بۆ پاککردنەوەی دڵ و دەروون و چاککردنی مرۆڤی موسڵمان لە ڕووی ڕەوشت و ڕۆڵی لە کۆمەڵگەدا. مانگی ڕەمەزان ئەو مانگەیە کە خوای گەورە لەسەر ئۆمەتی محەمەد (د.خ) فەرزی کردووە بۆ پاڵافتەکردنی دەروون و زیاتر نزیکبوونەوە لە خوای گەورە، چاککردنی ڕەوشتی مرۆڤیش گەورەترین ئامانجێتی.

ئێمە کە میللەتی کوردین هەر بە گەیشتنی ئایینی ئیسلام بۆ سەر خاکی پیرۆزمان ڕێزی تایبەتیی پەرستنە جۆراوجۆرەکانی ئایینی ئیسلامان گرتووە، بگرە لە خۆشەویستیمان بۆ ئەم ئایینە لە هەر کوچە و کۆڵانێك، لەهەر گوند و شارێك چەندین مزگەوت و شوێنی خواپەرستنمان دروست کردووە، کە ژمارەیان زیاتر لە(٦٠٠٠) مزگەوتە بەپێی ئاماری وزارەتی ئەوقاف.

مانگی ڕەمەزان و ڕۆژووگرتن لە کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بگرە ئەو موناجاتەی کە بە مەڕحەبا مەڕحەبای کورد ناسراوە لە جیهانی ئیسلامی، ڕەنگی خۆی داوەتەوە، ئایینە جیاوازەکانی دیکەش لە کوردستاندا وەك کریستیانێکان ڕێزی ئەم عیبادەتە دەگرن و بەتایبەتی لە شارەکانی کوردستان بەرفتار بۆ موسڵمانان دروست دەکەن و لە جەژندا سەردانی ماڵی موسڵمانان دەکەن بۆ پێشکەشکردنی پیرۆزبایی لێیان، ئەم نموونەی پێکەوەژیانە جوانترین شانازییە کە لە باپیرانی خۆمانەوە وەك میرات بۆمان ماوەتەوە و سەرجەممان بەرپرسین لە پاراستنی و دەبێت زیاتر هەوڵی چەسپاندنی بدرێت و گەورەترین کار ئەوەیە بە ستراتیژیی تایبەت کار بۆ ئەم مەبەستە بکرێت. پێوستە لە ئەنجومەنی وەزیران فەرمانگەیەکی تایبەت هەبێت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف بە ناوی (فەرمانگەی پێکەوەژیان و ئاشتیی کۆمەڵایەتی) چەندین پرۆژە دابنرێت بۆ پەرەپێدان و گەشەکردن و چەسپاندنی بنەماکانی پێکەوەژیان و کەسانێك لەو فەرمانگایە دابنرێن کە لەگەڵ مامۆستای ئایینی و قەشەی کڵیسە بزانن چۆن پەرە بە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن لەنێوانیان بدەن و زیادی بکەن، بڕوای تەواویان هەبێت بە بابەتەکە و پسپۆڕییان هەبێت و خاوەنی دیدوتێڕوانینی ئەرێنی بن، نەك کەسانێك بکرێنە بەرپرسی تەنیا بۆ رازیکردنیان بێت و بابەتەکە و فەرمانگەکەش کوردوتەنی مرداری بکەنەوە. چونکە بابەتێکی وا هەستیار پێوەستە سەرۆکایەتیی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران وەك بەهایەکی نیشتمانی هەژماری بکەن.

ئەو خێرانەی لە مانگی ڕەمەزان هەن جۆراوجۆرن، بەڵام دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری ئیسلام(د.خ) لەم مانگەدا زۆرترین دەستی هاوکاری بۆ هەژاران



## شێخ ئیبراهیم شێخ محەمەد تاهیر بەرزنجی

بەڕێوەبەری ئیرشاد و توێژینەوە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

درێژ دەکرد، بۆیە کاری هاوکاریکردن کارێکی کاریگەرە لە ژیانی موسڵماندا بەتایبەت لە مانگی ڕەمەزاندا .

ڕۆژێکیان ئیبراهیم کوڕی ئەدهەم کە یەکێکە لە پیاوچاکان لەگەڵ کۆمەڵێ لە برادەرانی خۆی دادەنیشێت، برادەرێکیان بەتەنیشتیاندا تێدەپەڕێت، سڵاویان لێ ناکات، برادەرەکانی بە ئیبراهیم کوڕی ئەدهەم دەڵێن: سەیری ئەم برادەرەمان بکە، چۆن دەعیەو فیزی پەیدا کردووە. ئیبراهیم کوڕی ئەدهەم دەکەوێتە دوای برادەرەکەی دەڵێت: برام چییە بۆ سڵاوت لێمان نەکرد؟ کابرا وتی: قوربان لە حاڵێکدام، چاوم کەس نابینێت، خێزانم وامنداڵی بووە، هیچ شتێکم نییە لەماڵەوە کە بیخوات، وادەگەڕێم بۆ شیرینییەك، یان لوقمەیەکی نان بیبەمەوە بۆی. ئیبراهیم کوڕی ئەدهەم گەڕایەوە بۆلای برادەرەکانی وتی: برادەران ئێمە زۆر بەهەڵەدا چووبووین بەرامبەر ئەو هاوڕێیەمان، یەکەمیان: ئاگاداری ئەو هاوڕێیەمان نەبووین کە ئەمڕۆ بە باروودۆخێکی نارەحەتدا تێدەپەڕێت، دووەمیان باری ئابووریی ئەو زۆر خراپەو ئێمە ئاگادار نین. بۆیە هاوڕێکانی کۆمەڵێ هاوکارییان کۆکردەوە ئیبراهیم کوڕی ئەدهەم کۆمەڵێك خۆراك و شیرینی بۆ ماڵی برادەرەکەی برد، کە گەیاندیە دەستی خێزانی برادەرەکەی بە پەرۆشەوە وەری گرت و وتی: خوایە ئەم ڕۆژە بۆ ئیبراهیم کوڕی ئەدهەم لەبیر نەکەی.

لە کوردستان خاوەنی کۆمەڵێك نازدارین کە ڕۆڵەی ئەنفال و خانەوادی شەهیدە سەربەرزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانن، باوەشی کوردستان ئاوارەی عێراقی و ئێرانی و سووری و چەندین وڵاتی تر لە خۆ دەگرێت، پێوستە بابەتی هاوکاری بە ستراتیژ کاری لە سەر بکرێت، ناکرێت کۆمەڵێك لایەن کە بە شەرعی نازانم، لە کەناڵی بینراو بان بیستراوەوە بانگەواز بۆ کۆکردنەوەی زەکات و سەرفیترەی ڕەمەزان بکەن، بۆ بەرژەوەندیی حزبی، یان ڕێکخراوەیی، لە هیچ وڵاتێك ئەم کارە ڕێگەپێدراو نییە .


دەبێت دەزگایەکی تۆکمە و سەردمیانە دابمەزرێت بۆ کۆکردنەوەی زەکات و داهاتی سەدەقە لە موسڵمانان و بگەیەندرێتە دەستی کەسانی کەمدەرامەت، نەك بدرێتە کەسانێك تیفتیفەی خۆیانی پێ بکەن و ریکلامی سابون و شامپۆ لە کەناڵەکەیان بەڕێ بکەن و دواتر بە روخساری ئیماندارییەوە فریشتەئاسا و بە قەترەی چاو فرمێسك لە چاویان بهێننە درەوە. بە ناوی خوا و ئایینەوە سەدان هەزار دیناریان لە دەوڵەمەندەکان سەندووە، ماڵی وایش هەیە نانی ئێوارەی نییە.

دەبێت لە کوردستان موسڵمانان فێری ئادابی خێرکردن بکرێن و چاکەکانیان بە ستراتیژیی حزبی لە باخەڵیان دەرنەهێندرێت، ئەمە کاری دەزگای داهاتی زەکات وسەدەقاتە.

# دەستپێکی قۆناخێکی نوێ

## کاری پێکەوەیی و هەماهەنگی لەنێوان دەسەڵاتە جیاوازەکاندا






**«جیاوازیی نێوان سیاسەتمەدارو دەوڵەتمەدار ئەوەیە کە سیاسەتمەدار لەناو پرۆسەی سیاسیدا هەمیشە چاوی لەسەر سندوقەکانی هەڵبژاردنی داهاتووە و هەموو خەمی ئەوەیە کە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەنگی زیاتر بەدەست بهێنێت، بەڵام دەوڵەتمەدار لەناو پرۆسەی حوکمڕانیدا تەنیا چاوی لەوەیە کە داهاتوویەکی باشتر بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوو دابین بکات و، وەڵامی خواست و داواکارییەکانی گەلەکەی بداتەوە.»**

**ئۆستن رەنی لە کتێبی سیاسەتی حوکمڕانیدا**

دوای کاندیدکردنی لەلایەن سەرۆك بارزانی و متمانە وەرگرتنی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، نێچیرڤان ئیدریس بارزانی ئەرکێکی قورس لە قۆناخێکی نوێی پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستاندا پیادە دەکات. ئەوجا لەگەڵ ئەوەی پێشتریش نێچیرڤان بارزانی هەر هەڵبژاردەی سەرۆك بارزانی بووە بۆ ئەرکە قورسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کوردستان و کاری پێکەوەیی لە نێوان حزب و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکانی کوردستاندا، بەڵام ئەمجارەیان ئەرکەکەی لە جارانی پێشوو قورستر و جیاوازترە و سەرۆکایەتیی قۆناخێکی تازەی پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستاندا دەکات.

نێچیرڤان بارزانی ئەزموونی سەرۆك وەزیرانی چوار کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی هەیە، بەڵام ئەم شێوازی حوکمڕانیی ئەم چوار کابینەیە تەنیا شێوازێکی حوکمڕانی دەوڵەتمەدارێك پیشان نادەن، بەڵکو چوار شێوازی جیاوازن لە زنجیرەی چوار قۆناخی جیاواز و تایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا، هەربۆیە ئەگەر هەڵوەستەیەك لەسەر ئەم چوار قۆناخە بکەین، ئەوا لە هەر قۆناخێکدا هەست بە بوونی بیرکردنەوەیەکی نوێ بۆ شێوازی حوکمڕانی لە کوردستاندا دەکەین:

١. یەکەمین ئەزموونی نێچیرڤان بارزانی لە پۆستی سەرۆك وەزیراندا لە ساڵی ٢٠٠٠ و لە کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەست پێ دەکات. لەو قۆناخەدا کە ئەو بووە سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتێکی یەکگرتوو نەبوو، بەڵکو لە هەرێمی کوردستاندا دوو حکومەت هەبوو، کە بریتی بوون لە حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی هەولێر)، حکومەتی هەرێمی کوردستان

(ئیدارەی سلێمانی)، لەمەش خراپتر، حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی هەولێر) لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە چاودێری دەکرا، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان(ئیدارەی سلێمانی) لە دەرەوەی چاودێریی پەرلەمانی کوردستان بوو، لەم قۆناخە سەختەدا شێوازی دەوڵەتمەدار نێچیرڤان بارزانی، توانی ژینگەیەکی ئەوتۆ دروست بکات، کە متمانەیەکی گرنگ لە نێوان هەردوو ئیدارەی (هەولێر و سلێمانی) دروست بکاتەوەو هەردوو ئیدارەکەی خستەوە ژێر چەتری پەرلەمانی کوردستانەوە، بە مانایەکی دیکە لەگەڵ ئەوەی لەو قۆناخە هەستیار و سەختەدا بێ متمانەیی نێوان پارتی و یەکێتی ڕێگەی نەدەدا کە هەردوو ئیدارەکە بە ئاسانی یەك بگرنەوە، بەڵام شێوازی حوکمڕانیی نێچیرڤان بارزانی تا رادەیەکی زۆر ئەو بەستەڵەکی بێ متمانەییە تواندەوە و، نەخشەڕێگەی بۆ یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستکرد.

٢. لە ساڵی ٢٠٠٦ دوای ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی (هەولێر و سلێمانی) لە چوارچێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بە ڕەزامەندیی هەردوولا (پارتی و یەکێتی) نێچیرڤان بارزانی ڕاسپێردرا بۆ ئەوەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکبهێنێت، ئەم قۆناخە لەگەڵ ئەوەی قۆناخێکی گەشبین بوو لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا، بەڵام گەورەترین بەرپرسیاریەتی کەوتە سەرشانی نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەوەی بە کردەیی ئەم گەشبینییە بۆ خەڵکی کوردستان پراکتیزە بکات و لەبری ئەگەری دروستبوونەوەی شەڕی ناوخۆ، گیانی پێکەوە کارکردن لەنێوان پارتی و یەکێتی دروست بکاتەوە و، لەهەمانکاتدا توانای هەموو لایەك یەکبخات، بۆ ئەوەی پرۆسەی بونیادنانەوەی کوردستان و دەستپێکی پرۆسەی پەرەپێدان لە کوردستاندا بە شێوازێکی دیکە دەست پێ بکاتەوە. لەم قۆناخەدا کە نێچیرڤان بارزانی ناچار بوو کابینەکەی لە ٤٢ وەزیر پێکبهێنێت، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی بەپێی ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی دەبوو پۆستی سەرۆك وەزیران دوای دووساڵ لەنێوان پارتی و یەکێتی دەستاودەستی پێ بکرێت، بەڵام لەماوەی کەمتر لە دووساڵدا نێچیرڤان بارزانی بە شێوەیەکی ئەوتۆ گیانی پێکەوە کارکردن لەنێوان پارتی و یەکێتی دروست کردەوە، کە بووە هۆکاری ئەوەی هەرێمی کوردستان پێ بنێتە قۆناخێکی تازەی پەرەپێدان و خۆشگوزەرانی و هاوسەنگیی سیاسی لەنێوان پارتی و یەکێتیدا، جیا لەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆ پارتی و یەکێتی گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە گرنگە هەر چوار ساڵەکە نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیران بێت، بۆ ئەوەی ئەم تەبایی و پێکەوە کارکردنە باشتر لە پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستاندا رەگ دابکوتێت و ببێتە بناخەیەك بۆ داهاتووی حوکمڕانی لە کوردستاندا، لە هەمانکاتدا لەسەر ئاستی ناوەندە ئەکادیمی و فیکرییەکانی جیهانیشدا ئەم هەوڵەی نێچیرڤان بارزانی وەك شێوازێکی تازەی هونەری حوکمڕانی لە تەواوی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی و ئیسلامی لە قەڵەم درا، لەسەر ئەم بنەمایەش زانکۆی بەناوبانگی (واشنتۆن- جیفرسۆن) دکتۆرای شانازییان پێ بەخشی.

٣. لە ساڵی ٢٠٠٩ و لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، نێچیرڤان بارزانی یەکەمین سەرۆك وەزیرانی کوردستان بوو کە بە شێوەیەکی ئاشتییانە پرۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی لەگەڵ کاندیدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پیادە کرد، ئەم هەنگاوە پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستانی زیاتر خستە سەر راستەڕێی خۆی و متمانەی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا قووڵتر کردەوە.

٤. لە کابینەی حەوتەمی هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ ئەوەی جۆرێك لە ناسەقامگیریی سیاسی بەهۆی سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن و خۆپیشاندانەکانەوە دروست بوو، بەڵام جارێکی دیکە نێچیرڤان بارزانی توانی سەقامگیری سیاسیی لە ناو پرۆسەی سیاسی دروست بکاتەوە و بەستەڵەکی نێوان پارتی و یەکێتی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان بتوێنێتەوە و شێوازێك لە لێکتێگەیشتن لەنێوان هەموو لایەنە سیاسییەکان دروست بکاتەوە، ئەم زەمینە

**ئێستا کە نێچیرڤان بارزانی لەژێر چەتر و متمانەی سەرۆک بارزانی، پۆستی هەرێمی کوردستان وەردەگرێت، پشتگیری ئەو چیایەی لە پشتە کە شکۆ و پێگەی سەرۆک بارزانی-یە**

**گەورەترین بەرپرسیاریەتی کەوتە سەرشانی نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەوەی بە کردەیی ئەم گەشبینییە بۆ خەڵکی کوردستان پراکتیزە بکات و لەبری ئەگەری دروستبوونەوەی شەڕی ناوخۆ، گیانی پێکەوە کارکردن لەنێوان پارتی و یەکێتی دروست بکاتەوە**

**لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، نێچیرڤان بارزانی یەکەمین سەرۆک وەزیرانی کوردستان بوو کە بە شێوەیەکی ئاشتییانە پرۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی لەگەڵ کاندیدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پیادە کرد**

**لە کابینەی حەوتەمی هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ ئەوەی جۆرێک لە ناسەقامگیری سیاسی بەهۆی سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن و خۆپیشاندانەکانەوە دروست بوو، بەڵام جارێکی دیکە نێچیرڤان بارزانی توانی سەقامگیری سیاسیی لە ناو پرۆسەی سیاسی دروست بکاتەوە و بەستەڵەکی نێوان پارتی و یەکێتی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان بتوێنێتەوە و شێوازێک لە لێکتێگەیشتن لەنێوان هەموو لایەنە سیاسییەکان دروست بکاتەوە**

ڕەخساندنە دوای هەڵبژاردنەکانی ئەیلوولی ٢٠١٣ بووە نەخشەی ڕێگە بۆ ئەوەی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك کابینەیەکی بنکەفراوان پێکبهێنرێت و هەر پێنج لایەنە سەرەکییەکە (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو) بەشداری تێدا بکەن.

٥. کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی لەناو گێژاوی ئاشوب و شەڕی سەپاوی تیرۆریستانی داعش دەست بەکار بوو، دوای ئەوەش بە ماوەیەکی کورت تێرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەر هەرێمی کوردستان و تاوانی گەورەی ژینۆسایدیان دژی کوردانی ئێزیدی پیادەکرد، لەمەش زیاتر نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد و لەسەرووی هەمووشیانەوە حکومەتی بەغدا پشکی بودجەی هەرێمی کوردستان و مووچەی فەرمانبەرانی بڕی و هەروەها دابەزینی نرخی نەوت قەیرانی گەورەی بۆ حکومەت دروست کرد، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی سەرۆك بارزانی هەر لە سەرەتای شەڕی دژی داعشەوە کۆشکی سەرۆکایەتی بەجێهێشت و ڕوویکردە سەنگەرەکانی پێشمەرگە بۆ شەڕکردن دژی تیرۆریستانی داعش، بەڵام لەبەر ڕۆشنایی ڕێنماییەکانی سەرۆك بارزانی، نێچیرڤان بارزانی توانی لەیەك کاتدا ئیدارەی چەندین دۆسیەی زۆر ئاڵۆز و سەخت بە باشترین شێوە بدات، وەك ئیدارەی شەڕی دژی داعش کە بەرەی ئەم شەڕە زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر بوو، ئیدارەی دوو ملیۆن ئاوارە کە لە ناکاو ڕوویان کردبووە هەرێمی کوردستان، ئیدارەی ئەو قەیرانە ئابوورییە سەختەی بەهۆی بڕینی بودجە لە بەغدا و دابەزینی نرخی نەوت ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردبوو، لەم قۆناخە سەختەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان نەك هەر چۆکی دانەدا، بەڵکو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی مسعود بارزانی وەك پاڵەوانی شەڕی داعش دەرکەوتن، کێشەی ئاوارەکان تا ڕاددەیەکی زۆر چارەسەر کراو کەمپ و پێداویستیی سەرەکییان بۆ دابین کرا، کێشەی قەیرانی دارایی بە شێوەیەك ئیدارە درا کە لە ساڵی ٢٠١٧ پێش ڕوودانی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر گەیشتە ئەو ئاستەی کە کۆتایی بە قەیرانی ئابووریی کوردستان ڕابگەیەندرێت.

٦. دوای ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ تا ئایاری ٢٠١٩، ئەم ماوەیە قۆناخێکی جیاواز و تایبەتییە لە مێژووی حوکمڕانیی نێچیرڤان بارزانی-دا وەك دەوڵەتمەدارێکی سەرکەوتوو، لە دوای ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، کوردستان کەوتە قۆناخێك کە دەکرێت بڵێین: زۆر لە قۆناخی دوای ڕاپەڕین و کشانەوەی دامودەزگانی حکومەتی عێراق لە کوردستان قورستر بوو، کە ئەمەش دەڵێین، بەو مانایە: ڕاستە دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩١ حکومەتی عێراق دامودەزگاکانی لە هەرێمی کوردستان کێشاندەوە، ئێمە کەوتینە ناو بۆشاییەکی سیاسی و دەستووری، بەڵام ئەوکات جۆرێك لە یەکبوون و یەکڕیزی لەناو هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا بوونی هەبوو کە لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا بوون، لەسەر ئاستی دەوڵەتانی دراوسێ بەتایبەتی تورکیا و ئێران، سۆزێکیان بۆ ئەو بارودۆخە هەبوو کە بەسەر کوردستاندا هاتبوو، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی جیا لەوەی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەرچووبوو بۆ دروستکردنی نەوای ئارام لە کوردستان و ناوچەی دژەفڕین، لە هەمانکاتدا ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش ئامادەباشییان هەبوو هاوکاریی کوردستان بکەن، لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە لەناو خەڵکی کوردستاندا ورەیەکی سەرەتاسەری و پۆڵایین هەبوو بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناخە ، بەڵام لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ کوردستان کەوتە قۆناخێك کە نەك هەر هیچ لە خاڵە بەهێزەکانی ساڵی ١٩٩١ی نەبوو، بەڵکو لەسەر ئاستی ناوخۆ، ئاسمانی کوردستان داخرا، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، تێکڕای دەوڵەتان هاوسۆز بوون لەگەڵ حکومەتی بەغدا، لەسەر ئاستی ئیقلیمیش گەمارۆیەکی توندی ئاسمانی و ئابووریمان خرایەسەر، لەسەر ئاستی هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستانیش، هەموو هێزە سیاسییەکان لە حکومەت کشانەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستە و شانازییە بۆ شێوازی

دەوڵەتمەداریی نێچیرڤان بارزانی و مێژوو بە شانازییەوە وەك دەستکەوتی نەتەوەیەك تۆماری دەکات، ئەوەیە کە ئەو بارودۆخە ناهەموار و سەختە تەنیا پێنج شەش مانگ درێژەی کێشا و، جیا لەوەی توانی کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە لێواری هەڵدێر رزگار بکات، لە هەمانکاتدا گەمارۆی ئاسمانی و ئابووریی سەر کوردستانی شکاند و لە مانگی مارتی ٢٠١٨ کوردستان پێی نایە قۆناخێکی دیکە.

ئەم ئەزموون و باکگراوەندەی شێوازی حوکمڕانیی نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەم پۆستە تازەیەی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، گرنگ بوو، ئەم گرنگییە لە لۆژیك و ئەزموونی سەرۆك مسعود بارزانی-یەوە سەرچاوەی گرتووە، لەبەر ئەوەی سەرۆك مسعود بارزانی لەماوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستاندا چەندین جار داوای لە حزبە سیاسییەکانی کوردستان کرد کە بەشێوەیەکی ئاشتییانە خۆیان کەسێك بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستنیشان بکەن بۆ ئەوەی دەستاودەستی ئاشتییانەی لەگەڵدا بکات، بەڵام هیچ سەرکردەیەك و هیچ حزبێکی سیاسیی نەیتوانی شان بداتە بەر ئەم ئەرکە قورسە، بەڵام کاتێك لە کۆتایی ٢٠١٧ سەرۆك بارزانی چیدیکە رازی نەبوو ماوەی سەرۆکایەتییەکەی بۆ تازە بکرێتەوە و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی بەسەر دامەزراوەکانی (حکومەت و پەرلەمان و دادوەری) دابەشکرد، نێچیرڤان بارزانی توانی ئەوە بسەلمێنێت کە جێگەی متمانەی سەرۆك بارزانی-یە و لە ئاستی وەرگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییەیە.

### ● کاری پێکەوەیی و هاوسەنگیی نێوان دەسەڵاتەکان کاری لە پێشینەی سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستانە

نێچیرڤان بارزانی لەتەواوی ماوەی ژیانی سیاسیی خۆیدا ئامانجی کاری پێکەوەیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بووە، لەماوەی ئەو ساڵانەشی کە سەرۆك وەزیرانی چوار کابینە بووە ، دیسان ئامانجی ئەوەبوو کە تەواوی لەلایەنە سیاسیەکان پێکەوە شانبدەنە بەر پرۆسەی حوکمڕانی لەکوردستان و پێکەوە هاوسەنگی نێوان ئەو سێ دامەزراوەیە رابگرن کە بریتین لە(پەرلەمان و حکومەت و دەسەڵاتی دادوەری).

لە ئەزموونی حوکمڕانیی نێچیرڤان بارزانی-دا وەك سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی بەشێ هەرە زۆری هەوڵەکانی بۆ ئەوە بووە گیانی پێکەوە کارکردن بپارێزێت و قووڵتری بکاتەوە، بەڵام بارودۆخی سیاسی و بوونی ناسەقامگیری سیاسی نەیهێشت تاسەر ئەم ئامانجەی بۆ بێتەدی، لەسەر ئاستی دروستکردنی هەماهەنگی و هاوسەنگیش لەنێوان هەرسێ دەسەڵاتی (پەرلەمان و حکومەت و دادوەری)ش، بارودۆخە سیاسییەکە وایکرد کە نەتوانرێت لە چوارچێوەی بەرنامەیەکدا ئەو هەماهەنگی و هاوسەنگییە لەنێوان دەسەڵاتە جیاوازەکان دروست بکرێت. بەڵام شێوازی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان لەماوەی کۆتایی ٢٠١٧ تا هەڵبژاردنەکانی ئەیلولی ٢٠١٨، وەرچەرخانێکی ئەوتۆی لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا دروستکرد، کە دەتوانین بڵێین: هەم سەرەتای سەقامگیری لە ناو پرۆسەی سیاسی کوردستاندا دەرکەوتووە،، هەمیش بە هۆی ئەزموون و شێوازی دیپلۆماتیی نێچیرڤان بارزانی بناخەیەك بۆ کاری پێکەوەیی لەنێوان (پارتی و یەکێتی و گۆڕان) وەك سێ لایەنی بەشدار لە حکومەتدا دروست بوو، کە گەشبینی ئەوە دروست دەکات لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی هاوبەشدا ئەو هەماهەنگی و هاوسەنگییە لە نێوان هەر سێ دامەزراوەی (پەرلەمان و حکومەت و دادوەری) دروست بێت.

نێچیرڤان بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێمدا لەگەڵ ئەوەی کەسی یەکەمە لە لوتکەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستاندا، بەڵام بوونی مسرور بارزانی بە سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئەرك و سەرقاڵییەکی زۆری کێشەکانی حکومەتی لەکۆڵ دەکاتەوە، هەروەك چۆن ئەو کە خۆی سەرۆك وەزیران بوو، بەشێکی زۆری کێشەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی لە کۆڵ

**نێچیرڤان بارزانی لەتەواوی ماوەی ژیانی سیاسیی خۆیدا ئامانجی کاری پێکەوەیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بووە، لەماوەی ئەو ساڵانەشی کە سەرۆک وەزیرانی چوار کابینە بووە ، دیسان هەمان ئامانجی هەبووە**

**نێچیرڤان بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێمدا لەگەڵ ئەوەی کەسی یەکەمە لە لوتکەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستاندا، بەڵام بوونی مسرور بارزانی بە سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئەرک و سەرقاڵییەکی زۆری کێشەکانی حکومەتی لەکۆڵ دەکاتەوە**

سەرۆك بارزانی کردبووەوە، هەروەها لەلایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی ئێستا سەرۆك بارزانی لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا سەنگ و پێگەی بەو ئاستەیە کە ناحەزەکانی بەخیلی پێ دەبەن، ئەوا لە پرسی ئیدارەدانی سەختترین کێشەدا کە کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدایە، نێچیرڤان بارزانی رووبەڕووی ئاستەنگی زۆر سەخت نابێتەوە و لۆژیکی سەرۆك بارزانی ئەم کارەی بۆ ئاسان کردووە، ئەم دوو فاکتەرە گرنگە، بوارێکی فراوان و گەورە لەبەردەم سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان دەکاتەوە کە هەڵوەستەی جددی لەسەر ئەو دوو پرسە گرنگە بکات کە بریتین لە کاری پێکەوەیی و هاوسەنگیی نێوان دامەزراوەکانی دەسەڵات لە کوردستاندا.

سەبارەت بە خاڵی یەکەمیان کە کاری پێکەوەیی و دروستکردنی تەباییە لەناو هێزە بەشدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، پێش دەست بەکاربوونی وەك سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان، ئەو ئامانجە وەك ئامانجی یەکەم لە ئاراستەی سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی بۆ هەرێمی کوردستان دەرکەوتووە، بەتایبەتی کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان داوای کرد، جێگرێك بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان زیاد بکرێت، بێگومان نێچیرڤان بارزانی نەك هەر ئەم داوایەی یەکێتی رەتنەکردەوە، بەڵکو بەوەش رازی بوو کە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیشدا بنووسرێت، ئەوجا ئەوانەی ئەزموونیان لەگەڵ شێوازی حوکمڕانیی نێچیرڤان بارزانی هەیە، پێشبینی ئەوە دەکەن ئەگەر پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان و ئەو حزبە سیاسییانەی کە بەشدارییان لە حکومەتدا کردووە، نەبنە یاریدەدەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەوا لیژنەیەکی راوێژکاریی ئەوتۆ دادەمەزرێنێت کە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان و حزبە سیاسییەکان کۆبکاتەوە، بۆ ئەوەی هەست بکەن کە لە شێوازی بەڕێوەبردنی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستاندا بەشدارن.

لەماوەی رابردوو و لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان، لەسەر ئاستی سیاسەتمەدار و ئەکادیمی و رۆشنبیران، پێشبینی و مەزندەی زۆر بۆ شێوازی سەرۆکایەتیکردنی کراوە و بۆچوونی جیاوازی لەسەر گوتراوە، بەڵام خاڵی هاوبەشی نێوان تێکڕای بۆچوونە جیاوازەکان ئەوەیە کە کەسایەتیی نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەو پۆستە هەستیار و گرنگە گونجاوە و ئومێدی سەرکەوتنی لێدەکرێت، بەڵام لەناو ئەو بۆچوونە جیاوازانەشدا و هەر یەکەیان بەجۆرێك ئەو پرسیارە بەراوردکارییە دەورووژێنن: ئایا نێچیرڤان بارزانی دەتوانێت بە هاوشێوەی سەرۆك بارزانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بکات؟ یان پرسیارەکە بە شێوەیەکی دیکە دەکرێت، ئایا قۆناخی سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی لە قۆناخی سەرۆکایەتیی سەرۆك بارزانی جیاواز دەبێت؟ بۆ ئەوەی وەڵامێکی پوخت و دروست بۆ ئەم پرسیارانە وەربگرینەوە، باشترە بگەڕێینەوە بۆ ئەو وتەیەی سەرۆك بارزانی لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان کە بە بۆنەی دەستنیشانکردنی نێچیرڤان بارزانی وەك جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشکەشی ئەندامانی کۆنگرە و تەواوی خەڵکی کوردستانی کرد و شایستەیی نێچیرڤانی بۆ ئەو پۆستەی بە تەواوەتی شیکردەوە، لەمەش زیاتر نێچیرڤان بارزانی سەبارەت بەشێوازی کارکردنی لەناو حکومەت و حزب گوتوویەتی: ئێمە هەموومان لەبەر رۆشنایی و لەناو ئەو بازنەیەدا کاردەکەین کە جەنابی سەرۆك بارزانی بۆمان دیاری دەکات، بەڵام لەوانەیە هەر یەکەمان بەشێوازی خۆی رێنمایی و راسپاردەکانی سەرۆك بارزانی جێبەجێ بکات.

لەم راستەوە ئەگەر بگەڕێینەوەو لە میانەی هەر دوو تێڕوانینی سەرۆك بارزانی و نێچیرڤان بارزانی-یەوە وەڵامی ئەو پرسیارە بەراوردکارییانە بدەینەوە کە بەشێك لە سیاسەتمەدار و ئەکادیمی و رۆشنبیران سەبارەت بە سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی بۆ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەیورووژێنن، دەکرێت بڵێین: بەڵێ، شێوازی سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی لە شێوازی

**نێچیرڤان بارزانی سەبارەت بەشێوازی کارکردنی لەناو حکومەت و حزب گوتوویەتی: ئێمە هەموومان لەبەر رۆشنایی و لەناو ئەو بازنەیەدا کاردەکەین کە جەنابی سەرۆک بارزانی بۆمان دیاری دەکات، بەڵام لەوانەیە هەر یەکەمان بەشێوازی خۆی رێنمایی و راسپاردەکانی سەرۆک بارزانی جێبەجێ بکات**

**خاڵی هاوبەشی نێوان تێکڕای بۆچوونە جیاوازەکان ئەوەیە کە کەسایەتیی نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەو پۆستە هەستیار و گرنگە گونجاوە و ئومێدی سەرکەوتنی لێدەکرێت**



سەرۆکایەتی سەرۆك بارزانی جیا دەبێت، ئەم جیاوازیەش ئەو جیاوازییەیە کە سەرۆك بارزانی خۆی مەبەستێتی و دەزانێت نێچیرڤان بارزانی دروستی دەکات، بە دیویکی دیکەدا، سەرۆك بارزانی کاتێك سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو، ئەو بەرنامەیەی جێبەجێ دەکرد کە خۆی بیری لێ دەکردەوە و بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دایدەڕشت، بەڵام لەم قۆناخەدا دیسان نێچیرڤان بارزانی لەسەر هەمان ئەو بەرنامەیە سەرۆکایەتی دەکات کە سەرۆك بارزانی نەخشەی بۆ کێشاوە، بەڵام لەشێوازی جێبەجێکردنیدا جیاوازی دەبێت.

لایەنێکی دیکە کە دیسان لەو پرسیارە بەراوردکارییانەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەسەر ئەم پرسە دەیورووژێنن، ئەوەیە: ئایا ئەوەی لە سەرۆك بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی و ناوخۆ و عێراق و دەوروبەر قبوول دەکرا، بەهەمان شێوە لە نێچیرڤان بارزانی قبوول دەکرێت؟ دیارە وەڵامی ماوەی ئەو دووساڵە دەیداتەوە کە سەرۆك بارزانی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی بەجێهێشتووە، دۆست و دوژمنیش ئەو شاهیدییە دەدەن کە شکۆ و پێگەی ئێستای سەرۆك بارزانی تەنیا وەك (مسعود بارزانی) زۆر لەو کاتەدا بەرزتر و کاریگەرترە کە لە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا بوو، هەربۆیە ئێستا کە نێچیرڤان بارزانی لەژێر چەتر و متمانەی سەرۆك بارزانی، پۆستی هەرێمی کوردستان وەردەگرێت، پشتگیری ئەو چیایەی لە پشتە کە شکۆ و پێگەی سەرۆك بارزانی-یە.

ئەم خوێندنەوە شیکارییە، تەنیا خوێندنەوەیەکی گەشبینانە نییە بۆ ماوەی سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا، بەڵکو خوێندنەوەیەکی واقیعییانەیە بۆ لۆژیك و متمانەی سەرۆك بارزانی و ئاستی تێگەیشتن و پابەندبوونی نێچیرڤان بارزانی بە راسپاردە و رێنماییەکانی سەرۆك بارزانی، ئەمەش سەرەتایەکی گەشبینییە کە نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە ئاستێك سەرکەوتوو دەبێت کە پشتیوان بەخوا کوردستان دەباتە قۆناخێکی نوێ.

# بزووتنەوەی بارزان و ڕیشەی مێژوویی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان

## لە مەزدەکی بامدادانەوە تا مەولانا خالیدی شارەزوری نەقشبەندی

(١–٣)



سەرۆ قادر
sero.qadir@irdk.org

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی



**● دەسپێکی نیازەکەم**

ئەگەر لەخۆمان بپرسین سەرچاوەکانی بیروباوەڕی بزووتنەوەی بارزان لە کوێوە دێت، کە دواتر بوو بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسی چاکساز لەکوردستان، پێویستە توانایی خوێندنەوەی مێژوومان هەبێت ئەویش لە دید و سەرزەمینی خۆمانەوە بێت. گرنگیی بیروباوەڕی بارزان کە لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی چاکسازیی لە ماوەی ١٤٠ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام کاری کردووە، وە جێپێی لە ئیسڵاحکردنی بیروباوەڕەکانی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە دیارە، بانگێکی بەهێزە و وزەیەکی ئینسانیی گەورەی لەپشتە، بۆ مێژووی وڵاتی ئێمە جێی شانازییە . دوایی لە کۆتایی سییەکان سەدەی بیستەمەوە بیروباوەڕەکانی ئەو بزووتنەوەیە لە ڕێگەی مستەفا بارزانییەوە گواسترایەوە و پردی بۆ هەڵبەسترا بۆ ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و بۆ ناو بیری سیاسی لە کوردستان. لە هەرێمی کوردستاندا، لە سی ساڵی بەڕێوەبردنی خۆماندا، سەرباری هەموو کەموکوڕییەکانی کە هەمانە، گشت ئەو یاسایانەی لە خزمەتی پێشکەوتن و ئینسانییەتدانە، ڕاستەوخۆ و کەمێکیش ناڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە فیکری ئیسلاحیی بزووتنەوەی بارزانەوە هەیە، کە دواتر باسی دەکەم.

**● باوەڕەکانی بزووتنەوەی عیرفانی بارزان**

لە بزووتنەوەی بارزاندا، لەسەر بنەمای ڕۆشنگەری، پێنج شێخی گوندی بارزان لەسەر ئەو بنەمایە کاری ئیرشادیان کردوە کە بنەماکانی ئینسانین و بیروباوەڕەکە بریتی بووە لە: ڕێزگرتنی مرۆڤ، باوەڕهەبوون بە فەردانییەتی ئینسان وەك خۆی، ڕێزگرتنی ئازادی و ڕزگاریی ئینسان لە دەست کۆیلایەتی و چەوساندنەوەی زۆرداران، ڕێزگرتنی فرەچەشنی ئاینی و نەتەوەیی، بەرابەریی نێوان ژن و پیاو، کە کێشەیەکی گەورەی جیهان و کۆمەڵگەی ئیسلام بووە. بنەمایەکی دیکەی بزووتنەوەی بارزان یەکسانی بووە لە ژیانی ماددی و هاندان بۆ بەرهەمهێنانی ئابووری لەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەی لێی دەژیان سیستەمێکی شیاوی وەرگرتبوو و دەبوا هەموو مرۆڤەکان بەهرەمەند بن لە ژیانی ماددی. پەروەردە لە باوەڕی بارزاندا گرنگییەکی زۆری هەبووە، کە ئەم بیروباوەڕانە بە پەروەردە بگوازرێنەوە دەنا بە ئاسانی جێگیرنابن، پاراستنی ژینگە بە هەموو پێکهاتەکانییەوە لە درەختەوە تا دەگاتە گیانداران، یەکێك لە باوەڕە پیرۆزەکانی بارزانە. بێلایەن نەبوون و هەڵویست هەبوون لە بەرامبەر کێشەکانی مرۆڤ مەبدەئێکی دیکەی بزووتنەوەی بارزانە، ئەوەش وایکرد ئەو بزووتنەوەیە لە دەرەوەی چوارچێوەی تەکییەیەکدا ببێتە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی فراوان. ئەگەر ئەو بزووتنەوەیە لە سەدەی نۆزدەیەم هەبوایە سروشتی فیکری کۆمەڵایەتی و ئاینیی کۆمەڵگای کوردستانی دەگۆڕی بۆ کۆمەڵگەیەکی بێ کێشە. ئەو مەبدەئانە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بووە جاڕنامەی گەردوونی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ. تایبەتمەندییەکی گرنگ لە عەقیدەی بارزاندا هەیە، ئەویش شتێك نییە بە ناوی چیرۆك و ئەفسانەی خورافی، جەخت لەسەر ژیانی ڕۆژانە و چارەسەرکردنی کێشەکان دەکرێ تا مرۆڤ متمانەی بە زانایی و توانایی خۆی هەبێت و بتوانێت کێشەکانی بەردەمی چارەسەر بکات و ژیان ئاسان بکات، لە کۆتاییشدا سەرکەوتن بە نسیبی مرۆڤ ببێت. لەم ڕۆژگارەی خۆماندا کە تەیار و چەکدارین بە لێکۆڵینەوەی زانستی، دەرکەوتووە ژیان بریتییە لە ڕەنج و ئازار و ماندووبوون، سرووشتی ژیان ئەوەیە، کاتێك تامی دەبێت کە زانیاری و ڕاهێنان هەبێت و بەسەر کێشەکانیدا سەربکەوێ و بتوانێ خۆشتری بکات، ئەو کاتەیە دەتوانی بگونجێی لەگەڵ ژیانی واقیعیدا. ئەوەی تێدانەبێت ژیان جگە لە ئازار هیچی دیکە نابێ. فەلسەفەی بزووتنەوەی بارزان لە سەد و چل ساڵ تا ئێستا ئەمە بووە. واتا یارمەتیدانی مرۆڤ بە بیروباوەڕی ئیسڵاحکراوی کردەیی کە ژیانی بۆ ئاسان دەکات و هێزی پێدەدات چارەسەری بۆ ژیان پێبێت و ئەسیری هیچ پوچباوەڕییەك نەبێت. ئەمە لە مێژووی میللەتی ئێمەدا کەلەپوورێکی گەورەیە و دەبێت هەوڵبدەین وەك خۆی بناسرێت، شانازی پێوەبکەین و لە چوارچێوەی ناوچەیەك دەربچێت و ببێتە زانیاری لای نەوەی نوێ بە هەموو

**لە سی ساڵی بەڕێوەبردنی خۆماندا، سەرباری هەموو کەموکوڕییەکانی کە هەمانە، گشت ئەو یاسایانەی لە خزمەتی پێشکەوتن و ئینسانییەتدانە، ڕاستەوخۆ و کەمێکیش ناڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە فیکری ئیسلاحیی بزووتنەوەی بارزانەوە هەیە.**

**بێلایەن نەبوون و هەڵویست هەبوون لە بەرامبەر کێشەکانی مرۆڤ مەبدەئێکی دیکەی بزووتنەوەی بارزانە، ئەوەش وایکرد ئەو بزووتنەوەیە لە دەرەوەی چوارچێوەی تەکییەیەکدا ببێتە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی فراوان. ئەگەر ئەو بزووتنەوەیە لە سەدەی نۆزدەیەم هەبوایە سروشتی فیکری کۆمەڵایەتی و ئاینیی کۆمەڵگای کوردستانی دەگۆڕی بۆ کۆمەڵگەیەکی بێ کێشە.**

پێکهاتەکانییەوە. دواجار لە ڕێگەی زانکۆکان، ڕۆشنگەر و نووسەرە دەستڕۆیشتووەکان دنیاش باشتر بیناسێت. وەکو ئەزموونێکی مرۆیی کە مێژوویەکی سەدو چل ساڵەی هەیە.

پرسیاری سەرەکی من لێرەدا کە ئاراستەی دەکەم و وەڵامیشی دەدەمەوە ئەوەیە: ئەو بزووتنەوەیە چۆن درووستبوو؟ لەکوێوە هات؟ ئەم بیروباوەڕانە چۆن لەم چیاو دۆڵانەی بارزان کە ئەوکات خوێندەواری نەبوو، دروستبوون؟ بۆ دروستبوون؟

ئەوەی کە گومانی تێدانیە، نە بارزانییەکان (کە مەبەستم شێخەکانی بارزانە)، نە پەیڕەوەکانیشیان، لەوبارەیەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان ناڵێن ئەو باوەڕە لە ئاسمانەوە دابەزیوە، ئەوان قەت ئەو قسەیە ناکەن، دەڵێن: پێویستیی ژیان ئەم بیروباوەڕەی لەم ناوچەیەدا پەرەپێدا. ئەوەی من دەیڵێم پشتبەستووە بە لێکۆڵینەوەی مێژوویی ڕاستەقینەوە، بانگەشەی ئەوە ناکەم توێژینەوەی ورد لەوبارەیەوە کرابێت و وردەکاریی زۆر لەوبارەیەوە هەبن. چونکە بەڵگەنامە نەماون، بارزان لە ١٨٩٠وە لەژێر هێرشی یەك لەدوای یەکی عەشیرەتەکان و دەوڵەتی عوسمانی و تەکییەکانی دەوروبەردا بووە، ئەو فەرمانەی بەسەر ئێزدییەکاندا هاتووە، بەسەر بارزانییەکانیشدا هاتووە. بۆیە دەبینین بەڵگەنامەی نووسراو زۆر کەمە، هەتا گێڕانەوەی ئەو زانیارییانە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە، هەندێ گرفتی تێکەوتووە، چونکە کوژران و دەربەدەربوون وایکردووە ژیانی ڕۆژانەی بارزان بپچڕێت.

## ● هەڵکۆڵینی مێژوو بۆ پێکەوە بەستنەوەی ڕاستییەکان

### زەردەشت

### مەزدەک

جا بۆ تێگەیشتن پێویستە بگەڕێمەوە بۆ مێژوو، تا دەربکەوێ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان چۆن لە دوای هاتنی دینی ئیسلام زیاتر بوون و مۆرکی نوێیان وەرگرت. ئەوە و جیا لە پاراستنی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی پێش ئیسلام.

لە سەدەی سێیەمی زاینیدا، ئیمپراتۆری ساسانی لە تەنگوچەڵەمەیەکی قوڵدا دەژیا، سەرزەمینی ساسانی لە پاڵ فارس و ئازەر و تاجیك و بەلوچ و ئوزبەك و ئەفغانی مێژووی ئێمەشە وێڕای کۆمەڵێك نەتەوەی دیکەی ناوچەکەمان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی دیکەی دەوروبەریش هەبووە کە هەمان ئەو نەتەوانەی ناومان هێنان تێدا ژیاوە. ئاینی زەردەشت ئاینی سەرەکیی ئیمپراتۆری ساسانی بووە، کۆمەڵگەی ساسانی ڕۆچووبووە ناو قۆناغێکی گەندەڵەوە، کە مەترسیدار بوو، لە ئیمپراتۆرەوە تاکو دەگاتە فەرماندە سەربازییەکان، هەموویان لە سیستەمێکی سەرەوە بۆ خوارەوە یەکیانگرتبوو کە ڕێگەی لە ژیان دەگرت. زەویان لە خەڵك دەستاند وماڵیان لێ داگیردەکردن، ژنەکانیشیان لێ داگیردەکردن، بەو پێیە ژیان لە وەستان نزیك ببۆوە. هەموو فەرماندەکان، لە ناوچەکانەوە تا دەگاتە ئیمپراتۆر حەرەمسەرای خۆیان هەبوو و ژنانی ناوچەکەیان بەپێی حەزی خۆیان کۆدەکردەوە. هەموو ئەسپ و وڵاخ و زەوییەکانیان داگیردەکرد و خەڵکیان ناچاردەکرد بە بێگاری ئیش لەو زەویانەدا بکەن. یەکێك لە کۆڵەکەکانی قەیران لە ئیمپراتۆری ساسانی، ئاینی زەردەشت بوو. ئاینی زەردەشت ئاینی سەرەکی و هەمەگیری ناوچە بوو. ئەو ئاینە لەسەر بنەمای چارەسەری کێشەکانی ژیان بنیادنراوە. تەنانەت لە ئەفسانەکانیشیدا جیاوازە لە سێ ئاینە ئیبراهیمییەکەی میزۆپۆتامیا (وادی الرافدین) کە دینەکانی یەهودی و مەسیحی و ئیسلام دەگرێتەوە. لێرەدا کات زۆر ناگرم تەنیا بۆ ئاماژەدان بە سەرچاوەی بیروباوەڕەکان من هەندێ قسە دەکەم.

لە ئاینی زەردەشتدا خوداکان خودای خێر و شەڕن، کە ململانێ لەسەر چارەسەری کێشەی مرۆڤەوە دەستپێدەکات، ئاهورامەزدا دێتە پێشەوە، ئەو لەو خودایە نییە کە لە ئاینەکانی ئیبراهیمیدا هەیە: نە مرۆڤی درووستکردووە، نە جەبارە، نە قەهارە، نە جەهەندەمی هەیە، نە وێرانت دەکا، بەڵکو هەموو هەوڵی ئەوەیە کە ڕێنوێنی مرۆڤ بکات خۆی لە خراپە و نەزانی و ستەم بپارێزێت و ڕێگەی ژیانی ئارام بگرێتەبەر. ئەمە چیرۆك و ئەفسانەی زۆری تێدان. لە بەرامبەر ئەودا ئەهریمەن هەیە، ئەو خودا شەڕەنگێزەی کە بەردەوام ژیانی ئاسان لە مرۆڤ تێکدەدات. ئەگەر شیکردنەوەیەك

**ئەوەی کە گومانی تێدانیە، نە بارزانییەکان (کە مەبەستم شێخەکانی بارزانە)، نە پەیڕەوەکانیشیان، لەوبارەیەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان ناڵێن ئەو باوەڕە لە ئاسمانەوە دابەزیوە، ئەوان قەت ئەو قسەیە ناکەن، دەڵێن: پێویستیی ژیان ئەم بیروباوەڕەی لەم ناوچەیەدا پەرەپێدا.**

**ئاینی زەردەشت ئاینی سەرەکیی ئیمپراتۆری ساسانی بووە، کۆمەڵگەی ساسانی ڕۆچووبووە ناو قۆناغێکی گەندەڵەوە، کە مەترسیدار بوو، لە ئیمپراتۆرەوە تاکو دەگاتە فەرماندە سەربازییەکان، هەموویان لە سیستەمێکی سەرەوە بۆ خوارەوە یەکیانگرتبوو کە ڕێگەی لە ژیان دەگرت.**

**کۆمەڵگا لۆکاڵییەکان بە فراوانی لەسەر باوەڕی مەزدەکی و زەردەشتی و ئاینەکانی دیکە مابوونەوە. بەڵام هیچ بواری خۆدەرخستنی وەک جارانی نەمابوو. بۆیە قۆناغێکی نوێ دەستپێیکرد، ئەوانەی مەزدەکی بوون چاکسازییەکە لایان ئامانج بوو، نەک خۆدەرخستنێک کە تێیدا دەریخەن کێن و چین.**

بۆ ئەم ئەفسانە خودایانە بکەین، ئەوەی کە ئاهورامەزدا دەیکات یارمەتیی هەوڵ و تەقەللای مرۆڤ دەدات تا هاوکاری و هۆشیاری و زانیاری و کارامەیی خۆی زیاد بکات، هاوکاری لە نێوانیان زۆرتر بێت تا بەسەر کێشەکانی ژیاندا سەربکەون. ئەهریمەن بریتییە لەو هێزی تاریکییەی جەهل کە ئاراستەی بەرەو ئاژەڵان و دڕندەییبوونە لە ناو کۆمەڵی سەرەتایی مرۆڤی ئەوکاتدا، ڕەمەکێکی (غەریزە) کوێرە هەموو هەوڵێکی بۆ تێکدانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤە. لەمە زیاتر نیە. ئاینی زەردەشت لەو پەیامە لایدا، مەوبەدەکان کە پیاوانی ئاینی زەردەشتی بوون، خۆیان گونجاند لەگەڵ کاربەدەستانی ئیمپراتۆری ساسانی، بوونە پاساودەری ئەو گەندەڵییەی لە کۆمەڵگەی ساسانیدا هەبوو. لە ڕووی عەقیدەیی و پەروەردەییەوە قوفڵ کرا، ژیان لە کۆتایی نزیك دەکەوتەوە، لە کاتێکدا بنەماکانی ئاینی زەردەشتی بواری تەفسیری بەرەوپێشەوەی لە بەرژەوەندیی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆیی تێدایە.

جموجۆڵ بۆ چاککردن لە زیادبووندا بوو. یەکێك لەوانە بە سەرکردایەتیی گەنجێکی زانا و جددی و کارێزمادار بوو بە ناوی "مەزدەکی بامدادان" کە لەدایکبووی نەیشاپور یان پەسایە کە ناوچەیەکی نزیکە لە باشووری ئێستای ئێران و عێراق. باوکی زۆر ئاگای لە ئاینی زەردەشتی و زەروانی و فەلسەفەی یۆنانی بووە. کوڕی خۆی باش پێگەیاندبوو، هەروەها مامۆستایەکی زانای هەبووە بەناوی "زەرتوشتی خورگان" کە شارەزاییەکی شایانی لە فەلسەفەی یۆنانی هەبووە و لە بیزانس ژیاوە و شارەزاییەکی زۆری لەسەر فەلسەفەی ئەفلاتون بەتایبەتی کتێبی کۆمار هەبووە. مەزدەك دروشمی چاککردنی کۆمەڵگەی ساسانی و ئاینی زەردەشتی هەڵگرت، هەندێك بنەمای بۆ دانا لەوانە : نابێت ستەم هەبێت، مرۆڤ بەرابەرە، زەوی بۆ هەمووانە،ژن دەبێ ئازاد بکرێ، مەبەستی ئەوە بوو حەرەمسەراکان کۆتاییان پێبێت کە لە وردەکاریدا مەبەستی بوو هەرکەسە و ژنێکی هەبێت، هەربۆیەش لە عەقیدەی مەزدەکیدا، دووژنی قەدەغەیە. کەڵکی لە ئاینی مانی وەرگرتبوو و لەگەڵ زەرتوشتییەت تێکەڵی کردبوو. ئەگەر بەپێی زەمانی خۆی و کۆمەڵگای سەرەتایی ئەوکات تەفسیری بکەین، بەو نیازە بوو هاوکاری بێتە بنەمای ژیان و جۆرێك لە ئیشتراکییەتی سەرەتایی بنیادبنرێت. لەسەر بنەمای بەرابەری ژن دەبێ ئازاد بن، واتە هەر ژنێك دەتوانێت پیاوێکی هەبێت و پیاویش دەبێ یەك ژنی هەبێت. ژن لە هەموو مافەکاندا لەگەڵ پیاو بەرابەرە. هەروەها پاراستنی ژینگە وگیانداران باوەڕێکی دیکەی مەزدەک بوو. کوشتنی گیاندارانی قەدەغە کردبوو و گۆشتی نەدەخوارد. ئەو باوەڕەی بۆ پەیڕەوەکانیشی دانابوو. ئەوە بنەماکانی بیروباوەڕی مەزدەکە، کە پەرەیسەند و لایەنگری زۆر بوون. ئەوە لە بیروباوەڕی زەردەشتدا بووە عەقیدە، بەڵام نەک عەقیدەی درووستکردنی ئاینێکی دیکە، عەقیدەی چاکسازی کە بە تام و قوەتی ئاینێك بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دروستدەکات، ڕابردووی خۆی دەپارێزێت، چاکی دەکاتەوە و دەرگای بەرەو پێشەوەی بۆ دەکاتەوە،هەڵبەت بەپێی زانین و توانای زانیاریی ئەوکاتی مرۆڤ. چیرۆکی مەزدەك زۆرە، بیروباوەڕەکانی خۆی لە کتێبێکدا نووسییەوە و پێشکەشی قوباد ئیمپراتۆری ساسانی کرد، وەك میتۆدێك بۆ چاکسازییەکانی قوباد. لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لە سەردار و فەرماندە و بنەماڵە و مەوبدەکانی زەردەشتی، بەرژەوەندییەکانیان کەوتە مەترسی، خوسرۆ ئەنۆشیروانی پادشایان تێگەیاند کە مەزدەك هەڵگەڕاوەتەوە و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی تێکدەدا. پیلانیان لەسەرکرد و لە بەندیخانەدا کوژرا. بەڵام بیروباوەڕی مەزدەك مایەوە. دوای مەزدەك، خوڕەمی خێزانی مەزدەك نەیشاپوری بەجێهێشت، هاتە ناوچەی (ڕەی ) کە ئێستا گەڕەکێکە لە تاران، لەوێ بەردەوام بوو لە سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەی مەزدەکی. بزووتنەوەی مەزدەك دەستیپێکردبوو، مەزدەك یەکێك لە ئامۆژگارییەکانی بریتی بوو لە : ‹‹خەشن و توند نەبن و نەکوژن، بەرگری بکەن، بەڵام دەستتان قورس نەبێت››. هەڵبەت کاتێك بزووتنەوەکە سەرانسەری ئیمپراتۆری ساسانی گرتەوە، لە هەندێ شوێن خەڵکی عەوام، تەفسیریان ئەوە بوو پەلاماردەن و ماڵی سەرکردەکان دەستبەسەردا بگرن و ژن ئازاد

**مەزدەک دروشمی چاککردنی کۆمەڵگەی ساسانی و ئاینی زەردەشتی هەڵگرت، هەندێک بنەمای بۆ دانا لەوانە : نابێت ستەم هەبێت، مرۆڤ بەرابەرە، زەوی بۆ هەموانە،ژن دەبێ ئازاد بکرێ، مەبەستی ئەوە بوو حەرەمسەراکان کۆتاییان پێبێت کە لە وردەکاریدا مەبەستی بوو هەرکەسە و ژنێکی هەبێت.**

بکەن و هەندێك جاریش خەشن دەبوون بەرانبەر سەرکردە و دەسەڵاتدارەکان. بەڵام جەوهەری بیروباوەڕەکانی مەزدەك ئیسڵاحاتی هێمانە بوو. دوایی ئەم بزووتنەوەیە ئەفسانەیەکی بۆ مەزدەك و بیروباوەڕەکانی دروستکرد، بە خێرایی لە ئیمپراتۆری ساسانی بڵاوبۆوە. لەگەڵ ئەوەدا، فاتیحانی ئاینی ئیسلام ئیمپراتۆری ساسانیان داگیرکرد هەموو بوارەکانی ژیانیان تەفروتونا کرد، نە کتێب ما، نە ڕۆشنگەری ما، نە مەوبەد ماو ماوەی سەد و پەنجا ساڵ پاشماوەی ئیمپراتۆری ساسانی تەنیا لە خوێن و لە وێرانیدا، وەك شنگاڵی ئەم زەمانەی خۆمان، لە تێکشکانێکی قورسدا دەژیان و سەرچاوەکانی بیروباوەڕیان وێرانکران. سەرباری ئەوە پەیڕەوانی ئاینی زەردەشت کەوتنە جموجۆڵ تا ئەوەی ماوە کۆیبکەنەوە، بەڵام زۆر بە لاوازی چونکە لە ناو پەیڕەوانی ئاینەکەدا پێش ئیسلام هیچ پێشنیاری بۆ چاکسازی پێنەبوو. ئەوەی زۆر بە خێرایی بڵاوبۆوە، بیروباوەڕی ئیسلاحیانەی مەزدەك بوو لەناو ئاینی زەردەشتدا.



### ● دوای بڵاوبوونەوەی ئیسلام، تێکۆشان بەردەوام بوو

یەکەمین بزووتنەوە کە سەد و پەنجا ساڵ دوای هاتنی ئیسلام دروستبوو، بزووتنەوەی (ئەبوموسلیمی خوراسان)یە کە ناوی خۆی (بەهزادانی پور ڤونداد‌ی هورموز) و لە بنەماڵەیەکی مەزدەکییە. قۆناغەکە لە گۆڕاندا بوو، تا ساڵی ١٦٠٠ ی زایینییش، خەڵکی ئیمپراتۆری ساسانی کۆن بە پێکهاتەکانییەوە نەبووبوونە مسوڵمان، چونکە قودرەتی جڵەوکردن بەو شێوەیە نەبوو بتوانن یەك یەك خەڵك بپشکنن. وەك ئەوەی داعش دەیکرد کە کێ مسوڵمانە و کێ هەو نییە. بۆیە کۆمەڵگا لۆکاڵییەکان بە فراوانی لەسەر باوەڕی مەزدەکی و زەردەشتی و ئاینەکانی دیکە مابوونەوە. بەڵام هیچ بواری خۆدەرخستنی وەك جارانی نەمابوو. بۆیە قۆناغێکی نوێ دەستپێکرد، ئەوانەی مەزدەکی بوون چاکسازییەکە لایان ئامانج بوو، نەك خۆدەرخستنێك کە تێیدا دەریخەن کێن و چین، بۆیە لە ڕووکەشدا ئیسلامیان وەرگرتبوو، لایەنەکانی ئاینی ئیسلام کە دەگونجا لەگەڵ مەزدەکییەت، کێشەیان لەگەڵیدا نەبوو، بەڵام

**فاتیحانی ئاینی ئیسلام غەدرێکی زۆریان لە کۆمەڵگاکانی ساسانی کرد، عەرەب وەکو پێکهاتەی زاڵ کە دیارە سەید بوون، هەموو میللەتانی ساسانی دەبوایە شوێنکەوتەیان بن(موالی بن)، واتە ئەوەی لە کاتی تەنگوچەڵەمەی ساسانیدا هەبوو بە خراپترەوە لە سەد-دووسەد ساڵەی حوکمی ئیسلامیدا بەردەوام بوو.**

**کە دەگوترێ ئاینی ئیسلام لە ئێران لە ئیسلامی بەدەوی جیاکرایەوە، مەبەست ئەمەیە. ڕەگەزی چاکسازی کرایە تەواوکاری ئاینی ئیسلام بە وردەکاری زیاد و کەم لە ناو بزووتنەوەکەدا، هەربۆیەش بەخێرایی تەکفیرکرا. بۆیە پیاوانی ئاینیی دەستڕۆیشتووی عەرەب هەرچی لەسەر زەمینی ساسانی کۆندا هەبوو، بە عەجەمی و ڕەدە و خارج لە ئاینی ئیسلامیان لەقەڵەم دەدا.**

لەسەر باوەڕەکانی دیکەیان لە تێکۆشاندابوون و وەکخۆیان مابوونەوە.

فاتیحانی ئاینی ئیسلام غەدرێکی زۆریان لە کۆمەڵگاکانی ساسانی کرد، عەرەب وەکو پێکهاتەی زاڵ کە دیارە سەید بوون، هەموو میللەتانی ساسانی دەبوایە شوێنکەوتەیان بن(موالی بن)، واتە ئەوەی لە کاتی تەنگوچەڵەمەی ساسانیدا هەبوو بە خراپترەوە لە سەد-دووسەد ساڵەی حوکمی ئیسلامیدا بەردەوام بوو. بۆیە بەخێرایی بیروباوەڕی مەزدەکی پەرەیسەندەوە، بەڵام بەو گۆڕانکارییەی ئاماژەم پێداوە. لە ناکۆکیی نێوان بنەماڵەی محەمەد پەیامبەر و ئامۆزا ئەمەویەکانیان کوشتاری سوننە و شیعەی لێکەوتەوە. مەزدەکییەکان بە هۆی قبوڵنەکردنی ستەم، مەیلیان بەلای بنەماڵەی عەلی دا بوو، لەو ستەمەی لە بنەماڵەی عەلی دەکرا، بێ هەڵوێست نەبوون و بەرگرییان لێدەکردن. ئەمە لە پرۆسەیەکی ورددا، وایلێکردن لە هەندێک بیروباوەڕدا تێکەڵ ببن. هەتا ئەفسانەی گەڕانەوەی مەزدەك ئەو شایەی دادگەری لەگەڵ خۆی دێنێت و لە کۆمەڵگای کۆنی ساسانییەوە هەڵدەستێتەوە. لە ئەفسانەکەدا مەزدەك بووە ئەو کەسەی کە چاوەڕوان دەکرێت. ئەبوموسلیمی خوراسانی کە بە پەیڕەوەکانی دەگوترا ڕەشپۆشەکان (سیاهجامگان) چونکە درووشمەکانیان ڕەش بوو، هەموو سەرزەمینی کۆنی ساسانی گرتەوە، ئیمپراتۆڕی ئەمەوی تێکشکاند، بەپێی هاوسەنگیی هێز، دەسەڵات کەوتە دەست ئامۆزاکانی پێغەمبەر (عەباسییەکان). بەڵام لە حەقیقەتدا، ئەبوموسلیم کە لەژێرەوە مەزدەکی بوو هەوڵی بۆ دەست بەسەرداگرتنی فەرمانڕەوایی بوو. بۆیە لە قۆناغی دووەمدا نیازی دەرکردنی یەکەمین خەلیفەی عەباسی هەبوو، هەوڵیشیدا بەڵام سەرنەکەوت. لە ئەنجامدا گیرا و دڕندانە کوشتیان. کە ئەبوموسلیم لەناوبردرا، هەمان چیرۆکی مەزدەکی بامدادان بۆ ئەبوموسلیم دووبارە کرایەوە، لەلایەن پەیڕەوانی بیروباوەڕی مەزدەکی. لەو قۆغەدا گوتیان ئەبوموسلیم نامرێ و تەنیا خۆی ون کردووە، ئەو لەوە بەهێزترە بگیرێ و بکوژرێ، تەنیا ڕۆیشتووە و دەگەڕێتەوە. دوای ئەو یەکێك لە سەردارەکانی بە ناوی ( موقەنەع) سەریهەڵدایەوە و ناوچەیەکی بەرفراوانی ڕزگار کرد. موقەنەع پەردەی لەسەر نهێنییەکان لادا و گوتی ئەگەر ئەبوموسلیم بە ناوی ئەو ئاینەوە دەیویست چاکسازی بکات و ناچار کرا غەیب ببێ، ئێستا من نوێنەری ئەوم. بۆیە بیروباوەڕەکانی ئاشکراتر کرد، ڕایگەیاند ئەوەی من دەیڵێم قسەی خودایە، پەتی پەیوەندیی نێوان خەڵك و خودا منم، بیروباوەڕەکان لای منەوە دێن. دواتر ئیبن موقەنەعیش کوژرا، دوای ئەو بە ماوەیەکی کەم (بابەکی خوڕەمدین) ڕاپەڕی. بابەك لەو مەزدەکییانە بوو کە پێیاندەگوتن خوڕەمی. مەزدەکیەکان لە ناوچەی جیاجیا ناوی جیاوازیان هەبوو. بزووتنەوەکە ناوی خوڕەمی بوو، چونکە خێزانی مەزدەکی بامدادان ناوی خوڕەم خانم بوو، ئەمەش نیشانەی بەرابەری و وەکیەك مامەڵەکردن بوو لەنێوان ژن و پیاودا. هەڵبەت ئەوانە بە زاهیر دینی ئیسلامیان وەرگرتبوو، بەڵام بنەماکانی باوەڕی مەزدەکی و زەردەشتییان دەهێشتەوە. بابەکی خوڕەمدین بیست ساڵ بەرگری کرد و ناوچەیەکی فراوانی ڕزگارکرد و ئیسڵاحاتی زۆریشی کرد، هەمان باوەڕی مەزدەکی بامدادانیشی هەڵگرتبوو، لە دوورکەوتنەوەی توندوتیژیی و داواکاریی بەردەوامی چاکسازی، بەڵام لە ڕەفتاری بەرامبەردا فەرمانەکانی شەریعەتی ئیسلام هیچیان بۆ نەهێشتنەوە جگە لە قەتڵوعام و سەربڕین. ئەوە بوو خوڕەمیەکان سوپایەکیان درووستکرد و بەرگرییان لە خۆیان کرد. دواتر کە بابەك تێکشکێنرا دیسان بێهیواییەکی زۆر لەو بزووتنەوەیەدا درووستبوو، بەڵام دەستیان لە بیروباوەڕەکە بەرنەدرا. ئەوە گەیشتە سەدەی هەشتەمی زاینی، بیروباوەڕی ئیسڵاحیی ئەم کەلەپوورە تێکەڵ بوو لەگەڵ مسوڵمانێتی. واتە لە حەقیقەتدا کە دەگوترێ ئاینی ئیسلام لە ئێران لە ئیسلامی بەدەوی جیاکرایەوە، مەبەست ئەمەیە. ڕەگەزی چاکسازی کرایە تەواوکاری ئاینی ئیسلام بە وردەکاری زیاد و کەم لە ناو بزووتنەوەکەدا، هەربۆیەش بەخێرایی تەکفیرکرا. بۆیە پیاوانی ئاینیی دەستڕۆیشتووی عەرەب هەرچی لەسەر زەمینی ساسانی کۆندا هەبوو، بە عەجەمی و ڕەدە و خارج لە ئاینی ئیسلامیان لەقەڵەم دەدا.

ئەو بزووتنەوەیە بە خێرایی تێکەڵ بوو لەگەڵ مقاوەمەتی بنەماڵەی عەلی کوڕی ئەبو تالیب، بزووتنەوەی ئیسماعیلییەکانی لەسەر درووستبوو، قەرمەتییەکان کە چاکخوازی گەورەی جیهانی ئیسلام بوون بەشێکن لەوان، کەسانی گەورەی وەك حەلاج، عەینولقوزاتی هەمەدانی، ئیبن سینا، خەیام، حافز.. هەموویان لەژێرەوە مەزدەکین، لەسەرەوەش بۆ تەقییە، بۆ خۆپاراستن، ڕەچاوی بارودۆخی گشتیی خۆیان دەکرد. ئەوانە هەموویان لەلایەن پیاوانی ئاینییەوە تەکفیردەکران و هەندێکشیان کوژران، ئەوە جگە لە هەزاران ڕۆشنگەر و زانای دیکە.

## ● تاقمە زۆر و زەبەندەکانی عیرفانی و مەزدەکی

ئەو پرۆسەیە لەدوای تێکشکاندنی ئەزموونی ئیسماعیلییەکانیش لە پەرەسەندندا بوو. قۆناغی تازە دوای ئەو بێ ئومێدییە، شێوازی عیرفان و تەسەووف بوو. عیرفان و تەسەووف بەرهەمی بیروباوەڕی ئیسلاحگەرییە لە کەلەپووری ساسانیدا. عیرفان و تەسەووف لە سەرەتادا بە تەرکی دنیا و پاراستنی عەقیدە دەستپێکرد. زوهد و خۆپاراستن و خۆدوورگرتن لە شێخێکەوە بۆ شێخێکی دیکە جیاوازی هەبوو. بەڵام هەموو ڕابەرەکان بێ هەڵاوێردن لە دوو سەد ساڵی یەکەمی داهاتنی عیرفان وەك بیروباوەڕی ئیسڵاحی ژێرەوەی مەزدەکی، لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامی، سەرکردەکانیان پێیاندەگوتن شێخ. هیچ شێخێکت دەستناکەوێت بیروباوەڕی ئیسلاحیی ساسانی کۆنی قبوڵ نەبووبێت، دەنا هیچ هۆکارێك نییە خۆی جیاکاتەوە لە کۆمەڵگەی سەردەستی ئیسلامی. هەربۆیە لەو ڕۆژگارەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم کاتێک بارودۆخ بۆ ڕاپەڕین لەپێناوی ئیسڵاح دەڕەخسا، هەموو سەرکردەکان لە شێخەکان دەبوون. ڕۆڵی شێخەکان لە بزووتنەوەی چاکسازیی سەرزەمینی کۆنی ساسانی بە کۆمەڵگەی ئێمەشە بۆ ئەو واقیعە دەگەڕێتەوە. لە قۆناغی تەسەووفدا، زۆر بزووتنەوەی ناوچەیی سەریانهەڵدەدا، کە هەموویان بیروباوەڕەکانی سەردەمی ساسانییان دەکردە ئامانجی خۆیان. عیرفان شێوازێکی نوێی هێنا ئەویش بریتییە لەو ڕوانگەیە کە پێیوایە کۆمەڵگەی ئیسلامی زۆر دڵڕەقە، مرۆڤ کە دەمانەوێ ژیانی بۆ ئاسان بکەین، لەسەر ئەم بیروباوەڕە سەردەبڕدرێت، کەواتە پێویستە تەقییە بکرێ و لە ناو پەیڕەوەکاندا وەک ئامرازی خۆپاراستن بەکاربهێندرێ. کەواتە تەقییە بریتییە لە خۆپاراستن لە دەست سەختگیریی فەرمانەکانی شەریعەتی ئیسلام کە ئیسڵاح هەڵناگرێت. هەنگاوی دووەم شوێنکەوتوانی بزووتنەوەکە شاراوە بن، لە پەنادا بیروباوەڕ و پەروەردەی لایەنگران بەردەوام بێت، کۆمەڵگەکە لە ژێرەوە یەکدی دەگرێت بەڵام لە ڕووکەشدا وەك باوەڕەکانی کۆمەڵگای باڵادەستە کە موسوڵمانن. سێیەمیان پەیڕەوکردنی نهێنییە. نهێنی بوونی ئەو بزووتنەوانە لە عەقیدەکەی دایە، کە پێویستە بە نهێنی بمێنێتەوە چونکە سەر لەگەڵ خۆی دەبات. ئەم تەقییە و باتینییەت و نهێنییە لەو بارودۆخە سەختەدا بووەتە زەرورەت. بۆ نموونە لە ناو پەیڕەوانی ئاینی کاکەیی (یارسان)دا ڕەمزێک هەیە پێیدەڵێن "سرمگو" واتا نهێنییەك کە هەرگیز نابێت بدرکێندرێت ئەگینا سەرت سەر بە فەنا ئەدات. خیام لە بارەی ئەو نهێنییەوە شیعرێکی دیاری هەیە: "اسرار ازل نە تو دانی و نە من، وین حرف معما نە تو خوانی و نە من. هست از پس پردە گفت و گوی من و تو، چون پردە برافتد نە تو مانی و نە من"، کوردیەکەی: نهێنی ئەزەل و پێشو نە تۆ دەیزانی و نە من، ئەو پیتی مەتەڵە نەتۆ دەیلێی و نە من. لە پشت پەردەوە گفتوگۆی من و تۆ بەردەوامە، خۆ گەر پەردە بکەوێ نە تۆ دەمێنی و نە من). دوای نزیک بە هەزار ساڵ ئیدی بزووتنەوەیەک نەما بە ناوی دژی ئیسلام و ، هەموو بوونە مسوڵمان بەڵام باوەڕ و کەلەپوورەی چاکسازییان لەگەڵ خۆیان هێنا. لە هەر قۆناغێکدا ئەم ئیسڵاحە(چاکسازی) بەپێی بارودۆخی زەمان وئاستی زانیاری و زانستەکان فراوانتر دەبوو و دەوڵەمەندتر دەکرا. دوایی لە ناو عیرفاندا بزووتنەوەی دیکە بە شێوەی تەریقەتەکان ڕوو لە زیادی دابوون بەشێکیان بریتی بوون لە (بەکتاشی، شازلی، عەلەوی، ...)، ناوچەیەکی فراوانیان دەگرتەوە و هەندێکیشان بوونە ناسنامەی میللەتێك، بۆ نموونەی عەلەوییەکان لە سوریا، عێرفان لە کوردستان.

**تەقییە بریتییە لە خۆپاراستن لە دەست سەختگیریی فەرمانەکانی شەریعەتی ئیسلام کە ئیسڵاح هەڵناگرێت. هەنگاوی دووەم شوێنکەوتوانی بزووتنەوەکە شاراوە بن، لە پەنادا بیروباوەڕ و پەروەردەی لایەنگران بەردەوام بێت.**

**دوای نزیک بە هەزار ساڵ ئیدی بزووتنەوەیەک نەما بە ناوی دژی ئیسلام و ، هەموو بوونە مسوڵمان بەڵام باوەڕ و کەلەپووڕەی چاکسازییان لەگەڵ خۆیان هێنا.**



د. محەمەد سەلمان

بەرواری شارەزا لە بواری سیاسەتی دارایی و نەختینەیی بۆ گوڵان:

# سەرکەوتنی پرۆسەی چاکسازی پێویستی بە ئیرادەیەک لەسەر ئاستی باڵا هەیە

**پرسی ئابووری و ڕێکخستنەوەی ئەو بوارانەی پەیوەندییان بە زیادکردنی سەرچاوەی داهات و پرۆسەی چاکسازیی کارگێڕییەوە هەیە، دەبنە کاری پێشینەی حکومەتی داهاتووی کوردستان و بەشێك لە وەڵامدانەوەی خواست و داواکاریی خەڵکی کوردستان، بەڵام پرسی لەمە گرنگتر ئەوەیە چۆن میکانیزمێك بۆ ئەم پرسانە فەراهەم دەکرێن و دەتوانرێت لە کاری حوکمڕانیدا پیادە بکرێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم تەوەرانە گوڵان ئەم دیدارەی لەگەڵ د.محەمەد سەلمان بەرواری ئابووریناس و مامۆستای زانکۆ ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** بە گشتی چۆن لە بارودۆخی ئابووریی کوردستان دەڕوانن؟**

- بە شێوەیەکی گشتی ئابووریی کوردستان لە بارێکی ئارامدا نییە، چونکە ئاشکرایە کە کەرتی بەرهەمهێنانی کوردستان لاوازە، بە چەشنێك لە باشترین حاڵەتدا هەردوو بواری پیشەسازی و کشتوکاڵی ڕێژەی لە سەتا ١٠ بۆ ١٥ی پێداویستییەکانی کوردستان پڕناکەنەوە، بە واتای ئەوەی لە سەتا ٧٥ی کاڵاکان بە بەرهەمهێنراو و کشتوکاڵییەوە لە دەرەوە هاوردە دەکرێن، کەوابێت ئەم وابەستەبوونە بە دەرەوە دەبێتەهۆی ئەوەی هەر گۆڕانکارییەك لە دەرەوە ڕووبدات، ئەوا بە دوو شێواز لێکەوتەی لەسەر کوردستان دەبێت، یەکەمیان هاتنەژوورەوەی ئەو کاڵایانە ئەستەم دەبن و دووەمیان نرخەکان بەرز دەبنەوە لە کوردستاندا، کە ئەمەش زیاتر ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ژیانی چینی هەژار و مامناوەند. کەواتە ئابووریی کوردستان ئابوورییەکە کە بە عەرەبی پێی دەڵێن (اقتصاد ريعي)، کە پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت، ئیدی نەوتی خۆی بێت، یان نەوتی عێراق(بە گوێرەی ئەو بەشەی هەیەتی لە بودجەی فیدراڵیی عێراقیدا)، ئەمەش ئابوورییەکی جێگیری دروست دەکات، چونکە تۆ پشت بە کاڵایەك دەبەستیت کە خواست لەسەری لە دەرەوەی دەسەڵاتی تۆیە، ئیدی هەرێمی کوردستان بێت یان عێراق.

*** کەواتە ئەو کاریگەرییانە چین کە لە پشتبەستن بە داهاتی نەوت دەکەونەوە؟**

- ئێمە دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە بارودۆخی سیاسی و ستراتیژی کاریگەریی زۆریان هەیە لەسەر ئەو کاڵایەی کە وەك نەوت سەرچاوەی داهاتی هەردوولایەنە، چ هەرێمی کوردستان و چ عێراق بەگشتی. ئەمە ئابوورییەکی ناسەقامگیر و ناجێگیر دروست دەکات.

*** ئەی چ حاڵەتێکی ئەرێنی هەیە لە ئابووریی کوردستان کە بتوانرێت ئاماژەی پێ بکرێت؟**

- سەرەڕای ئەوەی پێشتر ئاماژەمان پێکردن، ئەوا ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە ئابووریی کوردستان ئاراستەی ڕاستی تێدا نییە، چونکە ئێمە دەستمان کردووە بە پیشەسازییەك کە پێی دەوترێت پیشەسازیی تەحویلی (الصناعه التحويليه)، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە دەڵێم ڕەنگە نزیکەی لە سەتا ١٥ی پێداویستییە ناوخۆییەکان لەو بەرهەمێنراوانە پڕ بکرێنەوە. ئەوەی پەیوەندی بە بواری کشتوکاڵەوە هەبێت، ئەوا چەند فاکتەرێك کاریگەرییان لەسەر ئەم کەرتە هەبووە، یەکێك لەو هۆکارانە ئەوەیە لە دوای ساڵانی نەوەتەکان بڕیاری ٩٨٦ بووە هۆی ئەوەی بەرهەمهێنراوانەکان، بەتایبەتی ئارد لە دەرەوە هاوردە بکرێت، ئەمەش بە واتای پاشەکشەی بەرهەمی گەنم و جۆی کوردستان دێت، هەرچەندە بەم دواییە گەشەی کردووە، بەڵام گەنم و جۆی کوردستان بە ستانداردی جیهانی نییە، کە ناتوانین کێبرکێ لەگەڵ دەرەوە بکەین، بەڵکو تەنیا لەگەڵ عێراقدا ئەم کێبڕکێیەکە دەکەین.

*** گرنگترینی ئەو گرفت و کێشانە چین کە ڕووبەڕووی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبنەوە لە هەوڵەکانیدا بۆ بەرەوپێشبردنی بواری ئابووری؟**

**هەردوو بواری پیشەسازی و کشتوکاڵی ڕێژەی لە سەدا ١٠ بۆ ١٥ی پێداویستییەکانی کوردستان پڕناکەنەوە، بە واتای ئەوەی لە سەتا ٧٥ی کاڵاکان بە بەرهەمهێنراو و کشتوکاڵییەوە لە دەرەوە هاوردە دەکرێن**

**بارودۆخی سیاسی و ستراتیژی کاریگەریی زۆریان هەیە لەسەر ئەو کاڵایەی کە وەک نەوت سەرچاوەی داهاتی هەردوولایەنە، چ هەرێمی کوردستان و چ عێراق بەگشتی. ئەمە ئابوورییەکی ناسەقامگیر و ناجێگیر دروست دەکات**



- ئاشکرایە کە لە دەستووری عێراقیدا، پێنج سیاسەتی گرنگ لە دەسەڵاتی حکومەتی ئیتیحادین، بەتایبەتی سێ لەوانە ڕەنگدانەوەی گەورەیان هەیە لە سەر حکومەتی هەرێم، کە بریتین لە سیاسەتی دارایی و سیاسەتی نەختینەیی و سیاسەتی گومرگی، هەروەها سیاسەتی بانکی و دراویش بەندن بە حکومەتی فیدڕاڵی، کەواتە ئامرازەکانی بەردەستی حکومەتی هەرێم کەمن، یان لاوازن، واتە ئەگەر حکومەتی هەرێمی بیەوێت کارئاسانی بکات بۆ وەبەرهێنان لە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازیی تەحویلی ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە پەنا بباتەبەر سیستمی بانکی کە سیستمی بانکیش بەندە بە حکومەتی عێراقییەوە، بەم شێوەیە کێشە بۆ هەرێم دروست دەبێت. مەسەلەیەکی دیکە ئەوەی کە پێی دەڵێن باجی گومرگی، واتە یەکخستنی سیستمی گومرگی بە شێوەیەکی گشتی، کە ئێستا باجەکان لە عێراقدا یەکخراون، کەواتە ئەگەر ئێمە بمانەوێت یاسای وەبەرهێنان کارا بکەینەوە، ئەوا هەر دەبێت پشت بە بڕگەکانی یاسای عێراق ببەستین. کەواتە ئێمە پابەندین بە چوارچێوەی دەستووری عێراق، کە ٨٦ ماددەی تێدایە کە دەڵێت بە یاسا ڕێکدەخرێن، کە تەنیا ١٥ لەم ماددانە بوونەتە یاسا، کەواتە هێشتا ئابووریی ئێمە ئاڵوگۆڕی تەواوی بەسەردا نەهاتووە، واتە هێشتا ٧٠ مادده ماوە کە دەبێت یاسایان بۆ دەربچێت بۆ ئەوەی بتوانین بەرەو ئابووری بازاڕ بچین. واتە ئەگەرچی حکومەتی هەرێمی دەتوانێت یاسا و ڕێنمایی و سیستمی باش بۆ ئابووری دەربکات و دەریشی کردووە، بەڵام نابێت لە چوارچێوەی دەستووری عێراقی دەربچێت و حکومەتی هەرێمیش رایگەیاندووە کە دەیەوێت پابەند بێت بە دەستوورەوە. هەرچەندە حکومەتی هەرێم دەتوانێت داوا بکات و فشار دروست بکات بۆ ئەوەی پشکی خۆی پێ بدرێت لە داهاتی گشتی و لە بودجەی گشتیی عێراق. کەواتە حکومەتی هەرێم -کە ئێستا کاربەڕێکارە- و ئەو کابینە نوێیەی کە دادمەزرێت، ئامرازی زۆریان لەبەردەستدا نییە و ئەوەشی لەبەردەستیاندایە زۆر بەهێز نین. هەرچەندە لە هەندێ بواردا بۆ نموونە لە بواری باجدا دەکرێت حکومەتی هەرێم سوود لە سیستمی فیدڕاڵی وەربگرێت بۆ ئەوەی ڕێژەیەکی زیاتر و دیاریکراوی باج بسەپێنێت لەو باجەی حکومەتی فیدڕاڵی دیاری کردووە، مەبەستم ئەوەیە حکومەتی هەرێم دەتوانێت ڕێژەی لە سەتا ١ یان ٢ لە باجی دەرامەت یان داهات بۆ خۆی زیاد بکات و گلیبداتەوە بۆی خۆی، واتە ئەگەر ڕێژەی باجەکە لە سەتا ٥ بوو، ئەوا حکومەتی هەرێمی دەتوانێت بیکات بە لە سەتا ٦ یان ٧ و لە سەتا پێنجەکەی بداتە حکومەتی مەرکەزی و ئەوی دیکەی بۆ خۆی گلبداتەوە، ئەمە لە سیستمی فیدراڵیدا ڕێگە پێدراوە.

**سیستمی بانکی کاریگەری گەورەی لەسەر ئێمە دروست کردووە، واتە ئەگەر کەسێک بیەوێت وەبەرهێنان بکات، نازانێت ئایا پارەکەی لە بانکێکی خۆماڵی دابنێت، یان لە بانکێکی دەرەکی**



*** زۆر قسە و باس دەکرێت لەسەر پرسی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان، چۆن دەکرێت بۆ پەرەپێدانی ئابووری کوردستان سوود لەم بوارە وەربگیرێت؟**

- ئەوەی پەیوەندیدار بێت بە بواری وزە و بەتایبەتی نەوتەوە، ئەوا حکومەتی هەرێمی هەنگاوی باشی هەڵگرتووە، بەڵام ئێمە دەبێت بزانین هێشتا چەند هۆکارێك کاریگەرن لەسەر بارودۆخەکە، یەکەمیان بریتییە لە باری سایکۆلۆژی وەبەرهێنەر و خەڵك بەگشتی، دووەمیان رەفتاری وەبەرهێنەر و رەفتاری بازاڕ، کە ئەمانە کاریگەرییان دەبێت لەسەر ئەو یاسایانەی حکومەت دەریان دەکات، واتە ئەگەر کەسێك بتوانێت بە کەمترین ئاست وەبەرهێنان بکات و کێشە بۆ بازاڕ دروست بکات، ئیدی چ سوودێکی هەیە یاساکە گونجاو بێت. من دووبارەی دەکەمەوە کە سیستمی بانکی کاریگەری گەورەی لەسەر ئێمە دروست کردووە، واتە ئەگەر کەسێك بیەوێت وەبەرهێنان بکات، نازانێت ئایا پارەکەی لە بانکێکی خۆماڵی دابنێت، یان لە بانکێکی دەرەکی. لە کاتێکدا بانکی خۆماڵی بەندە بە سیاسەتی بانکی مەرکەزی و ڕێکارە کارگێڕییەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی مەرکەزی، کەواتە ئەم سێ هۆکارە بوونەتە هۆی ئەوەی کێشەمان بۆ دروست بێت، ئەگەرچی حکومەتی هەرێمی هەوڵیداوە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و پیشەسازی تەحویلی بەرەوپێش ببات. ئەمەش گرفت دروست دەکات بۆ هەوڵەکانی جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەکانی ئابووری، واتە خۆبەدوورگرتن لە پشتبەستن تەنیا بە نەوت و غاز، هەرچەندە تا رادەیەکی باش ئێمە لە سیاسەتی نەوت و غازدا سەرکەوتوو بووین.

*** پرسی چاکسازی بابەتێکە کە زۆر مشتومڕی لەبارەوە دەکرێت لە کوردستاندا، تێڕوانینی ئێوە بۆ ئەم پرسە چییە؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە پرسی چاکسازییەوە، ئەوا لە بواری کارگێڕیی گشتیدا، دوو چەمك هەیە، چاکسازی و شۆڕش، چاکسازی پێویستی بە ئیرادەیەکی گشتی هەیە لەسەر ئاستی باڵا، نەك لەسەر ئاستی مامناوەند و خوارەوە، واتە چاکسازی لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەبێت نەك بە پێچەوانەوە. هەروەها کێشەیەکی دیکە ئەوەیە کە زۆرجار ئیرادەی چاکسازی هەیە بەڵام ناکۆکی لە نێوان حزبەکاندا دەبێتەهۆی لاوازکردنی ئەو ئیرادەیە. چونکە هەموو حزبەکان بانگەشەی چاکسازی دەکەن، بەڵام کاتێك مەرج دادەنرێت، ئەوا ئەمە بە مانای ئەوەیە کە نایانەوێت چاکسازی بکرێت، هەروەها دەبێت ئیرادەیەکی گشتگیر هەبێت لای هەموو حزبەکان، نەك حزبێك خوازیاری بێت و پێنج حزب رەتی بکەنەوە، واتە دەبێت کۆدەنگیی حزبەکانی لەسەر بێت بۆ ئەوەی بتوانرێت جێبەجێ بکرێت.

**زۆرجار ئیرادەی چاکسازی هەیە بەڵام ناکۆکی لە نێوان حزبەکاندا دەبێتەهۆی لاوازکردنی ئەو ئیرادەیە. چونکە هەموو حزبەکان بانگەشەی چاکسازی دەکەن، بەڵام کاتێک مەرج دادەنرێت، ئەوا ئەمە بە مانای ئەوەیە کە نایانەوێت چاکسازی بکرێت**

# ئیسلامی سیاسی لە سۆماڵ

کیشوەری ئەفریقیا دەوڵەمەندترین کیشوەری جیهانە، بەڵام رژێمە گەندەڵەکان و جەور و ستەمی سیاسی و کودەتا سەربازییەکان و رژێمە خێڵەکییەکان و میلیشیا چەکدارەکان و گرووپە ئاینییە توندڕۆکان، فاکتەرن کە کیشوەرەکەیان دووچاری دواکەوتوویی و بێکاری و هەژاری و برسێتی و نەخۆشی و مادده هۆشبەرەکان بووەتەوە، ئەوانەی باسمکردن بۆ کۆماری سۆماڵیش هەر وایە، کە یەك سەدەیە سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی بەخۆیەوە نەدیوە، کۆلۆنیالیزمی ئەورووپی (بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا) بە درێژایی مێژوو چاویان بڕیبووە قۆچی ئەفریقی Horn of Africa کە زاراوەیەکە و هەشت دەوڵەت دەگرێتەوە، کە ئەمانەن(ئەسیوبیا، ئەریتیریا، ئۆغەندا، جیبۆتی، سوودان، باشووری سوودان، کینیا، سۆماڵ) ئەمەش بۆ کۆنترۆڵکردنی سامانی سروشتیی ئەو وڵاتانەیە، لە ساڵی ١٨٣٩ بەریتانیا بنکەیەکی سەربازیی لە باکووری سۆماڵ بۆ پاراستنی رێگا بەرەو یەمەن دروستکرد، کە بە سۆماڵی بەریتانی ناونرا، دواتر فەرەنسا هات لە ساڵی ١٨٦٠ بە ناوی سۆماڵی فەرەنسی (دەوڵەتی ئێستای جیبۆتی کە لە ساڵی ١٩٧٧ سەربەخۆ بوو) بەشێکی سۆماڵی داگیرکرد، ئیتاڵیاش لە ساڵی ١٨٨٩ بە پەرۆشەوە باشووری سۆماڵی داگیرکرد و بە سۆماڵی ئیتاڵی ناسرا، لە جەنگی دووەمی جیهاندا ئیتاڵیا شکستی خوارد و بەریتانیا بەشەکەی ئیتاڵیای داگیر کرد، کە هەرێمی ئۆغادینی سۆماڵی کردە بەشێك لە ئەسیوبیا، لەگەڵ ئەوەی کە هەرێمێکی سۆماڵییەو موسڵمانانی سۆماڵی تێدا بوو و بە زمانی خۆیان قسەیان دەکرد، ئەسیوبیا لە ساڵی ١٩٥٤ بە فەرمی ئەم هەرێمەی خستە سەر وڵاتی خۆی، کە بوو بە خاڵی ململانێی سۆماڵ- ئەسیوبیا، بۆیە سۆماڵ بوو بە پێنج بەشەوە، (سۆماڵی بەریتانی، سۆماڵی فەرەنسی، سۆماڵی ئیتاڵی، سۆماڵی کینی، سۆماڵی ئەسیوبی)، لەبەرئەوە دەبینین ئاڵای سۆماڵ پێنج ئەستێرەی تێدایە وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو دابەشکردنە، لە ساڵی ١٩٦٠ سۆماڵ لەژێر دەستی هەردوو کۆلۆنیالیزمی بەریتانی و ئیتاڵی سەربەخۆبوو، بەڵام هەرێمی ئۆغادین لەلایەن ئەسیوبیاوە هەر بە داگیرکراوی مایەوە، (ئادەم عەبدوڵا عوسمان)بووبە یەکەم سەرۆکی کاتیی کۆماری سۆماڵ، دواتر بۆ شەش ساڵ هەڵبژێردرا، لە ساڵی ١٩٦٤ سۆماڵ ئازادکردنی هەرێمی ئۆغادینی راگەیاند، بەڵام نەیانتوانی بیگەڕێننەوە، چونکە لە شەڕی دژ بە سۆماڵ ئەمریکا پشتگیریی ئەسیوبیای کرد، لە ساڵی ١٩٦٧ عەبدولڕەشید شرماکی بوو بە سەرۆك کۆمار، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٩ لەلایەن پاسەوانێکی خۆیەوە تیرۆرکرا، موختار محەمەد حوسێن بۆ شەش رۆژ هاتە شوێنی، بەڵام محەمەد

**محەمەد سیاد ساڵی ١٩٧٥ سیستەمی شیوعی لەسەر بەرنامەی ماوتسی تۆنگ-ی چینی سەپاند و یاسای باری کەسێتی پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامی راگەیاند، زانایانی سۆماڵ نارەزاییان دەربڕی، بەڵام سەرلەبەری دەستگیر کردن و هەندێکیشی لەسێدارەدان**



**د.عەرەفات کەرەم ستونی**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

سیاد بەری کودەتایەکی سەربازیی بەرپاکردو دوای ئەوەی دەستووری پەکخست و پەرلەمان و حزبەکانی هەڵوەشاندەوە و بەزەبری ئاگروئاسن بۆماوەی سی ساڵ حوکمی کرد، محەمەد سیاد ساڵی ١٩٧٥ سیستەمی شیوعی لەسەر بەرنامەی ماوتسی تۆنگ-ی چینی سەپاند و یاسای باری کەسێتی پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامی راگەیاند، زانایانی سۆماڵ نارەزاییان دەربڕی، بەڵام سەرلەبەری دەستگیر کردن و هەندێکیشی لەسێدارەدان، پیتی عەرەبی بۆ لاتینی گۆڕی، لە ساڵی ١٩٧٧ سەرکردایەتیی جەنگی ئازادکردنی ئۆغادینی کرد لەدژی ئەسیوبیا، بەڵام هێزی ئەسیوبیا بە سەرۆکایەتیی مەنگستۆ هیلا ماریام Mengistu Haile Mariam بە پاڵپشتیی کوباو سۆڤییەت و چین هێزی سۆماڵی لە ساڵی ١٩٧٨ تێکشکاند، دوای شەڕەکە کە هێدمەیەك بوو بۆ جەماوەر، بۆیە راپەڕینیان بەرپاکرد و متمانەیان بە سیاسەتوانانی عەلمانی و مەدەنی نەما، ئەمەش دەرفەت بوو بۆ ئیسلامییەکان کە ئەم بۆشاییە بقۆزنەوەو خەڵکەکە راکێشن بۆ دژایەتیکردنی رژێمی سەربازی، لە ساڵی ١٩٧٨ چەند ئەفسەرێك کودەتایەکی شکستخواردوویان دژی سیاد بەری راگەیاند، تا دەهات تووڕەبوونی جەماوەر زیاتر دەبوو، ئەوە بوو راپەڕینێکی بەهێزی میللی و بزووتنەوەی چەکدار بۆ لەناوبردنی رژێم کە سی ساڵ بوو ستەمی دەکرد دەستیان پێکرد، لە ساڵی ١٩٩١ رژێمی سیاد بەری رووخا، دواتر شەڕی ناوخۆ دەستی پێکردو پاشان کۆنگرەیەکی ئاشتبوونەوەیان لە جیبۆتی گرێ داو عەلی مەهدی محەمەد کرا بە سەرۆك، بەڵام جارێکی دی شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسایەوە، کە لایەنی سەرەکی ژنەڕاڵ محەمەد فەرەح عیدیدی سەرۆکی کۆنگرەی یەکگرتووی سۆماڵ بوو، رۆڵی بەرچاوی هەبوو لە شەڕ دژی هێزەکانی سیاد بەری لە باشووری وڵات، لە ساڵی ١٩٩٢ ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ژمار(٧٩٤)ی دەرکردو بڕیاری دا هێزی کۆمەکی مرۆیی بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا بنێرێت، سەرۆك جۆرج بوشی باوك لە ساڵی ١٩٩٣دا(٣٠) هەزار سەربازی رەوانەکرد، بەمەبەستی لەناوبردنی میلیشیا پێکناکۆکەکان، بەڵام وەك ئەوەی ڤێتنامی بەسەرهات، بۆیە بیل کلنتۆنی سەرۆکی ئەمریکا بڕیاری دا لە ساڵی ١٩٩٤ هێزی ئەمریکا بکشێنێتەوە، کۆمپانیای کۆلۆمبیا پیکچەری ئەمریکا فلیمێکی دەربارەی رووداوی راستەقینەی هێزی ئەمریکا لە سۆماڵ بەرهەمهێنا بەناوی (کەوتنی هەڵۆ رەشەکە)، دوای کشانەوەی، ئەمریکا سەرکردەی میلیشیاکان بەتایبەتیش ئیسلامییەکانی کردە ئامانج بە زەبری پارە، پارەی دەدایە سەرۆکەکانی شەڕ بۆ کوشتنی سەرکردەکانی گرووپە ئیسلامییەکان، بەتایبەتیش بزووتنەوەی موجاهیدینی گەنجان،

**ئەمریکا سەرکردەی میلیشیاکان بەتایبەتیش ئیسلامییەکانی کردە ئامانج بە زەبری پارە، پارەی دەدایە سەرۆکەکانی شەڕ بۆ کوشتنی سەرکردەکانی گرووپە ئیسلامییەکان، بەتایبەتیش بزووتنەوەی موجاهیدینی گەنجان**

بەڵام جەنەراڵ عیدید لەلایەن لایەنگرێکی خۆیەوە کوژرا، دواتر حوسێن عیدیدی کوڕی هاتە شوێنی باوکی، لەناوبردنی لەلایەن ئەمریکاوە دوای شکستهێنانی لە ساڵی ١٩٩٣ بەدوورنازانم، ئەویش دوای قایلکردن بە پارە کە بۆ کوشتنی هەر یەکێك تەرخانی دەکرد وەك کوشتنی ژنەڕاڵ عیدید، لە وڵاتێکی وەك سۆماڵد پێدانی پارە سوودی هەبوو، چونکە هەژار و برسی و بێکار بوون، لە ساڵی ٢٠٠٠ جارێکی دیکە کۆنگرەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لە جیبۆتی ڕێکخرا، عەبدی ئەلقاسم بە سەرۆکی کاتیی بۆ قۆناغی ڕاگواستن بە پشتیوانیی دادگا ئیسلامییەکان و بزووتنەوەی ئیسلاحی سەر بە ئیخوان موسلمین هەڵبژێردرا، کە ئەمەش ئەسیوبیاو ئەمریکای نیگەران کرد، دوای گەڕانەوەی حکومەتی ئەلقاسم بۆ سۆماڵ ڕووداوی ٩ی سێپتێمبەر لە ئەمریکا هاتەئاراوە، ڕاپۆرتەکان ئاماژەیان بەوە کرد کە سەرکردە هەڵاتووەکانی قاعیدە لە ئەفغانستانەوە لە سۆماڵ گیرساونەتەوەو بۆتە مۆڵگەی تیرۆریستان، بۆیە ئەلقاسم کەوتە نێو دوو بژاردەوە، یان ڕازی بێت بەوەی کە لەپشت سەرکەوتنی بوو بۆ سەرۆکایەتی لەلایەن کۆمەڵی دادگا ئیسلامییەکان کە ئەمریکا لەدەست دەدات، یان ئەمریکا ڕازی بکات، بەمەش ناوخۆ دەدۆڕێنێت، بۆیە بۆ سێ ساڵ دوای سڕکردنی کاری دادگا ئیسلامییەکانی کرد، لە کۆتاییدا هەردوو لای لەدەست دا، لەبەرئەوە دادگا ئیسلامییەکان زیاتر بەهێزبوون، بوونە ڕووی بەهێزی سیاسی لە قۆناغی داهاتوودا، ئەسیوبیا تۆڵەی لە ئیسلامییەکان کردەوە کە سەرۆك عەبدی ئەلقاسم هاوپەیمانیی لەگەڵدا بەستبوون، ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠٠٤ داوای کۆنگرەیەکی دژ بە کۆنگرەکەی جیبۆتی کرد لە نایروبیی پایتەختی کینیاو ڕێگەی نەدا ئیسلامییەکان بەشداری تێدا بکەن، بەناوی چەترێکی شەرعی و یاسایی تاکو بیخاتە ژێر چاودێریی ڕێکخراوی ئیگاد IGAD دەستەی گەشەپێدانی حکومی Intergovernmental Authority on Development — کە ڕێکخراوێکە لە ساڵی ١٩٨٥ دامەزراوە (سۆماڵ و جیبۆتی و کینیا و ئۆغێندا و ئەسیوبیا و ئەریتیریا) دەگرێتەوە، ئامادەبووان عەبدوڵا یوسف ئەحمەد- دوژمنی سەرسەختی ئیسلامییەکانیان بە سەرۆك هەڵبژارد ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠٠٨)، حکومەتەکەی عەبدوڵا یوسف لە تاراوگەوە گەڕایەوە و لە شاری جەوهەر نیشتەجێ بوو، سەرۆك هۆزەکان و سەرانی دادگا ئیسلامییەکان بە سەرۆکایەتیی شێخ حەسەن تاهیر ئەویس کۆبوونەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی حکومەتەکەی عەبدوڵا یوسف، ئەوەبوو عەبدوڵا یوسف دەستی لەکارکێشایەوە وشکستی خۆی لە بەدیهێنانی ئاشتی ڕاگەیاند، دوای ئەو عەدەن محەمەد نور مادوبی بۆ ماوەی ٣٣ ڕۆژ حوکمی کرد، دواتر شێخ شەریف ئەحمەد حەسەن لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٨- ٢٠١٢) بوو بە سەرۆکی وڵات، لە ساڵی ٢٠١٢ هەڵبژاردن کراو حەسەن شێخ محەمود بردیەوە و لە ساڵی٢٠١٢ تا ساڵی ٢٠١٧ بوو بە سەرۆك، دوای ئەویش محەمەد عەبدوڵا محەمەد فرمانجو بوو بە سەرۆك کە لە ساڵی٢٠٢١ ماوەکەی کۆتایی دێت.

**● خاکی سۆماڵ**

پێویستە باسێکی ئەم دەوڵەتە سەربەخۆیە بکەین کە کەس دانی پێدا نانێت، دوای شەڕێکی دووردرێژ دژی ڕژێمی سیاد بەری سەربەخۆ بوو، لە ساڵی ١٩٨١ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی خاکی سۆماڵ دامەزرا، لە ساڵی ١٩٩١ کۆنگرەیەك بۆ دیاریکردنی چارەنووس بەسترا، تێیدا کۆماری خاکی سۆماڵیان ڕاگەیاند، عەبدولڕەحمان ئەحمەد عەلی بە یەکەم سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرا، پایتەختەکەشی هرجسیا Hargeisaیە، کە یەکێکە لە شەش هەرێمەکەی سۆماڵ (بۆنت بلاند، جوبا بلاند، غلمدغ، هیران شبلی، خاکی سۆماڵ، هەرێمی باشووری ڕۆژئاوای سۆماڵ) حکومەتی سۆماڵی فیدراڵ لە ترسی جیابوونەوەیان پێدانی ئۆتۆنۆمی هەوڵی یەکخستنیان دەدات.

**● بیرۆکەی دادگا ئیسلامییەکان**

دوای ڕووخانی ڕژێمی ستەمکاری سەرۆك محەمەد سیاد بەری لە ١٩٩١دا، ئاژاوە و گەندەڵی و کوشتن و دزی و تاڵان و ڕفاندن سەریان هەڵدا، بۆیە زانایانی سۆماڵ بیریان کردەوە چارەسەرێك بدۆزنەوە بۆ سەقامگیریی ئاسایش، بیرۆکەی دادگا ئیسلامییەکانیان خستەڕوو، بۆ دەوڵەمەند و سەرۆك هۆز و خێڵەکان بیرۆکەیەکی باش بوو، خاوەنی بیرۆکەکە شێخ محەمەد موعەلیم ئەبو ئیسلامی سیاسیی سۆماڵی بوو،

**سەرۆك هۆزەکان و سەرانی دادگا ئیسلامییەکان بە سەرۆکایەتیی شێخ حەسەن تاهیر ئەویس کۆبوونەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی حکومەتەکەی عەبدوڵا یوسف، ئەوەبوو عەبدوڵا یوسف دەستی لەکارکێشایەوە وشکستی خۆی لە بەدیهێنانی ئاشتی ڕاگەیاند**

**شێخ محەمەد موعەلیم ئەبو ئیسلامی سیاسیی سۆماڵی بوو، کە لایەنگری ئیخوان موسلمین بوو، یەکەم دادگای ئیسلامی لە ساڵی ١٩٩١ لە باشووری مەقدیشۆ بە ناوی(هرسید) واتا پێشەنگ دامەزراند، بەڵام ژنەڕاڵ عیدید ئەم هەوڵەی پووچەڵ کردەوە، چونکە ڕکابەری دەسەڵاتی ئەو بوو**

کە لایەنگری ئیخوان موسلمین بوو، یەکەم دادگای ئیسلامی لە ساڵی ١٩٩١ لە باشووری مەقدیشۆ بە ناوی (هرسید) واتا پێشەنگ دامەزراند، بەڵام ژنەراڵ عیدید ئەم هەوڵەی پووچەڵ کردەوە، چونکە رکابەری دەسەڵاتی ئەو بوو، لە ساڵی ١٩٩٤ دادگایەکی ئیسلامی لە باکووری مەقدیشۆ بە سەرۆکایەتی شێخ عەلی مەحمود تەیری دامەرزا، لە ساڵی ١٩٩٧ دادگا ئیسلامییەکان لەناو پایتەخت پەیدابوون، ئەمەش ئەسیوبیای نیگەران کرد، عەلی مەهدی محەمەد سەرۆکی سۆماڵ رۆڵی دادگا ئیسلامییەکانی کەمکردەوە، چونکە وەك وەزارەتی ناوخۆو داد بوون، لە کۆتاییداو بە پاڵپشتیی ئەسیوبیا سەرۆکی سۆماڵ لە ساڵی ١٩٩٧ هەڵیوەشاندنەوە، بەم شێوەیە ئاشووب و گەندەڵی سەری هەڵدایەوە، لە باشوور و لە ساڵی ١٩٩٩ سەرلەنوێ دادگا ئیسلامییەکانیان دامەزراندەوە، بەڵام بە یەك ئیدارە و بەسەرۆکایەتیی شێخ حەسەن محەمەد عودەی، لە باکووری مەقدیشۆ-ش دادگا ئیسلامییەکانیان بۆ سەپاندنی ئاسایش دامەزراند، شێخ شەریف ئەحمەد حەسەن کرا بە سەرۆك، لە ساڵی ٢٠٠٥ ئەنجومەنی باڵای یەکێتیی داگا ئیسلامییەکان پێکهات کە (١١) دادگای شەرعیی لەخۆگرتبوو، ئەنجومەنەکە لە دوو ئەنجومەن پێکهاتبوو یەکێکیان شورا بە سەرۆکایەتیی شێخ حەسەن تاهیر ئەویس لە گرووپی یەکێتیی ئیسلامی کە ئاراستەی سەلەفیی جیهادی بوو و لە لیتسی تیرۆری ئەمریکادا بوو، ئەنجومەنی راپەڕاندن بە سەرۆکایەتیی ئێخ شەریف ئەحمەد حەسەن کە ئیخوانی سۆفی بوو لە گرووپەکەی ئال شێخ محەمەد موعەلیم، ئەوانە بۆچوونیان جیاوازبوو، حەسەن تاهیر داوای رزگارکردنی خاکی سۆماڵی لە چنگ ئەسیوبیا دەکرد، کەچی شەریف حەسەن داوای هێورکردنەوە و ئاشتیپارێزیی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ دەکرد، دوای ئەوەی دادگا ئیسلامییەکان بەهێزبوون و سوپای خۆیان هەبوو کە پێنج هەزار چەکداری مەشقپێکراو بوون، حکومەتیان رووخاند و لە ساڵی ٢٠٠٦ هەموو شتێکیان کۆنترۆڵ کرد، حکومەتی راگوزاری لەگەڵ دادگا ئیسلامییەکان رێککەوت کۆتایی بە توندوتیژی بهێنن، بەڵام حکومەت داوای لە ئەسیوبیا کرد دەستوەردان بکات بۆ لەناوبردنیان، بۆیە بە تیشکی سەوزی ئەمریکا هاتە ناوەوە، سەرلەنوێ پێکدادان لەنێوان دادگا ئیسلامییەکان و هێزەکانی حکومی و ئەسیوبی سەری هەڵدایەوە، لە ساڵی ٢٠٠٧ لە ئەسمەرەی پایتەختی ئەریتیریا کۆنگرەیەك گرێدرا، هەموو نەیارانی حکومەتی کاتی ئامادەبوون، دادگا ئیسلامییەکان فراوانتر بوون و نەتەوەخوازو عەلمانی و مەدەنییانی لەخۆگرت و هاوپەیمانییەکیان بە ناوی هاوپەیمانیی رزگارکردنەوەی سۆماڵ پێکهێنا، بەڵام کۆمەڵێك لە سەرۆکی لاوان ئامادەی نەبوون، بە پاساوی ئەوەی کە هاوپەیمانییەکە ئیسلامی نییە، چونکە عەلمانی و نەتەوەخوازی تێدایە، ئەو لاوانە کە جیابوونەوە ئەندام بوون لە یەکێتیی ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی حەسەن تاهیر ئەویس، بۆیە بزووتنەوەی موجاهیدینی لاوانیان پێکهێنا، کە بووە مەترسیدارترین بزووتنەوەی چەکدار کە شەڕ لەگەڵ حکومەتەکانی سۆماڵ دەکات، لە ساڵی ٢٠٠٨ هاوپەیمانیی رزگارکردنەوەی سۆماڵ بوو بە دوو بەشەوە، باڵی جیبۆتی بە سەرۆکایەتیی شێخ شەریف ئەحمەد حەسەن، باڵی ئەسمەرە بە سەرۆکایەتیی شێخ حەسەن تاهیر ئەویس، باڵەکەی شێخ شەریف لەگەڵ حکومەتە کاتییەکە و بە چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان دانوستانی کرد، هەردوو لاش رێککەوتن کە هێزەکانی ئەسیوبیا بچنە دەرەوە و حکومەتێکی نیشتمانی پێکبێت و ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانیش ببێتە (٢٧٥) کەس، لە ساڵی ٢٠٠٩ پەرلەمانی سۆماڵ لە جیبۆتی شێخ شەریف ئەحمەد حەسەنی بە سەرۆکی وڵات هەڵبژارد، لە ٢٠١٠ سەرۆك دادگا ئیسلامییەکانی هەڵوەشاندەوە، بەڵام رووبەڕووی بەرەیەکی نوێی ئیسلامی بووەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٩ دژی حکومەتەکەی پێکهات، کاتێ چوار گرووپی ئیسلامی (دادگا ئیسلامییەکان باڵی ئەسمەرە، بەرەی ئیسلامی، سەربازگەی رەئس کەمبونی، سەربازگەی فاروق عانولی) پێکهێنانی هاوپەیمانییەکیان بەناوی حزبی ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی عەمران ئیمان راگەیاند، لە هەمان ساڵدا تاهیر حەسن ئەویس لە ئەسمەرەوە گەڕایەوەو بوو بە سەرۆکی هاوپەیمانییەکە، دوای ئەوەی عومەر ئیمان پاشەکشەی کرد لەبەر شارەزایی ئەویس لە بواری سەربازی، پلانیان دانا بۆ رووخاندنی حکومەتەکەی هاوپەیمانە

**عەلی مەهدی محەمەد سەرۆکی سۆماڵ رۆڵی دادگا ئیسلامییەکانی کەمکردەوە، چونکە وەک وەزارەتی ناوخۆو داد بوون، لە کۆتاییداو بە پاڵپشتیی ئەسیوبیا سەرۆکی سۆماڵ لە ساڵی ١٩٩٧ هەڵیوەشاندنەوە**

**لە ساڵی ٢٠٠٥ ئەنجومەنی باڵای یەکێتیی داگا ئیسلامییەکان پێکهات کە (١١) دادگای شەرعیی لەخۆگرتبوو، ئەنجومەنەکە لە دوو ئەنجومەن پێکهاتبوو**

**دوای ئەوەی دادگا ئیسلامییەکان بەهێزبوون و سوپای خۆیان هەبوو کە پێنج هەزار چەکداری مەشقپێکراو بوون، حکومەتیان رووخاند و لە ساڵی ٢٠٠٦ هەموو شتێکیان کۆنترۆڵ کرد**

ئیسلامییەکەی پێشوویان شەریف ئەحمەد حەسەن، هەروەها بۆ رووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی ئاشتیپارێزی ئەفریقی (ئەمیسوم) نێردەی یەکێتیی ئەفریقیا لە سۆماڵ AMISOM African Union Mission in Somalia، دەستیان گرت بەسەر چەند پێگەیەکی گرنکی نزیك پایتەخت، لە ساڵی ٢٠١٠ محەمەد عوسمان ئارۆس وتەبێژ بەناوی هاوپەیمانی حزبی ئیسلامی رایگەیاند کە بزووتنەوەی موجاهیدینی لاوان هاتۆتە ناویانەوە، بەڵام بەرنامەی توندڕەوی و تەکفیری و تیرۆریستیی بزووتنەوەکە وای کرد کە سەربازگەی رەئس کەمبونی لە هاوپەیمانییەکە بێتە دەرەوەو و حزبێکی سەربەخۆ بەناوی بزووتنەوەی رەئس کەمبونی ئیسلامی پێکبهێنێت، داواشی لە زانایانی سۆماڵ کرد کە دژی ئەو بەرنامە تەکفیرییەی بزووتنەوەی موجاهیدین بوەستنەوە، زانایانیش بەپیر بانگەوازەکەوە هاتن و بزووتنەوەی موجاهیدنیان بە لەڕێ لادان تۆمەتبارکرد، ئەوەش هاوپەیمانیی حزبی ئیسلامیی هاندا لە ساڵی ٢٠١٢ لە بزووتنەوەکە جیابێتەوە، تاهیر حەسەن ئەویس ئامادەیی دەربڕی لەگەڵ حکومەت دانوستان بکات، بەڵام حکومەت لە ساڵی ٢٠١٣ دەستگیری کرد و دوای گفتوگۆی عەشایری لە ساڵی ٢٠١٤ ئازادکرا، ئەنجومەنی ئاسایش بە فشاری ئەمریکا بە تۆمەتی پەیوەندیی لەگەڵ قاعیدە ناوی لە لیستی تیرۆر تۆمارکرد، هاوپەیمانیی حزبی ئیسلامی کاتێ پەنای بردە بەر توندوتیژی لەجیاتی دانوستان لەگەڵ حکومەتدا، دەرکی بە هەڵەی خۆی کرد، لەو هەڵەیەش گەورەتر هاوپەیمانیکردنی لەگەڵ بزووتنەوەی موجاهیدینی سەر بە رێکخراوی قاعیدە بوو.

**هاوپەیمانیی حزبی ئیسلامی کاتێ پەنای بردە بەر توندوتیژی لەجیاتی دانوستان لەگەڵ حکومەتدا، دەرکی بە هەڵەی خۆی کرد، لەو هەڵەیەش گەورەتر هاوپەیمانیکردنی لەگەڵ بزووتنەوەی موجاهیدینی سەر بە رێکخراوی قاعیدە بوو**

### ● بزووتنەوەی موجاهیدینی لاوان

لەسەردەمی رژێمی محەمەد سیاد بەری کە بە توندی دژایەتیی ئیسلامییەکانی دەکرد، وەك کاردانەوەیەك چەندین گرووپی ئیسلامی پەیدابوون، بۆ نموونە: بزووتنەوەی چاکسازیی سەر بە گرووپی ئیخوان موسلمینی میسری لە ساڵی ١٩٧٨، بەڵام بوو بە دوو بەشەوە، لە ساڵی ١٩٨٠ هاوبەندی لاوانی سۆماڵ لە باشوور و بزووتنەوەی لاوانی ئیسلامی لە باکوور یەکێتیی ئیسلامییان پێکهێنا، کە بوو بە بڵاوترین بزووتنەوەی ئیسلامی لە سۆماڵ، کە ئاراستەیەکی سەلەفیی جیهادی هەبوو، بزووتنەوەی یەکێتیی ئیسلامی چەندین سەربازگەی بۆ مەشق و شەڕ دژی رژێمی سیاد بەری کردەوە، دوای رووخانی بەری بەهێزبوون، لە ساڵی ١٩٩٢ شاری (لوق)یان لە ناوچەی (غدو) داگیرکرد و ئیمارەتی ئیسلامییان دامەزراند، چەند سەربازگەیەکیشیان بۆ قاعیدە و ئەفغانی عەرەب کردەوە کە لە ئەفغانستانەوە گەڕابوونەوە، لەوێوە هێرشەکان بۆ دەوڵەتانی دراوسێ و ئەمریکا دەستیان پێکرد، لە ساڵی ١٩٩٨هەردوو باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە نایروبیی پایتەختی کینیاو لە دارولسەلامی پایتەختی تانزانیا تەقێندرانەوە، ئەسیوبیاش لە ساڵی ١٩٩٦ سەبازگەکەی شاری (لوق)ی خاپوورکرد، هەر لەو ساڵەدا یەکێتیی ئیسلامیی خۆی هەڵوەشاندەوە، بەڵام هەندێ گەنج هەر لە خەبات بەردەوام بوون، ناوی بزووتنەوەکە بۆ بزووتنەوەی یاخیبوون گۆڕدرا کە بایەخی زیاتر بە پەروەردەی چاکسازی دەدا، بەڵام هەندێ گەنجی سەلەفیی جیهادی ئەم بیرۆکەیان رەتکردەوە و خەباتی چەکدارییان هەڵبژارد، بۆیە بزووتنەوەی موجاهیدینی لاوانیان دامەزراند، لە ساڵی ٢٠٠٧ ئەندامەکانی لە شاری براوە کۆبوونەوە و ئەحمەد غۆدونی بە سەرۆك هەڵبژێردراو ئیبراهیم ئەفغانی بوو بە جێگری، هەروەها ئادن هاشی ئارۆ بوو بە بەرپرسی سەربازی، ئەم بزووتنەوەیە ساڵی ٢٠٠٥ بڕبڕەی پشتی دادگا ئیسلامییەکان بوو، موختار ئەبو زوبێری ئەمیری بزووتنەوەکە ناسراو بە ئەحمەد عەبدی جودان لە ساڵی ٢٠٠٦ ئەمینداری گشتیی نووسینگەی راپەڕاندنی یەکێتیی دادگا ئیسلامییەکان بوو، دوای داگیرکردنی مەقدیشۆ لەلایەن دادگا ئیسلامییەکانەوە عەبدولا سودر ئارال سەرۆکایەتیی بزووتنەوەکەی دەکردو ئەمریکاش دەستگیری کردو رەوانەی دوورگەی گوانتانامۆی کرد، دوای هاتنی هێزەکانی ئەسیوبیا و دەرکردنی دادگا ئیسلامییەکان لە مەقدیشۆ بزووتنەوەکە لە دادگا ئیسلامییەکان جیابووەوەو لە ساڵی ٢٠٠٧ بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد جودان جیهادی دژی بوونی ئەسیوبیا راگەیاند، کە چەند ولایەتێکی لە ناوەڕاست و باشووری سۆماڵ دامەزراند، توانی لە ساڵی ٢٠٠٩ تا کۆتایی ساڵی ٢٠١١ دەست بەسەر دوو لەسەر سێی گەڕەکەکانی مەقدیشۆدا

بگرێت، دوای ئەوەی ئەمریکا لە ٢٠٠٨ ناوی بزووتنەوەکەی لە لیستی تیرۆر تۆمارکرد، توندڕەوییان زیاتربوو و لە ساڵی ٢٠٠٩ بەیعەتیان بە قاعیدە و ئەمیرەکەی ئوسامە بن لادن دا، لە ساڵی ٢٠١٠ بزووتنەوەکە بەیاننامەیەکی دەرکردو تێیدا گوتی: (جیهاد لە قۆچی ئەفریقی پێویستە لە شێوەی ئەو جیهادەی موجاهیدەکانی ڕێکخراوی قاعیدە بێت، کە لەسەر ئاستی جیهان دەیکەن)، دوای کوشتنی ئوسامە بن لادن دروشمی(هەموومان ئوسامەین)ی بەرزکردەوە و هەڕەشەی تۆڵەکردنەوەی لە بکوژەکەی کرد، دواتر لە ساڵی ٢٠١١ بەیعەتی بە ئەیمەن زەواهیری دا بۆ بەردەوام بوون لەسەر هەمان ڕێباز، قاعیدە تەرکیزی کردە سەر سۆماڵ، چونکە لە ناوچەی عەرەبی نزیکە، بۆیە لە ڕێی بەیاننامەکانیەوە ڕایگەیاند کە حکومەتی شەریف ئەحمەد حەسن کافرو بەکرێگیراوە و پێویستە موجاهیدەکانی سۆماڵ شەڕی لەگەڵدا بکەن، ئوسامە بن لادن ڕووی قسەی لە خەڵکی سۆماڵ بووو دەیگوت: (وەرنە مەیدان بۆ شەڕ ئەی خەڵکی سۆماڵ) زەواهیریش دەنگە تۆمارکراوەکانی بەڕێی کەناڵی جەزیرەی قەتەری بۆ دەناردن بە ناونیشانی: لە کابوڵەوە بۆ مەقدیشۆ، تا سۆماڵ بوو بە مۆڵگەی ئەندامانی قاعیدە و گرووپەکانی سەر بەو لە جیهاندا، بەڵام ئەمریکا دوای ئەوەی لە مەیداندا شکستی هێنا لە ڕێی ئاسمانەوە دەستی کرد بە لەناوبردنی سەرکردەکانیان، دوای پۆلێنکردنی بزووتنەوەکە لە لیستی تیرۆر لەبەر بوونی پەیوەندیی بە قاعیدەوە، ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠٠٨ ئادن هاشی ئارۆ ناسراو بە ئەبو ئەیوب ئەنساریی کوشت، کە لە ئەفریقیا بە زەرقاویی سۆماڵ ناسرابوو، تۆمەتبارکرابوو بە تەقاندنەوەی هەردوو باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە نایروبی و دارولسەلام لە ساڵی ١٩٩٨، هەروەها بەکوشتنی ڕاهیبەیەکی ئیتاڵی لە ساڵی ٢٠٠٦، کە کاتی خۆی حەسەن تاهیر ئەویس بۆ مەشق ناردبوویە ئەفغانستان، دوای کەوتنی تاڵیبان لە ساڵی٢٠٠١ لەگەڵ چەند چەکدارێکی سۆماڵی گەڕابووەوە مەقدیشۆ، ئەبو مەنسور ئەمریکی دوای ئەو هات، بەڵام لەلایەن موختاری ڕۆبۆوە کوژرا، چونکە ڕکابەریی جودانی دەکرد، موختاری ڕۆبۆش سەرکردەیەکی دیاری بزووتنەوەکە بوو، بەڵام وازی هێناو خۆی ڕادەستی حکومەت کردەوە و لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی باشووری سۆماڵ خۆی بەربژێرکرد، دواجار حکومەت بە تۆمەتی تیرۆر دەستگیری کرد، ئەمریکاش بڕی(٥) ملیۆن دۆلاری بۆ دەستگیرکردنی تەرخانکرد، لە ساڵی ٢٠٠٩ ئەمریکا ساڵح نەبهانی سەرکردەی سەربازی کوشت، ئەحمەد عەبدی جودان لە ساڵی (١٩٩٨)ە وە سەرکردایەتیی بزووتنەوەکەی کرد و بە موختار عەلی زوبیر ناسرابوو، تا لە ٢٠١٤ بە فڕۆکەی ئەمریکا کوژرا، ئەمریکاش(٧) ملیۆن دۆلاری بۆ دەستگیرکردنی تەرخانکردبوو، ئەو پیاوە کە بە ئیبن لادنی ئەفریقیا ناسرابوو، زۆر توندڕەو بوو هەر یەکێك ڕکابەری بوایە لەنێو بزووتنەوەکە دەیکوشت، بگرە هەر لە ئەبو مەنسور ئەمریکی تا دەگاتە ئەحمەد جزنی و ئیبراهیم ئەفغانی، بزووتنەکەی کردەوەیەکی خۆکوژیی ئەنجام دا کە عومەر حاشی ئادنی وەزیری پێشووی ناوخۆی سۆماڵ و(٣٠) کەسی یاوەری کردە ئامانج، بە تۆمەتی ئەوەی وەزیر کافر و هەڵگەڕاوە و یاخییە، هەروەها لە ساڵی ٢٠١٠ لەوکاتەی سەیری یاریی تۆپی پێیان دەکرد کەمبالای لە ئۆگەندا تەقاندەوە و (٧٤)کەسی کوشت، دواتر جودان لە بەیاننامەیەکدا گوتی: (ئەوەی لە ئۆگەندا ڕووی دا تەنیا سەرەتایەك بوو)، هەروەها بزووتنەوەکە لە سەردەمی ئەو لە ساڵی٢٠١٥ هۆتێلی مەقدیشۆی تەقاندەوە و وەزیرێکی سۆماڵی و دوو پەلەمانتاری تێدا کوژرا، لە هەمانساڵیشدا پەلاماری زانکۆی شاری (غارسیا)یاندا لە کینیا و چەند کریستیان و موسڵمانێکیان بە بارمتە گرت و (١٤٠) کەسیشیان کوشت.

باسی گرووپە ئیسلامییەکانی دیکەشمان نەکردووە، وەك گرووپی تەبلیغ کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٧٦ و یەکەمین دامەزرێنەری محەمەد ئیلیاس کاندهلۆی هیندی بوو، یان گرووپی ئال شێخ کە لە ساڵی ١٩٨٣ دامەزرا، هەروەها بزووتنەوەی ئیسلاحی سەر بە گرووپی ئیخوان موسلمینی میسری، یان گرووپی ئەهلی سوننە و جەماعەتی سۆفی، هەروەها گرووپی هیجرە و تەکفیر، چونکە ئەو بزووتنەوەیە کۆنترۆڵی هەموو گۆڕەپانی ئیسلامی سیاسیی لە سۆماڵ کردبوو.

**دوای داگیرکردنی مەقدیشۆ لەلایەن دادگا ئیسلامییەکانەوە عەبدوڵا سودر ئارال سەرۆکایەتیی بزووتنەوەکەی دەکردو ئەمریکاش دەستگیری کردو ڕەوانەی دوورگەی گوانتانامۆی کرد**

**قاعیدە تەرکیزی کردە سەر سۆماڵ، چونکە لە ناوچەی عەرەبی نزیکە، بۆیە لە ڕێی بەیاننامەکانیەوە ڕایگەیاند کە حکومەتی شەریف ئەحمەد حەسن کافرو بەکرێگیراوە و پێویستە موجاهیدەکانی سۆماڵ شەڕی لەگەڵدا بکەن**

دیمانەی تایبەت



**تا ئێستا پێدەچێت سەرۆک ترەمپ خوازیاری ئەوە نەبێت خۆی لە شەڕێکی دیکەی سەربازییەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا تێوەبگلێنێت**

*** بەگشتی لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی لە پەیوەندی بە ئێران و ئەو سزا و گوشارانەی سەپاندبوویەتی بەسەر ئەو وڵاتەدا، چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەڕوانیت؟**

- پێدەچێت ناکۆکی لە بیروبۆچونەکاندا هەبێت لەسەر ئاستی هەرە باڵای ئیدارەی ترەمپ، یەکەمیان لەبارەی ئەوەی ئایا تا چ ڕاددەیەك هەڕەشەی ئێران هەڕەشەیەکی جددییە و دووەمیان پەیوەستە بەوەی ئایا کاردانەوەی گونجاو ئەگەر هەبێت لە ئاست ئەو هەڕەشەیەدا چییە. تا ئێستا پێدەچێت سەرۆك ترەمپ خوازیاری ئەوە نەبێت خۆی لە شەڕێکی دیکەی سەربازییەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا تێوەبگلێنێت. لەلایەکی دیکەوە جۆن بۆڵتۆن ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی هەوڵی ئەوە دەدات کە هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی ئێران ناچار بکات هەڵوێستێك بگرێتەبەر کە ئەمریکا بە پەسەندی بزانێت، یان لەوە دوورتر، کار بکرێت لەسەر بەکارهێنانی هێزی سەربازی لەنێوان ئەمریکا و ئێراندا. کەواتە لە نێوان سەرۆك و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی لەبارەی بەکارهێنان و بڵاوەپێکردنی هێزەوە بۆچوونی جیاواز هەیە، لەلایەکی دیکەوە ڕوون نییە، ئایا ئامانجەکانی ئیدارەی ئەمریکا چین لەم ناوچەیەدا بەگشتی و لەبەرامبەر ئێراندا بەتایبەتی.

*** ڕەخنەیەکی دیکە لە ئیدارەی ترەمپ ئەوەیە کە پلانی نییە بۆ ئیدارەدانی ئەو بارگرژییانەی کە دروست بوون، کەواتە ئایا شەڕ ئەگەرێکە و دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، یان دەگەینە حاڵەتێك کە دەتوانرێت کار بکرێت بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکان؟**

- بە دڵنیاییەوە من ئومێدی ئەوە دەکەم کە دۆخەکە نەگاتە حاڵەتی شەڕ، بەڵام ئەوەی لەم نێوەندەدا فەرامۆش کراوە، بریتییە لە دیپلۆماسییەت، کوا دیپلۆماسییەتی ئێمە. ئێمە وەزارەتی دەرەوەمان

ستیڤن سیمباڵا
پرۆفیسۆری زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# پێویستە ئەمریکا لەبری ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئێران دەست بە کۆششێکی دیپلۆماسیی جددی بکات

**ستیڤن سیمباڵا پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی ویلایەتی پەنسلڤانیا و خاوەنی چەندین کتێب و توێژینەوەیە لە بواری دیراساتی ئاسایشی نێودەوڵەتی، سیاسەتی بەرگری، چەکی ناوکی و کۆنترۆڵکردنی چەك و هەواڵگری و چەندین بواری دیکە. بە گشتی شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، کۆنترۆڵکردنی چەکی ناوکی، کۆتاییهێنان بە شەڕ و ناکۆکی. بۆ قسەکردن لەبارەی دوایین پێشهات و پەرەسەندنەکانی هەڵکشانی بارگرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا.**

هەیە، کەواتە دەبێت بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئێران لەسەرجەم ئاستەکاندا سوود لە سەرجەم سامانە دیپلۆماسییەکانمان وەربگرین، واتە نەك تەنیا لەسەر ئاستی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی ئێران و ئەمریکا، بەڵکو دەبێت بە چەشنی ئەوەی لەگەڵ وڵاتانی دیکە هەمانە لەسەر ئاستی دامەزراوەی سەربازیش گفتوگۆ لەگەڵ یەکدا بکەین، کەواتە کەلێنێکی گەورە هەیە لە نێوان خەونەکانی ئێمە بۆ ئەم ناوچەیە لەگەڵ بوونی دیپلۆماسییەتێکی بەردەوام بۆ ئەوەی پشتیوانی لێبکات، کە ڕوون نییە هۆکارەکەی چییە. بە تێڕوانینی من کاتێك ڕێکس تیلەرسۆن وەزیری دەرەوە بوو لە پێگەیەکی زۆر لاوازدا بوو، ئێستا مایك پۆمپیۆ هەوڵدەدات هەندێ لە تواناکان بگەڕێنێتەوە، بەڵام باوەڕ دەکەن یان نا، ئەوا تا ئێستا ئێمە چەندین پۆستی باڵیۆزەکانمان لە وڵاتانی گرنگدا لەنێویاندا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بەتاڵی هێشتۆتەوە، کەواتە ئێمە پێویستمان بە کارکردن لەسەر ئاستێکی باڵای دیپلۆماسی هەیە، لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا، کە دەبێت ئەمە بەپەلە بکرێت و دوانەخرێت.

*** هەندێ جار بەرپرسانی باڵای ئیدارەی ئەمریکا ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەوان نایانەوێت دەسەڵاتی ئێرانی بگۆڕن و خوازیاری شەڕ نین لەگەڵ ئێراندا، بەڵام دەیانەوێت سیاسەت و هەڵسوکەوتەکانی بگۆڕن، ئایا ئەمە تا چەند سیاسەتێکی واقیعبینانەیە؟**

- بە دڵنیاییەوە من ئومێدی ئەوە دەکەم کە ئامانجەکە گۆڕینی دەسەڵات نەبێت لە ئێران، بەڵام من گومانم هەیە لەوەی هەندێ لە بەرپرسانی ئیدارەی ترەمپ (کە مەرج نییە خودی ترەمپ خۆی یەکێك بێت لێیان) هەن کە پێیان وایە گۆڕینی دەسەڵات لە ئێراندا بیرۆکەیەکی باشە. ئەوەتا بۆ چەندین ساڵە جۆن بۆڵتۆن بە ئاشکرا خواستی خۆی دەربڕیوە بۆ گۆڕینی دەسەڵات لە

**جۆن بۆڵتۆن راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی هەوڵی ئەوە دەدات کە هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی ئێران ناچار بکات هەڵوێستێک بگرێتەبەر کە ئەمریکا بە پەسەندی بزانێت**

**کەلێنێکی گەورە هەیە لە نێوان خەونەکانی ئێمە بۆ ئەم ناوچەیە لەگەڵ بوونی دیپلۆماسییەتێکی بەردەوام بۆ ئەوەی پشتیوانی لێبکات، کە روون نییە هۆکارەکەی چییە**

**کاتێک رێکس تیلەرسۆن وەزیری دەرەوە بوو لە پێگەیەکی زۆر لاوازدا بوو، ئێستا مایک پۆمپیۆ هەوڵدەدات هەندێ لە تواناکان بگەڕێنێتەوە**

**باوەڕم وایە دەبێت گۆڕینی ناوچەکە لەسەر دەستی سەرکردەکانی ناوچەکە رووبدات و ئەمریکا لەم رووەوە ناوبژیوانێکی بێلایەن بێت و بایەخ بە بەرژەوەندییە گرنگەکانی وڵاتەکەی بدات**

ئێراندا، بەڵام پێم وایە وەسفکردنەکەی ئێوە دیققەتی تێدایە، چونکە ئەمریکا دەیەوێت ئێران پشتیوانییەکی کەمتر بکات لە تیرۆریزم و هێزە نانیزامییەکانی دیکە لە وڵاتانی دیکەدا، لەنێویاندا سووریا و یەمەن و لوبنان، هەروەها ئاشکرایە کە ئێران زۆر دەستڕۆیشتووە لە عێراقدا، کەواتە کاتێك ئەمریکا فشاری دیپلۆماسی و ئابووری بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی گوشار لەسەر ئێران دروست بکات لە پەیوەندی بە بەکارهێنانی وەکیلە سەربازییەکانیەوە لە هەندێ ناوچەی دیاریکراودا کارێکی نامەنتیقی نەکردووە، کە گرنگن بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا. بەڵام نابێت ئەمە بگۆڕدرێت بۆ هەوڵی گۆڕینی دەسەڵات لە ئێراندا، ئەمە مایەی کارەسات دەبێت، واتە نابێت گریمانەی ئەوە بکەین کە رووخانی دەسەڵات لە ئێراندا بە ئاراستەیەکدا دەبێت کە لە بەرژەوەندیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیدا بێت، بەڵکو دەکرێت پێچەوانەی ئەمە رووبدات.

*** پێت وایە بە لەبەرچاوگرتنی فشارە ئابوورییە سەختەکان، ئێران رازی دەبێت لە ناوچەکەدا رۆڵێکی کەمتری هەبێت؟**

- ئەوە راستە کە توندکردنەوەی فشارە ئابوورییەکان دۆخێکی خراپی بۆ خەڵکی ئاسایی و چینی ناوەڕاستی ئێرانی دروست کردووە، هەروەها بۆتە مایەی بەهێزکردنی پێگەی ئەو کەسانەی نێو ئێران کە پتر دوژمنکارن بەرامبەر ئەمریکا، واتە ئەوان ئاماژە بە فشار و سزاکانی ئەمریکا دەکەن و دەیکەنە بەڵگەی ئەوەی کە ئەمریکا نایەوێت وەك وڵاتێکی شەرعی مامەڵە لەگەڵ ئێراندا بکات، بڕیاری ئەمریکاش بە کشانەوە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە هاوکار نەبوو لەم رووەوە، بگرە بڕیارێکی هەڵە بوو، تەنانەت ئەمە مایەی ئیحراجییەکی زۆر بوو بۆ میانڕەوەکانی نێو ئێران و بووە مایەی بەهێزکردنی رادیکاڵەکان.

*** دەگوترێت یەکێك لە لێکەوتەکانی کشانەوەی ئەمریکا لەم رێکەوتنە ئەوەیە کە چیتر ناتوانرێت متمانە بە ئەمریکا بکرێت، کە لە داهاتوودا بە بەڵێن و رێککەوتنەکانیەوە پابەند دەبێت، خوێندنەوەی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- هێشتا ئەو وڵاتانەی دیکە کە واژوویان لەسەر ئەم رێککەوتنە کردووە، پێوەی پابەندن، بەڵام ئەگەر رێککەوتنەکە هەڵبوەشێتەوە، ئەوا رێگاکە خێراتر دەبێت بۆ ئێران بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی، کەواتە هەڵوەشاندنەوەی ئەم رێککەوتنە هەڵەیە. من پێم وایە دەبێت پتر لە رووی دیپلۆماسییەوە مامەڵە لەگەڵ ئێران بکەین و دەبێت دەست لەوە هەڵگرین کە وەك دەوڵەتێکی دابڕاو و گۆشەگیر مامەڵە لەگەڵ ئێراندا بکەین، واتە دەبێت وەك وڵاتێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و پەیوەندیی دیپلۆماسیمان لەگەڵیدا هەبێت، ئەگەر ئێمە پەیوەندیی دیپلۆماسیمان هەبێت لەگەڵ کۆریای باکووردا، ئیدی بۆ لەگەڵ ئێراندا نەمانبێت، هەرچەندە دەبێت ئەو پەیوەندییە لە رێگەی ناوبژیوانێکەوە بێت، بەڵام ئاساییە با ئەنجامی بدەین. هەروەها پێویستە هاوپەیمانەکانمان لە ناتۆش بەشدار بن لەم رووەوە.

*** وەك ئاشکرایە ئێران داوای لە وڵاتە ئەوروپییەکان کردووە کە لە ماوەی ٦٠ رۆژدا هەوڵی رزگاکردنی رێککەوتنە ئەتۆمییەکە بدەن، بەڵام ئەگەر هاتوو یەکێتیی ئەوروپا ئەم کارەی نەکرد، ئایا ئێران پەنا دەباتەوە بەر چالاککردنەوەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی؟**

- من پێم وایە ئەگەر یەکێتیی ئەوروپا بە چەشنی ئەمریکا لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکشێتەوە، ئەوا ئێران هەموو پاڵنەرێکی بۆ دروست دەبێت، بۆ ئەوەی لە رێککەوتنەکە بکشێتەوە، هەرچەندە ئەمە جێی داخە، چونکە من ئەمە بە باش نازانم، بە دەربڕینێکی دیکە ئەگەر یەکێتی ئەوروپا لەم رێککەوتنە بکشێتەوە، ئایا چ پاڵنەرێك بۆ ئێران دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی هاوکاریی بکات، ئەمەش ئەوەندەی دیکە کۆنترۆڵکردنی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران زەحمەت دەکات، تەنیا ئەگەر هاتوو هێزی سەربازی بەکارهێنرا، بەڵام کێ خوازیارە ئەمە بکات، ئەمە مایەی کارەسات دەبێت.

*** هەندێ جار ئاماژە بەوە دەکرێت کە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ئاست ئێراندا سەرکەوتوو بوونە، بەڵام ئێستا ئەوەتا ئەمریکا گفتوگۆ لەگەڵ کۆریای باکووردا دەکات، ئایا دەکرێت پێشبینی ئەوە بکەین کە لە کۆتاییدا ئەمریکا و ئێرانیش پەنا ببەنەوەبەر گفتوگۆ؟**

- سەرەتا من هاوڕا نیم لەگەڵ ئەوەی سیاسەتەکانی ئێمە لە ئاست ئێراندا سەرکەوتوون، بە باوەڕی من دەبێت سیاسەتێکی پتر ئەرێنی بگرینەبەر کە کەمتر رووبەڕووبوونەوە لەخۆبگرێت. ئەوەی پەیوەندی بە کۆریای باکورەوە هەبێت، ئەوا ئێمە دەزانین لە سالآنی نەوەتەکانەوە رێککەوتن دەکرێت، بەڵام کۆریا هەڵیاندەوەشێنێتەوە، کەواتە من کۆریای باکوور بە وڵاتێك دانانێم کە لە

پەیوەندی بە گفتوگۆی پەیوەندیدار بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەیەوە شایستەی متمانەپێکردن بێت، پێم وایە شێوازی کارکردنی ترەمپ کە سەرەتا لوتکەیەکی سازکرد بۆ ئەوەی ڕێککەوتنێك بکرێت، لە جێی خۆیدا نەبوو، واتە دەبوو لە سەرەتادا کەسانی تایبەتمەند لە ڕووسیا و چین و یابان و کۆریای باشوور لەگەڵ لایەنی ئەمریکی کۆبوونایەتەوە، بۆ ئەوەی ڕێککەوتن بکرێت لەبارەی ئەوەی ئایا کۆریای باکوور بۆ داماڵینی چەکە ئەتۆمییەکانی ئامادەیە لەسەر چی گفتوگفتۆ بکات، کە دەبوو ئەوەش بە جەردێك دەستپێبکات بۆ دامەزراوە ئەتۆمییەکانی. هەروەها کۆریای باکوور خاوەنی چەکی ئەتۆمییە کە ئەمەش وا دەکات جیاواز بێت لە حاڵەتی ئێران لەو ڕووەوە.

*** ئەی ڕێگاچارەی دەرچوون و دەربازبوونی لەم بنبەستە چییە، ئەمریکا دەڵێت ئێران بەشێکە لە کێشەکە ئایا دەکرێت ببێتە بەشێك لە چارەسەر؟**

- نابێت بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ ئێراندا بکەین وەك ئەوەی دەوڵەتێکی دوژمنە و دەبێت ڕووبەڕووی ببینەوە، لەبری ئەوە دەبێت پەیوەندییەکی دیپلۆماتی جدددیمان هەبێت لەگەڵ ئێراندا، ئیدی بە ڕاستەوخۆ بێت، یان ئەگەر پێویست بوو لە ڕێی میانگیرەوە، بۆ ئەوەی کار لەسەر نوێکردنەوە و بەهێزکردنی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکرێت، هەروەها دەبێت کار لەسەر پرسەکانی دیکەش بکرێت، وەك پشتیوانیی ئێران لە میلیشیاکان و لە تیرۆریزم و... هتد، لە بەرامبەردا ڕزگارکردنی ئێران لەو دۆخە نالەبارەی دارایی و ئابوورییەی تێی کەوتووە. باشە ئێمە لە میانەی شەڕی ساردا گفتوگۆمان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا کرد، کە سیاسەتە فەرمییەکەی بریتی بوو لە سەرکەوتنی کۆمۆنیزم لە جیهاندا و لە ناوچوونی سەرمایەداری. واتە لەبری ئەوەی لە ڕێی بەیاننامەی ڕۆژنامەوانی و تاقیکردنەوەی مووشەکییەوە گفتوگۆ بکەین، دەبێت دەست بە گفتوگۆیەکی جددی بکەین لەگەڵ یەکدا، کە ئێستا ئێمە ئەمە ناکەین و ئەمەش هەڵەیە.

*** ئەی ڕۆڵی سعودیە و ئیسرائیل لەم نێوەندەدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- بە دڵنیاییەوە سعودیە خۆشحاڵە کە دەبینێت ئەمریکا فشاری لەسەر ئێران دروست کردووە، بەڵام لێرەدا ئەمریکا لەبەردەم هاوسەنگییەکی هەستیاردایە، لەلایەك ئیسرائیل بە متمانەپێکراوترین هاوپەیمان لە ناوچەکە دەزانێت، لە هەمان کاتدا سعودیشە بە هاوپەیمان دەزانێت، لە کاتێکدا ئەم دوو وڵاتە لە پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەوەدا جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە. پێم وایە دەبێت ئەمریکا ئەوە دەستنیشان بکات کە بەرژەوەندییەکانی ئەو چین لەم ناوچەیەدا، من لە کەیسی ئیحتیواکردنی ئێران تێدەگەم کە بەردەوامە لە پشتیوانیکردنی تیرۆریزم و کارەکانی دیکە کە لە بەرژەوەندی ئەمریکا نین، بەڵام جیاوازی هەیە لە نێوان ئیحتیواکردن و لە نێوان مامەڵەنەکردن لەگەڵ ئێراندا وەك دەوڵەت و کاراکتەرێکی شەرعی، کە پێم وایە ئەمەش هەڵەیە.

*** لە کاتێکدا تێکڕای سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەوەیە کە باوەڕی بە ڕێککەوتنە لەگەڵ وڵاتان بە دەر لە سیاسەت و هەڵوێستیان، بەتایبەتی کە ئەمریکا پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی دەبێت حکومەتی ئێران سیاسەتەکانی بگۆڕێت، ئایا هیچ دژیەکییەك لە سیاسەتەکانی ئەمریکا بەرامبەر ئێران دەبینی؟**

- بەڵێ، ئەمە دژیەکییە و ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن ڕاستە، چونکە ئاڕاستەی گشتیی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەوەیە بایەخ بە سیاسەتی ئەو وڵاتانە نەدات کە ڕێککەوتنیان لەگەڵدا دەکات، لە کاتێکدا هەندێ کەسایەتی نێو ئیدارەی ئەمریکا دەیانەوێت ئێران بکەنە بابەتێك بۆ گۆڕینی ناوچەکە، بەڵام ئەمە لەگەڵ عێراقدا تاقیکرایەوە، کە بینیمان چ دەرئەنجامێکی لێکەوتەوە، کەواتە من گەشبین نیم لەم ڕووەوە. من باوەڕم وایە دەبێت گۆڕینی ناوچەکە لەسەر دەستی سەرکردەکانی ناوچەکە ڕووبدات و ئەمریکا لەم ڕووەوە ناوبژیوانێکی بێلایەن بێت و بایەخ بە بەرژەوەندییە گرنگەکانی وڵاتەکەی بدات. ڕاستە ئاسانە کار لەگەڵ هاوپەیمان و شەریکەکان بکەیت، بەڵام هەندێ جار پێویستە کار لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بکەین کە دوژمنکارییان لەنێوانیاندا هەیە و پێویستە گفتوگۆ هەبێت لە نێوانیاندا، چونکە ڕەنگە هەندێ کێشە هەبن کە هاوڕابن لەبارەیانەوە. ئێمە پەیوەندیی بازرگانیمان لەگەڵ چیندا هەیە، لە کاتێکدا چین بە ئاشکرا دەیەوێت جێ بە ئەمریکا لێژ بکات لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی لە ڕووی ئابوورییەوە و ڕەنگە لە ڕووی سەربازیشەوە هەمان ویستی هەبێت. واتە سەرەڕای ئەوەی ئەمریکا و چین دوو وڵاتی ململانێکارن، بەڵام پەیوەندییەکی دیپلۆماسیی ئاسایی لە نێوانماندا هەیە و لە پەیوەندی بەو پرسانەی کە بۆچوونی جیاوازمان هەیە لەبارەیانەوە گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکەین.

**کاتێک ئەمریکا فشاری دیپلۆماسی و ئابووری بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی گوشار لەسەر ئێران دروست بکات لە پەیوەندی بە بەکارهێنانی وەکیلە سەربازییەکانیەوە لە هەندێ ناوچەی دیاریکراودا کارێکی نامەنتیقی نەکردووە**

**نابێت گریمانەی ئەوە بکەین کە ڕووخانی دەسەڵات لە ئێراندا بە ئاڕاستەیەکدا دەبێت کە لە بەرژەوەندیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیدا بێت، بەڵکو دەکرێت پێچەوانەی ئەمە ڕووبدات**

**ئەگەر ئێمە پەیوەندیی دیپلۆماسیمان هەبێت لەگەڵ کۆریای باکووردا، ئیدی بۆ لەگەڵ ئێراندا نەمانبێت، هەرچەندە دەبێت ئەو پەیوەندییە لە ڕێگەی ناوبژیوانێکەوە بێت، بەڵام ئاساییە با ئەنجامی بدەین**

دیمانەی تایبەت



جۆن تیرمان

تویژەری سیاسی بۆ گوڵان:

# ترەمپ خوازیاری شەڕ نییە، بەڵام بە ئاسانی دەتوانرێت بخزێندرێتە شەڕەوە

**جۆن تیرمان توێژەری سیاسی و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پرۆگرامی دیراساتی نێودەوڵەتییە لە ئەنستیتۆی تەکنۆلۆژیی ماساچووسیتس، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، چارەسەرکردنی ناکۆکی، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی دەرەوە، تیرۆریزم و مافەکانی مرۆڤ. لە میانەی دیمانەیەکدا گۆڤاری گوڵان چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێکرد، کە پتر پەیوەست بوون بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەتایبەتی لە ئاست ئێران و شرۆڤەکردنی هەڵشکانی بارگرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران.**

*** هەروەك ئاشکرایە چەندین پەرەسەندنی دراماتیکی لەم ناوچەیەدا روودەدەن، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە هەڵکشانی بارگرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێرانەوە، شرۆڤەی ئێوە بۆ ئەم پەرەسەندنانە چییە و ئایا شەڕ لە ئاسۆدا دەرکەوتووە؟**

- نەخێر، من باوەڕم وا نییە شەڕ روبدات، لەبەر ئەوەی پێم وایە ترەمپ وەك ئەو کەسانەی دەیانەوێت خۆیان بەسەر کەسانی دیکەدا زاڵ بکەن، لە بنەڕەتدا کەسێکی ترسنۆکە و بە راستی نایەوێت شەڕێك بکات کە لە رووی سیاسییەوە لە ئەمریکا کێشەی بۆ دروست بکات. هەروەها ئەو رەخنەی لە رووداوەکانی عێراق گرت لە ساڵی ٢٠٠٣، هەرچەندە تا رادەیەك پشتیوانی شەڕەکە بوو، بەڵام ئێمە بینیمان لە هەڵمەتی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەیدا لە ساڵی ٢٠١٦ ئاماژەی بەوەکرد کە بۆ ئەمریکا شەڕ مایەی کارەسات بووە، واتە رەنگە پێی وابێت، شەڕ لەگەڵ ئێراندا هەمان دەرئەنجامی لێ بکەوێتەوە، بەڵام ئەوەی ترەمپ خوازیاریەتی ئەوەیە لە رێی گۆشەگیرکردن و گوشارەوە کێشە بۆ کۆماری ئیسلامی دروست بکات بۆ ئەوەی لە دەرئەنجامدا بڕووخێت، یان کردارەکانی بگۆڕێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمریکادا بگونجێت، واتە بە تێڕوانینی من ئەمە ئامانجی ئەوە لەسەر ئاستی ستراتیژی. بەڵام جۆن بۆڵتۆن- راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی- خوازیاری شەڕە، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە کە ئەو بڕیار بەدەست نییە.

*** ئێوە ئەگەری شەڕ بە دوور دەزانن لەم کاتەدا، بەڵام ئایا هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵکشانی ئەم گرژییانە چین؟**

- گومان لەوەدا نییە کە هۆکارەکە خودی ترەمپە، چونکە لە دوای بوونی بە سەرۆکی ئەمریکا، ئێمە دەزانین لە سایەی ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆبامادا رێککەوتنی ئەتۆمی واژوو کرا، کە بە تەواوی لە ئێراندا جێی پێشوازیلێکردن نەبوو، چونکە پێیان وابوو ئەو بڕگەیەی نێو رێککەوتنەکە کە باس لە هەڵگرتنی سزاکانی سەر ئێران دەکات، بڕگەیەکی ناتەواوە، بەڵام ئێمە

**جۆن بۆڵتۆن- راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی- خوازیاری شەڕە، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە کە ئەو بڕیار بەدەست نییە**

**ئەوەی ترەمپ خوازیاریەتی ئەوەیە لە ڕێی گۆشەگیرکردن و گوشارەوە کێشە بۆ کۆماری ئیسلامی دروست بکات بۆ ئەوەی لە دەرئەنجامدا بڕووخێت، یان کردارەکانی بگۆڕێت**

**یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی ئەم ناوچەیە کە شرۆڤەکارە ئەمریکییەکان ئاماژەی پێ دەکەن بریتییە لە ناسەقامگیریی دەوڵەت لەم ناوچەیەدا،**

دەزانین لە دوای گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە لەلایەن سەرۆك دۆناڵد ترەمپەوە، گوتارەکە بە شێوەیەکی دراماتیکی گۆڕا، ئەوە بوو لە ڕێککەوتنەکە کشایەوە و دووبارە سزاکانی بەسەر ئەو وڵاتەدا سەپاندەوە، کەواتە پێم وانییە گومانێك هەبێت لە بارەی ئەوەی کە ئۆباڵی هەڵکشانی بارگرژییەکانی ئەم دواییەی نێوان ئەمریکا و ئێران لە ئەستۆی ئەمریکایە.

*** ئەی چۆن لە دەرئەنجامەکانی ئەم گوشارە ئابوورییانەی سەر ئێران دەڕوانیت، ئایا پێت وایە ئێران ناچار بە سازشی قورس دەکات، یان دەبێتەهۆی ئەوەی دووبارە بگەڕێتەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ؟**

- لەم ساتەوەختەدا روون نییە کە ئایا گفتوگۆی نێوان ئەمریکا و ئێران چی لەخۆدەگرێت، هەرچەندە وا پێ دەچوو کە وەزیری دەرەوەی ئێران (جەواد زەریف) کاتێك لە ئەمریکا بوو، هەندێ دەستپێشخەری بکات بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ، بەڵام روون نییە ئایا ئامانجەکانی ئەمریکا لەم گفتوگۆیانەدا چی دەبن، ئەمە جگە لەو داواکارییانەی کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (پۆمپیۆ) خستیەڕوو، کە ئاشکرایە ئەم داواکارییانە لەلایەن ئێرانەوە قابیلی قبووڵکردن نین، چونکە ئەگەر ئێمە لە قسە و لێدوانەکانی ماوەی رابردوی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بڕوانین، ئەوا چەندین داواکاری لە ئێران هەبووە، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان پەیوەندییان بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە هەبوو، واتە ئاماژەکراوە بە تێوەگلانی ئێران لە یەمەن و سووریا و لوبنان و پشتیوانیکردنی لە حزبوڵلا و پاڵپشتیکردنی لە حەماس و پرسی مافەکانی مرۆڤ لە نێوخۆی ئێراندا، کە ڕێی تێناچێت ئێران ئەم داواکارییانە جێبەجێ بکات، نەك تەنیا لەبەر ئەوەی لە رووی سیاسییەوە لە ناوخۆی ئێراندا کارێکی کردەنی نییە، بەڵکو ئەمە کاری ئەمریکا نییە کە بە ئێران بڵێت نابێت چالاك بێت لە بەرگری لەخۆکردن لە ناوچەکەی خۆیدا، وەك شەڕکردنی لە دژی داعش لە عێراق و کارە هاوشێوەکانی دیکە، کەواتە روون نییە لای من ئەو گفتوگۆیە چی لەخۆدەگرێت کە ببێتەهۆی هێنانەئارای پەیوەندییەکی بنیاتنەرانە لە نێوان هەردوو وڵاتدا.

*** ئایا پێت وایە کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە (ساڵێك بەر لە ئێستا) میسداقییەتی ئەمریکای بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ لە داهاتوودا لاواز کردووە؟**

- بەڵێ، ئەمە بەشێکی کێشەکە بوو، ئەمە ڕێککەوتنێك بووە بۆ ماوەیەکی زۆر گفتوگۆی لەبارەوە کرا، نەك تەنیا لەلایەن ئەمریکاوە، بەڵکو لەلایەن پێنج وڵاتەوە سەرەڕای ئێران و ئەمریکا و بە مۆڵەتی نەتەوە یەکگرتوەکانیش بوو. کەواتە زەحمەتە بۆ کەسانی وەك ئێمە کە رەخنە لە ئیدارەی ترەمپ دەگرین- لەوە تێبگەین ئایا ئەم ئیدارەیە بە کشانەوەی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێران چ دەستکەوتێکی بەدەست هێناوە، لە کاتێکدا ئەم ڕێککەوتنە توانای ئێرانی بۆ دروستکردنی چەکی ناوکی سنووردار دەکرد، هەرچەندە هیچ بەڵگەیەك نەبوو کە ئێران بەم ئاراستەیەدا کاربکات، لە بەرامبەردا جۆرێك لە سەقامگیری بۆ ئێران دروست دەکرد. ئێمە دەزانین یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی ئەم ناوچەیە کە شرۆڤەکارە ئەمریکییەکان ئاماژەی پێ دەکەن بریتییە لە ناسەقامگیریی دەوڵەت لەم ناوچەیەدا، کەواتە لاوازکردنی ئەم ڕێککەوتنە هەنگاوێکی بێ بەرهەم بوو، هەروەها ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە هەر گفتوگۆیەکی ستراتیژی کە لە ئایندەدا ئەمریکا ئەنجامی بدات لەگەڵ کۆریای باکوور، یان وڵاتانی دیکەدا بە گومانەوە لێی دەڕوانرێت، چونکە خودی متمانەی ئەمریکا وەك لایەنێکی گفتوگۆکار گومانی لەسەرە.

*** بەبۆچوونی ئێوە ئەم هەڵمەتی سزا و گوشارانەی ئەمریکا لە دژی ئێران بە دیپلۆماسییەتی ناچارکردن وەسف دەکرێت؟ ئایا ئەم هەڵمەتە سەرکەوتوو بووە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەم هەڵمەتە ناچارکردنی تێدایە، هەر ئەمەش نییەتەکە بوو، هەروەك ئەوەی کە ئیدارەی ئەمریکا خۆیشی گوزارشتی لێ کردووە، بەڵام ئایا شەرعییە و تاکتیکییە؟ ئەوا ئەمە مەسەلەیەکی تەواو جیاوازە، چونکە روون نییە ئایا ئەمریکا بە پشتبەستن بە چ پاساوێك ئەم سزایانەی سەپاندووە بەسەر ئێراندا، چونکە هیچ بەرژەوەندییەکی راستەوخۆی بۆ ئەمریکا نییە کە بە پشتیوانیی سەربازیی ئێران بۆ ئەسەد، یان پشتیوانییەکانی بۆ حوسییەکان لە یەمەن کاریگەر بێت. کەواتە من پێم وانییە ئەم جۆرە دیپلۆماسییەتە شەرعیەتی هەبێت، بەڵام ئەگەر پرسیارەکە ئەوە بێت، ئایا کارایە، ئەوا دەکرێت

کارا بێت، بەتایبەتی ئەگەر بەرزبونەوەی ڕێژەی هەڵئاوسان لە ئێران و گرانبوونی نرخی نان لەو وڵاتەدا لەبەرچاو بگرین، کە بۆی هەیە دۆخەکە خراپتریش بێت، من پێم وایە ڕەنگە ئێران لەگەڵ هەندێ وڵاتی وەك چین و ڕەنگە ئەورووپاش هەوڵی گەیشتن بە جۆرێك لە ڕێککەوتن بدات و ئارام بگرێت، بە ئومێدی ئەوەی ترەمپ لە دەسەڵاتدا نەمێنێت، بەڵام ئەوەش هێشتا نزیکەی دوو ساڵی ماوە.

*** هەروەك ئاشکرایە ئێران ماوەی ٦٠ ڕۆژی بە وڵاتە ئەورووپییەکان داوە، بۆ ئەوەی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە ڕزگاری بکەن، ئایا ئەگەر وڵاتانی ئەورووپا داخوازییەکانی ئێرانیان جێبەجێ نەکرد، ئێران دووبارە دەست بە بەرفراوانکردنەوەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی دەکاتەوە؟**

- ئاشکرایە دوو بۆ سێ هەفتە بەر لە ئێستا ئێران ئاماژەی بە ئەگەری دەستەبەردرابوونی هەنگاو بە هەنگاو لە هەندێ بڕگەکانی ڕێککەوتنە کرد، بەتایبەتی ئەوەی بە پرسی پیتاندنی یۆرانیۆمەوە پەیوەست بێت، من پێم وایە ئەمە بەردەوام دەبێت، بەڵام بە تێڕوانینی من کشانەوەی یەکجارەکیی ئێران لە ڕێککەوتنەکە بێبەرهەم دەبێت، چونکە پێشبینیی ئەوە دەکەم ترەمپ لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بدۆڕێت، لەبەر ئەوە پێویست ناکات دووبارە گفتوگۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی سزاکانی لەسەر ئێران هەڵبگیرێن، من دەزانم لە ڕووی سیاسییەوە دژوارییەکی زۆر بۆ ئێران دروست دەبێت، لە کاتێکدا کە ترەمپ ئەو سزایانەی بەسەر وڵاتەکەیاندا سەپاندبێت. بەڵام ئەوەی لە ئێرانیش بەدی کراوە، ئەوەیە وڵاتێکە کە ئارام دەگرێت و لە مەودای دوور دەڕوانێت. کە من پێم وایە دەبێت لە ئێستادا ئێران ئەم کارە بکات و بە تێڕوانینی من هێشتا ئەگەری ئەوە ماوە کە بتوانرێت بە کارکردن لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپا هەندێ لە بەڵێنەکانی نێو ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکرێت، چونکە هێشتا لەنێو ئەورووپا نییەتی باش هەیە بۆ جێبەجێکردنی، هەروەها چین و ڕووسیا و ڕەنگە وڵاتانیش دیکەش بتوانن لەم ڕووەوە ببنە زامنکاری ئەم پرسە، کە چین بڕێکی زۆری نەوتی ئێرانی دەکڕی. ڕاستە ماوەیەکی قورس دەبێت بۆ ئێران تا ئەو کاتەی ترەمپ دەسەڵات جێدەهێڵێت، بەڵام لە بەرژەوەندیی ئێرانە کە ئەوەندەی دەتوانێت پارێزگاری لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت سوود لە دەرئەنجامەکانی ڕێککەوتنەکە وەربگرێت، ئەگەر هاتوو لە ساڵی ٢٠٢٠ دیموکراتەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.

*** باشە لەنێو ئەم هەڕەشەوگوڕەشانەدا، ڕێگاچارەی خاوکردنەوەی گرژییەکان چین؟ ئایا دەکرێت هەردوو وڵات گفتوگۆی نهێنی ئەنجام بدەن و جۆرێك لە متمانە لە نێوانیاندا دروست ببێت؟**

- ئێمە دەزانین لە ڕابردوودا گفتوگۆی نهێنی هەبووە، بۆ نموونە: لەسەردەمی سەرۆك ئەحمەدی نەژاد، لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر ئەوەی ترەمپ کەسێکی سەختگیرە، ئەوا من دڵنیانیم کە هەنگاو هەڵبگیرێت بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکان، بەڵام ئەو کەسێکە کە دەیەوێت خۆیشی لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی بە دوور بگرێت، تەنانەت ئەگەر ڕووبەڕووبوونەوەی بچووك، یان بە ڕێککەوتیش بێت، چونکە ئەو کاتە پاساوی بۆڵتۆن بەهێز دەبێت بۆ ئەنجامدانی جۆرێك لە کردەوەی سەربازی کە چەندین ئەگەری کردەوەی سەربازیش هەن، کە لەلایەن ئەمریکاوە ئەنجام بدرێن، بۆ نموونە: ئەگەر هاتوو سوپای پاسداران هێرشیان کردە سەر کەشتییە دەریاییەکانی ئەمریکا، واتە ئەگەر ئەمە ڕووداوێکی بچووك بێت و چەند دەریاوانێکی ئەمریکی تێیدا بکوژرێن، ئەوا فشارێکی زۆر دروست دەبێت بۆ تۆڵەکردنەوە، کە بۆی هەیە ئەو تۆڵەکردنەوەیەش چەندین شێوە وەربگرێت، وەك بۆردومانکردنی کامپەکانی مەشقی سوپای پاسداران، یان هێرشکردنەسەر ئەو هێزە دەریاییەی ئێران کە بەرپرس بووە لە پەلامارەکە، یان بۆی هەیە بەرفراوان بێت، وەك هێرشکردنەسەر دامەزراوە ئەتۆمییەکە، یان بەئامانجگرتنی حکومەتە. کەواتە بۆ خۆبەدوورگرتن لە شەڕ، دەبێت خۆی بە دووربگیرێت لە هەر ئیستفزازکردنێکی ئەمریکا کە ببێتە پاساوی هەڵگیرسانی شەڕ. تێڕوانینی من ئەوەیە ترەمپ نایەوێت شەڕ ڕووبدات، بەڵام بە ئاسانی دەتوانرێت بخرێتە نێو شەڕەوە، کە دەبێت لێرەدا ئێران بە وریاییەوە هەڵسوکەوت بکات و لەم ڕووەوە کارێك نەکات، واتە لێدوان و قسە ئاساییە، هەوڵدان بۆ خۆدزینەوە لە سزاکان ئاساییە، بەڵام دەبێت کارێك بکرێت چەکەکان لە کۆگاکاندا بمێننەوە.

**هەر گفتوگۆیەکی ستراتیژی کە لە ئاییندەدا ئەمریکا ئەنجامی بدات لەگەڵ کۆریای باکوور، یان وڵاتانی دیکەدا بە گومانەوە لێی دەڕوانرێت، چونکە خودی متمانەی ئەمریکا وەک لایەنێکی گفتوگۆکار گومانی لەسەرە**

**ڕەنگە ئێران لەگەڵ هەندێ وڵاتی وەک چین و ڕەنگە ئەورووپاش هەوڵی گەیشتن بە جۆرێک لە ڕێککەوتن بدات و ئارام بگرێت، بە ئومێدی ئەوەی ترەمپ لە دەسەڵاتدا نەمێنێت، بەڵام ئەوەش هێشتا نزیکەی دوو ساڵی ماوە**

**لەبەر ئەوەی ترەمپ کەسێکی سەختگیرە، من دڵنیا نیم کە هەنگاو هەڵبگیرێت بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکان، بەڵام ئەو کەسێکە کە دەیەوێت خۆیشی لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی بە دوور بگرێت**



شاخەوان عەبدوڵا

ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# پێویستە بۆ چارەسەرکردنی دۆخی کەرکووک و ناوچەکانی دیکە کۆدەنگییەکی سیاسی دروست بێت

**ئاشکرایە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و کەرکووك بەتایبەتی، بە دۆخێکی نالەباردا دەڕۆن، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی پێشهات و پەرەسەندنەکانی ئەم دواییە، بۆ قسەکردن لەم بارەیە و تاوتوێکردنی چەند پرسێکی پەیوەندیدار، دیدارێکمان لەگەڵ شاخەوان عەبدوڵا پەرلەمانتاری پێشوو لە پەرلەمانی عێراق ئەنجامدا.**

*** دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر و داگیرکردنی کەرکووك جارێکی دیکە ئەو شارە کەوتووەتەوە بەر هەڵمەتی ڕەشی تەعریب و تیرۆر، ئەوەتا ڕووداوەکانی ئەم دواییەی سەرگەڕان و پەلکانە و دوبز مەترسییەکی گەورەی بۆ سەر گوندنشینەکان دروست کردووە، ئایا ئەم ئەمری واقیعە کاریگەریی لەسەر گۆڕینی دیموگرافیای دانیشتوانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم هەیە؟**

- لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە کەرکووك و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەدۆخێکی ناسەقامگیردا تێپەڕ دەبن، دوای نەمانی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانەدا و ڕووخانی هێڵی بەرگریی نێوان باشوورو ڕۆژئاوای کەرکووك و ناوەندی شاری کەرکووك، دۆخەکە لە ڕووی ئەمنی و ئارامییەوە بە تەواوەتی تێکچووە، هەر خۆی لەخۆیدا بە درێژایی ١٥ ساڵی رابردوو هەرچی ناوچەکانی حەویجە و ڕەشاد و ڕیاز و باشوورو ڕۆژئاوای کەرکووك هەیە, لەسەر دانیشتوانی شاری کەرکووك سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسییەکانی تەعریب و تیرۆر بوون، ئەو کاتەی پێشمەرگە ئەو هێڵە بەرگرییەی پاراستبوو، شاری کەرکووك و پێکهاتەکانی پارێزراو بوون، بەڵام لەدوای فرۆشتنی کەرکووك و هاتنی هێزەکانی عێراق و داگیرکردنی کەرکووك و ناوچەکانی دیکەی ماددەی ١٤٠ دۆخەکە ئاڵۆز بووەو سەقامگیری و ئارامی تێدا نەماوە، لەمەشدا خەڵکی ڕەسەنی پارێزگاکە زیانمەندی سەرەکی بوون، سەرەڕای ئەم دۆخە ناسەقامگیر و نائارامە و مەترسیی تیرۆر بۆ سەر کوردە، هێرشی تەعریبیشی هاتۆتەسەر، ئەوەتا هێرشێکی بەرفراوانی تەعریب لەلایەن پارێزگاری بەزۆر سەپێندراوی کەرکووکەوە بۆ سەر ئەو گوندانەی کە هاوسنوورن لەگەڵ باشوورو ڕۆژئاوای شاری کەرکووك وەك ناوچەی (حەوت تەغارو دادوەدە و تاڵەبانی تا دێتە خوارەوە بۆ سنووری سەرگەڕان و دوبز) دەستی پێکردووە، کە هەرهەموویان مەترسیی تیرۆریستانی داعشیان لەسەرە، ئەمە جگە لەوەی هێرشێکی ناڕەوا و دوژمنکارانەی تەعریبیش لەلایەن ئەو عەرەبە بەعسییانەی کە کاتی خۆی سەدام حوسێن هێنابوونیە سەر ماڵ و حاڵی گوندنشینانی ناوچە کوردییەکان دەستی پێ کردووە، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس سەرەڕای ئەوەی ئەو عەرەبە هاوردانە قەرەبوویان وەرگرتووە، کەچی ئێستا دێنەوە سەر ماڵوحاڵی کورد، لەمەشدا ئەو عەرەبە سوننانەی کە لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەر بە پاڵپشتیی حکومەتی عێراق لە ناو حەشدی عەشائیریدا کۆکراونەتەوە کە لەناو سوپای ئیسناد بوون، هەمیشە بۆ سەر گوندنشینە کوردەکان جێی مەترسی بوون.

*** وەکو ئاشکرایە حزبە کوردستانییەکان جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، لەناو شاری کەرکووك بارەگایان هەیە، گوندنشینە کوردەکانیش داوای بەهاناوەچوونی جەنابی سەرۆك بارزانی دەکەن تاوەکو شاڵاوی تەعریب ڕاگیرێت، ئایا لەم بارودۆخەکەدا بۆ فریاکەوتنی گوندنشنە کوردەکانی کەرکووك چ هەوڵێك هەیە؟**

- پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٦ی ئۆکتۆبەر و دوای ١٦ی ئۆکتۆبەریش شەڕی ئەو هێزانەی کرد کە هاتبوون شارەکەیان داگیرکردو ماڵ و حاڵی کوردیان تالان و سوتاند، نەبەردی و سەرکەوتنەکانی داستانی پردێ کە پێشمەرگەکانی کوردستان تۆماریان کرد، توانی لە پردێ سنوورێك بۆ داگیرکاری و پەلاماردانی ئەو هێزانە دابنێت کە وایان تێگەیاندبوون کورد پارووەیەکی ئاسانە، دوای ئەو بەرگریی و پارێزگارییە لە کورد و کوردستان پێگەی پارتی لە کوردستان و عێراق بەشێوەیەك

**لەدوای فرۆشتنی کەرکووک و هاتنی هێزەکانی عێراق و داگیرکردنی کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی ماددەی ١٤٠ دۆخەکە ئاڵۆز بووەو سەقامگیری و ئارامی تێدا نەماوە**

**ددان پێدا نەنانی پارتی بە پارێزگار و ئەو هێزانەی کەرکووکیان داگیرکردووە، جێگای شانازیی هەموو کوردێکە، پارتی لە هەموو گفتوگۆ و دیدارەکانیدا داوای کردووە ئەو گرووپ و هێزە چەکدارانەی ناو شاری کەرکووک بچنە دەرەوە**

**ئەوەی توانی دۆخەکە هێور بکاتەوە سەردانەکەی جەنابی سەرۆک بارزانی بوو بۆ بەغدا و گفتوگۆ و دیدارەکانی لەگەڵ پێکهاتەی حکومەتی تازەی عێراق و سەرکردە سوننە و شیعەکان بوو**

بەرزبۆوە کە دوژمن و ئۆپۆزسیۆنی پارتی ناچارکرد بەرەو کوردستان بێن و رێککەوتن لەگەڵ پارتی و سەرکردایەتیی سیاسیی پارتی بکەن، لەو گفتوگۆو دانوستانانەشدا بەردەوام پارتی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ددان بە دۆخی سەپێندراوی داگیرکراوی کەرکووکدا نانێت، پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگەکانی خۆی لە کەرکووك کردە قوربانی لەکاتێکدا ئەگەر لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەر لە پارێزگای کەرکووك بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی بکردایە و تووڕەیی خەڵکی کەرکووکی بقۆزتایەتەوە، ئەوا زیاتر لە سێ کورسیی پەرلەمانی لەو پارێزگایەدا دەست دەکەوت، ددان پێدا نەنانی پارتی بە پارێزگار و ئەو هێزانەی کەرکووکیان داگیرکردووە، جێگای شانازیی هەموو کوردێکە، پارتی لە هەموو گفتوگۆ و دیدارەکانیدا داوای کردووە ئەو گرووپ و هێزە چەکدارانەی ناو شاری کەرکووك بچنە دەرەوە، چونکە ئەو هێزانە شارەکەیان داگیرکردووە و لە رووی دەستوور و یاساوە پێشێلکارییان کردووەو سەپێندراون بەسەر خەڵکی کەرکووك و پێکهاتەکانیدا، تەنانەت قیادەی ئۆپەراسیۆن لەلایەن هێز و چەکداری نامۆ بە شار و خەڵکی کەرکووك دروست کراوە، ئەمەش دژ و پێچەوانەی بنەما دەستووری و یاساییەکانە، لەبری ئەوەی پارێزگای کەرکووك لە رووی ئیدارەوە لەلایەن دەسەڵاتێکی ئیداریی و مەدەنی بەڕێوەببرێت لەلایەن دەسەڵاتێکی عەسکەرتارییەتەوە بەڕێوە دەبردرێت. لەلایەکی دیکەوە لای هەمووان روون و ئاشکرایە ئەوەی توانی دۆخەکە هێور بکاتەوە سەردانەکەی جەنابی سەرۆک بارزانی بوو بۆ بەغدا و گفتوگۆ و دیدارەکانی لەگەڵ پێکهاتەی حکومەتی تازەی عێراق و سەرکردە سوننە و شیعەکان بوو، هەر ئەو کاتیش جەنابی سەرۆک بارزانی دۆخی خراپی کەرکووك و پێشهاتەکانی لەگەڵ سەرکردە سیاسییەکانی عێراق باسکرد. دۆسیێی خاك و کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم گرنگترین دۆسێکانی دانوستاندن بوو لەگەڵ عێراق، جەنابی سەرۆك داوای کرد دۆخی کەرکووك و تەواوی ناوچەکانی دیکە بە شێوەیەکی دیپلۆماسی چارەسەر بکرێت، چونکە سەرۆك بارزانی ئامادە نەبوو مامەڵە لەگەڵ دۆخی سەپێندراوی داگیرکراوی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە بکات، ئەوە بوو لە دوای گەڕانەوەی جەنابی سەرۆك بارزانی لە بەغدا راستەوخۆ لێژنەیەکی تایبەت بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووك دروست بوو.

*** ئەو لێژنە تایبەتەی باسی دەکەیت کە بۆ ئاساییبوونەوەی دۆخی کەرکووك دروست بووە، دەکرێت بزانین کارەکانی بەکوێ گەیشتوون؟**

- ئەو لێژنە تایبەتەی کە بە بڕیاری جەنابی سەرۆك بارزانی دامەزراوە بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووك، لەمانگی ١٠ی ٢٠١٨ واتا ٧ مانگ بە بەردەوامی لێژنەی تایبەت بە ئاساییبوونەوەی دۆخی کەرکووك کاردەکات، ئێستا کە ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵتان ئەنجام دەدەم کۆبوونەوەیەکی چڕوپڕ و گرنگمان لەبەغدا ئەنجام دا لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکان و گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچەکان، هەروەها کۆبوونەوەکانی تایبەت بە دوابارودۆخی سەپێندراوی ناوچە کوردییەکان و شاڵاوی تەعریب بەردەوام دەبێت، بەشێوەیەکی گشتی خەمی پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە خەمی ئاساییکردنەوەی دۆخی شاری کەرکووك و سەقامگیریی ئەو پارێزگایە بووە، مێژوو شاهیدە کەوا پارتی بە درێژایی تەمەنی خۆی هەوڵی سەقامگیری و پێکەوەژیان و ئاشتی داوە، پارتی خەمخۆری گەڕانەوەی شکۆ بۆ هاووڵاتیانی کورد و پێکهاتەکانی دیکەی کەرکووك بووە، هەمیشە خەمی ئاڵا و رێزگرتن لە کەرامەتی نەتەوەیی بووە. ئێستاکەش پێویست بەوە دەکات کۆدەنگییەکی سیاسی لەسەر ناوچەکانی کەرکووك دروست بێت. ئێستا دۆخەکە وادەخوازێ کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بێتە سەر خەت و کاری لەسەر بکات، بۆ نموونە: لە دەستووری عێراقدا وشەی -تنازع — لەسەر ئەو ناوچانە دانراوە واتا کێشە لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا هەیە، هەربۆیە دەبێت ئەمانە بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستووری چارەسەر بکرێن، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمیتەیەك دروست بکات بۆ بەدواداچوونی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقی فیدڕاڵ، هەروەها ئەو دەستە مردووەی

**پارتی خەمخۆری گەڕانەوەی شکۆ بۆ هاووڵاتیانی کورد و پێکهاتەکانی دیکەی کەرکووك بووە، هەمیشە خەمی ئاڵا و رێزگرتن لە کەرامەتی نەتەوەیی بووە**

کە لە ڕابردوودا بەناوی دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، دووبارە خەڵکانی شارەزاو خاوەن ئەزموون و دڵسۆز و خەمخۆر و نیشتمانپەروەری کوردستان کاری تێدا بکەن، هەروەها کاراکردنەوەی لێژنەی باڵا کە لە رابردوودا جگە لە بارقورسی و تەسلیمبوون بە واقیع هیچیان بۆ کورد نەکردووە، دەبێت ئەوانیش بگۆڕدرێن و خەڵکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر بێنە شوێنیان.

*** لەم کاتەدا کە پرۆسەی تەعریب دەستی پێکردووە، هاوکات جموجووڵ و چالاکییەکانی داعشیش دژی کورد و لە ناوچە جێناکۆکەکان زیادی کردووە، ئایا هیچ پەیوەندییەك لەنێوان داعش و عەرەبی سوننەدا بۆ لێدانی کورد هەیە؟**

- هەموو جموجووڵ و هێرشە چەکدارییەکانی داعش هەر لە خانەقین تا ناوچەکانی سەلاحەدین و دیالە و کەرکووك و موسڵ ئەوە دەسەلمێنن کە داعش تواناو کاریگەری و مەترسیی ماوە، ئەگەر ئەو بۆشاییە ئەمنییەی لەو ناوچانەدا هەیە، چارەسەر نەکرێن، دووبارە دەست بەسەر زۆر شوێنی ناوچەکەدا دەگرێتەوە، خۆی لەخۆیدا ئێستا زۆر ناوچە هەیە بە شەو بە دەست تیرۆریستانی داعشە، ئەمەش زیانی گەورەی بۆ کوردەکانی ئەم ناوچانە دەبێت، لەلایەکی دیکەوە فکری داعش کە چوار ساڵ حوکمی لەو ناوچانەدا کردووە، لەناو زۆر لە عەرەبی سوننە تەشەنەی کردووە، گەنج هەبووە تەمەنی ١٤ ساڵ بووە، ئێستا ١٨ ساڵە لەو ماوەیەدا لە مزگەوت و لەهەندێك قوتابخانەی تایبەت عەقڵیان تێکداوەو نەهجی داعشیان فێر کردووە، هەربۆیە ئێستا لەتەواوی ئەو ناوچانەی پێشتر لەژێر دەستی داعشدا بووە لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە داعش ماوە، ئەوەتا لەهەوڵی وەرگرتنی سەرانەن لە خەڵکی و نیازیان هەیە دووبارە بێنەوە سەر قاچی خۆیان و تاوانی گەورەی تیرۆریستی ئەنجام بدەن.

*** رێگاچارەسەر بۆ راوەستانی تەعریب و دەرکردنی کورد لە کەرکووك چییە، بەتایبەتی دوای ئەوەی پارێزگاری کەرکووك بەوەکالەت بەردەوامە لەسەر دەرکردنی ئەو بڕیارانەی خەسڵەتێکی تائیفی و شۆڤێنی دژی کوردی پێوە دیارە و تەنانەت تۆمەتباری کورد دەکات بەوەی خەڵکی سووریا و تورکیای هێناوەتە پارێزگاکە؟**

- هەموومان ئەو راستییە دەزانن لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە پارێزگاری کەرکووك بەوەکالەت هەموو بڕیار و وتەکانی لەدژی کوردە، ئەو ناتوانێت داگیرکردنی ماڵ و حاڵی کورد و رووخاندنی ماڵی کوردەکان و رووداوەکانی ئەم دواییەی هێنانی عەرەبە هاوردەکان بە تۆمەتبارکردنی کورد بشارێتەوە، بەوەی کوردی لەناوچەکانی دیکەی دەرەوەی عێراق و هەرێمەوە هێناوەتە کەرکووك، لەبەغدا پاڵەپەستۆمان دروست کردووەو پارێزگاری بەوەکالەتمان تەنگاو کردووە، ئەوان دەڵێن کورد هەموو دونیای پڕکردووە، بەڵێ پێویستە هەموو دنیا بزانێت کە چیتر باوی داگیرکردنی ماڵ و حاڵی کورد نەماوە، دنیا دەبێت ئاگاداری ئەو پرۆسەی بە عەرەبکردنەی کەرکووك بێت، من بە ئامادەبوونی ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی لەبەغدا ئەو پەیامەم خستەڕوو کە چیتر ئەمە جێگای قبووڵکردن نییە و هەموو ئەو تۆمەتانەش رەت دەکەینەوە و بە دیکۆمێنت و بەڵگە سەلماندوومانە کە ئەو خەڵکانە لەو گوندو ناوچانە خاوەنی راستەقینەی زەوییە کشتوکاڵییەکانیان هەموویان کوردن، بۆیە ئەم بوارە لای ئێمە بەهیچ شێوەیەك موساوەمەی لەسەر ناکەین، لەهەمووشی گرنگتر ئەوەبوو بوارمان نەدا پارێزگار یاری بەکات بکات و لەکارەکانی بەردەوام بێت، تاکو مانگی شەشی ئەمساڵمان داناوە بۆ ئەوەی وتوێژە دیبلۆماسیەکان بەردەوام بێت و لەو بەرواره تێپەڕ نەکات، ئەمەش بۆ ئەوەبوو ئەگەر تا ئەو بەروارە نەگەینە رێکەوتن، ئەو کات لایەنە سیاسییەکان وەکو ئەلتەرناتیڤێکی دیکەی وتوێژ هەوڵی خۆیان بدەن، لە هەمووشی گرنگتر کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانە بەیەکەوە، تاوەکو ئەم هێزە بێگانانە لە کەرکووك دەربچن و دۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە، هەروەها هێزە عێراقییەکان لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بەهەماهەنگی لەو ناوچانەدا ئەو بۆشاییە ئەمنییە پڕبکەنەوە کە لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەر دروست بووە.

**لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە پارێزگاری کەرکووك بەوەکالەت هەموو بڕیار و وتەکانی لەدژی کوردە، ئەو ناتوانێت داگیرکردنی ماڵ و حاڵی کورد و رووخاندنی ماڵی کوردەکان و رووداوەکانی ئەم دواییەی هێنانی عەرەبە هاوردەکان بە تۆمەتبارکردنی کورد بشارێتەوە**

**لەبری ئەوەی پارێزگای کەرکووك لە رووی ئیدارەوە لەلایەن دەسەڵاتێکی ئیداریی و مەدەنی بەڕێوەببرێت لەلایەن دەسەڵاتێکی عەسکەرتارییەتەوە بەڕێوە دەبردرێت**

# لە نێوان (فەتوا) و (فەوزا) چارەسەر چییە؟

چەند ساڵێك لەمەوبەر كۆمەڵێك زانای كورد لەگەشتێكی زانستیدا بۆ وڵاتی سووریا، بە خزمەت زانای ناوداری كورد (شێخ محەمەد سەعید رەمەزان بوتی) گەیشتبوون، كە پتر لە بیست ساڵ بوو، موفتیی هەموو سووریا بوو، بەڵام ئەو كاتە لەو پێگەیە نەمابوو، دوای گفتوگۆو تاوتوێكردنی چەند پرس و بابەتێك عەرزیان كردبوو: یاشێخ لە كوردستان دوو سێ پرسیار هەیە، بۆتە جێی مشتومڕی زانایان، حەزمان كرد لە نزیكەوە بۆ جەنابت باسی بكەین و بزانین رای جەنابت لەو بارەوە چییە؟ شێخی بوتی لە وەڵامدا گوتبووی: ببوورن من وەڵامتان نادەمەوە، لەبەر ئەوەی ئێستا من موفتیی وڵات نیم، بەڵكو شیخ ئەحمەد حەسوون موفتیی وڵاتە، دەبێ لەو بپرسن، لەبەر ئەوەی ئەگەر من لێرە وەڵامتان بدەمەوە، ئەوە فەوزا لەم وڵاتە دروست دەبێ، ئەوەش كارێكی ناپەسندە..


ئەو هەست و ویژدانە زیندووەی شێخی بوتی بەلای منەوە جێی رامان و لێ وردبوونەوەیە، چونكە بەداخەوە ئێستا خەڵكانێكی زۆر هەن، بێ ئەو لێكدانەوەیە و رەچاوكردنی پێگە و پسپۆڕانی ئەو بوارە فەتوا دەدەن، سەرەنجام لەجیاتی خزمەت، میحنەت دروست دەكەن و، ئاراستەی كۆمەڵگە بەرەو ئاقارێكی خراپ دەبەن، ئەوەی بەم دواییە و لە كەناڵەكانی راگەیاندن و وردتر بڵێین، ئەو فەتوا نامۆیانەی بڵاوبوونەوە، نموونەیەكی زیندووی ئەو واقیعە نەخوازراوەیە.

**ئێستا خەڵكانێكی زۆر هەن، بێ ئەو لێكدانەوەیە و رەچاوكردنی پێگە و پسپۆڕانی ئەو بوارە فەتوا دەدەن، سەرەنجام لەجیاتی خزمەت، میحنەت دروست دەكەن و، ئاراستەی كۆمەڵگە بەرەو ئاقارێكی خراپ دەبەن**

هەر ئەوەش وای كرد پرسی فەتوا زۆر قسەو باسی لێوە بكرێ، بەداخەوە حاشا لەوە ناكرێ كە لە هەرێمی كوردستان هەندێ جار فەتوای نائاسایی و نادروست و نەگونجاو، كە لەدەرەوەی (ئەنجومەنی باڵای فەتوا) خەڵكانێك بەهەر بیانوو و ناوێك بێ، یان بەئامانج و بەپێی هەوەس بێت خۆیانی لێدەدەن، ئەمەش بۆتە هۆی شڵەژان و دروستبوونی فەوزاو نیگەرانیو تەنانەت نارەزایی مامۆستایانی بەرێزی ئایینی، ئەمەش ئاریشەی زۆری ناوەتەوە و بگرە هەندێ جار كاردانەوەی خراپ و دەنگدانەوەی نەخوازراوی بەدوای خۆیدا هێناوە.

ئەم واقعە ئەوەمان پێ دەڵێ، كە ئەوەی لەم رۆژگارە سەبارەت بە پرسی فەتوا دەگوزەرێ، سەردەمانی پێش ئێستا وا نەبووە، چونكە پێشان سەرچاوەی زانستی پێگەیاندنی زانایان یەك سەرچاوە بوو، ئەوەی زۆریش لەسەری جددی بوون، ئاداب و ئەدەبی مامەڵەكردن بووە لەگەڵ رێسا شەرعییەكان و راوبۆچوونی زانایان و پابەندییان بە رێنمایی و بنەماكانی فەتوادان و شارەزایی تەواو لە بنچینەو ئوسووڵی فیقهیدا. بەڵام لە ئێستادا هەمەجۆریی سەرچاوەكانی پێگەیاندنی زانای ئایینی و لاوازیی بەشێكی ناوەندەكانی خوێندنی زانستە شەرعییەكان و كەمبوونەوەی مەدرەسەی زانستی و بێ سانسۆریی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان و هاوردەكردنی فەتوای بیانی و هەست نەكردن بە بەرپرسیارێتی و لەبەر چاونەگرتنی پێگەی ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی كوردستان، وای كردووە هەندێ جارو لەلای هەندێ كەس فەتوایەك بدرێت، هەرای گەورە و دڵەڕاوكێ و كێشەی زۆر بنێتەوە.

وەنەبێ تەنیا هەرێمی كوردستان گرفتاری ئەم



مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

دۆخە بێت، بەڵکو جیهانی ئیسلامی بە گشتی و زۆرێك لە وڵاتان و گرووپ و ڕێکخراوە توندڕەوەکانیش گیرۆدەی ئەو ئالۆزییەن، هەر ئەوەشە وای کردووە زۆر جار بە فەتوای نادروست کارەساتی گەورە و وێرانکەر و شەڕ و کردەی تیرۆرستی و توندڕەویی هەمەچەشنەی لێ بکەوێتەوە، جاریش هەیە گرووپە توندڕەوەکان و تیرۆرستان فەتوایەکی لەو شێوەیە دەکەنە سەرچاوە و پاڵپشتی هەنگاوەکانیان و سەرەنجام خۆیان و ئیسلامیش شەرمەزار و ماڵوێران دەکەن!

بەرزەفتکردنی ئەم دۆخە ڕەنگە وا ئاسان نەبێ، چونکە بەر لە هەر لێپێچینەوەو هەبوونی سانسۆر و یاسایەك، دەبێ ویژدان و ئاستی زانستی و هۆشیاریی خودی ئەو کەسەی فەتوای لەم جۆرە دەدات، هەست بە بەرپرسیارێتی بکات و ئەو ڕاستیەی لا روون بێت، کە فەتوای بێ بنەماو نادروست لە روانگەی دینیو دونیایی چەندە مەترسی هەیە؟ دەبێ ئەو قەناعەتەشی هەبێ کە ئەوەی نازناوی (مەلا) یان (زانای ئایینی) یان (پێش نوێژو وتارخوێن)ی هەڵگرت، شەرت نییە پێی بگوترێ موفتی، بەڵام مەرجە دەرکی ئەوە بکات، کە بە تەنیا لە بیرکردنەوە و هەستی خۆی بەرپرس نییە، بەڵکو بە پێی پیشە و لە چوارچێوەی گەیاندنی پەیامەکەی بەرپرسە لە سیاغەی عەقڵ و هەستی میللەتێك، نابێ و ناکرێ بە ئاسانی خۆی تەسلیمی هەموو واقع و فەتوادانێك بکات.

بەپێی تێڕوانینی ئیسلام بابەتی فەتوا زۆر گرنگ و گەورەیە، لەپاڵ ئەوەشدا هێندەو پتریش هەستیارو مەترسیدارە. ئەوانەی شارەزای ئیسلام بن، دەزانن مەسەلەی ئیجتیهاد و فەتوادان کۆمەڵێك ڕێسای تایبەت و زانستی تایبەت بە خۆی هەیە، ناکرێ بە پێی میزاج و ئارەزووی کەسی و دەستکەوتی ماددی و خۆدەرخستن و ناوبانگ پەیداکردن و ڕازیکردنی ئەم و ئەو فەتوا بدرێت، چونکە ئەمە نەهامەتیی زۆر بەدوای خۆیدا دێنێت.

خۆشبەختانە لە کوردستان ئەنجومەنی باڵای فەتوا هەیە، کە مێژوویەکی دێرین و ڕێڕەوێکی تۆکمە و دەستکەوتی زۆری هەیە، لە ئێستادا کۆمەڵێك زانای بەڕێزی ئایینی تێیدا خزمەت دەکەن و خاوەنی تەقدیر و پێگەی زانستی و پسپۆڕین، بەردەوام لەسەر خەتن بۆ ئەداکردنی ئەو مەهامە گەورەی هەیانە لە خزمەت و روونکرنەوە و دەرکردنی فەتوای پەیوەست بەو پرس و پێشهاتانەی دەخوازن بۆچوونی دروست و هاوچەرخ لەبارەیانەوە بڵاوبکرێتەوە.

ئێستا ئەنجومەنی باڵای فەتوا پەیڕەوی گشتیی خۆی بە فەرمی بڵاوکردۆتەوە، کە ڕێڕەوی فەتوادانی لە هەرێمی کوردستان لە رووی بەندو بنەماو چوارچێوە و ئامانجەوە دیاری کردووە، گرنگە سەرجەم مامۆستایانی بەڕێزی ئایینی لێی بەئاگا بن، چونکە بەرچاوڕوونی و فاکتەرێکی هاریکارە بۆ ڕێگری لە فەوزاو فەتوای نادروست و بێ بنەما، لەگەڵ ئەوەش گرنگە ئەو هەست و بەرپرسیارێتییە دروست ببێ، کە لە هەرێمی کوردستان فەتوادان کار و ئەرك و ئەولەوییەتی ئەنجومەنی باڵای فەتوایە و کەسی دیکە (وەك فەتوا) مافی فەتوادانی نییە.

**ئەوەی لەم ڕۆژگارە سەبارەت بە پرسی فەتوا دەگوزەرێ، سەردەمانی پێش ئێستا وا نەبووە، چونکە پێشان سەرچاوەی زانستی پێگەیاندنی زانایان یەک سەرچاوە بوو**




# پێگەی ڕەگەزی نێر و مێ
# لە پرۆگرامەکانی خوێندندا

نووسینی:
## کاوە حەمەمراد

● ١- پێشەکی

دوای جەنگی جیهانی دووەم١ کە جاڕنامەی مافی مرۆڤی بەدوادا هات(١٩٤٨)، هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر دراوە بۆ پەیڕەوکردنی یەکسانی لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێرومێدا لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا. ڕۆژ لە داوای ڕۆژ ئەم کەلێن و ناهاوسەنگییە بەرەو کاڵبوونەوە و ڕۆچوون دەچێت. بە فراوانی زانراوە و سەلمێندراوە کە پێویستییەکی سەرەکییە بۆ مرۆڤ لە منداڵییەوە یەکسانی لە هزریدا بچێندرێت، ئەوەش لە داهاتوودا کاریگەری ئەرێنی لەسەر کۆمەڵگە و دەوڵەت دادەنێت. بەبێ پرۆسەی پەروەردە ئەستەمە یەکسانی بێتەدی، بۆیە، پرۆسەی پەروەردە گرنگی پێدراوە و کراوە بە ئامرازێك بۆ گەیشتن بە ئەو ئامانجە.

یەکسانی لە پرۆسەی پەروەردەدا لە زۆربەی وڵاتانی گەشەکردوودا بە وردی و فراوانی لە سەرانسەری سیستەمی پەروەردەدا پەیڕەودەکرێت. بەهاکانی لە نێو کۆمەڵگەدا ڕەنگی داوەتەوە، هەروەها لە زۆربەی وڵاتانی گەشەکەردا، چ پرۆگرامی خودی دەوڵەت، یان بە یارمەتی وڵاتانی گەشەکردوو و ڕێکخراوە جیهانییەکان بێت، کار دەکرێت بۆ گەیشتن بەو ئەو ئامانجە.

دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، پەروەردە کەوتە دەست حکومەتی کوردستان. پرۆگرامەکان/ مەنهەج بە بڕیارێکی سیاسی خرانە سەر زمانی کوردی و چەندین هەنگاوی باش نران بۆ پاکژکردنی پرۆگرامەکان لە شیعارە زەقەکانی بەعس. هەزاران قوتابخانە/خوێندگا بیناکران و نوێژەن کرانەوە. ئەمە یەکەم جارە لە مێژووی ئەم بەشەی کوردستاندا ڕێژەی قوتابی/خوێندکار لە ڕەگەزی مێ بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە. هەروەها هەردوو ڕەگەز بە یەکسانی و بێ جیاوازی لە قوتابخانەکانی/ خوێندگاکانی هەرێم دەخوێنن، ئەمەش مایەی دڵخۆشییە.

وەزارەتی پەروەردە زۆربەی پرۆگرامەکانی (پەرتوك) نوێکردۆتەوە، بەڵام تێبینی کراوە کە بابەتی بەسەرچووی تێدایە کە کاتی حکومەتی عێراق دەخوێندران و بابەتە تازەکانیش کەلێن و ناهاوسەنگی لە نێوان ڕەگەزی نێرومێدا بەشێوەیەکی بەرچاو بەدی دەکرێت، ئەمەش ناگونجێت لە گەڵ شارستانێتی سەردەمدا. لە کاتێکدا ئەم پەرتوکانە لە دوای ئازادکردنی عێراق نوێکراونەتەوە، ئەمەش ناجۆرە لە گەڵ مادەی (٢٠ )بڕگە سێیەم و مادەی(٢٧) بڕگەی پێنجەم لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی

**وەزارەتی پەروەردە زۆربەی پرۆگرامەکانی (پەرتوک) نوێکردۆتەوە، بەڵام تێبینی کراوە کە بابەتی بەسەرچووی تێدایە کە کاتی حکومەتی عێراق دەخوێندران و بابەتە تازەکانیش کەلێن و ناهاوسەنگی لە نیوان رەگەزی نێرومێدا بەشێوەیەکی بەرچاو بەدی دەکرێت**

**پیاوو ژن بەرامبەر بە یاسا وەک یەکن و حکومەتی هەرێم دەبێت هەوڵ بدات هەموو کۆسپێک لە رێگای یەکسانی لە ژیان و مافە شارستانی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئابوورییەکاندا لابەرێ**

کوردستان٢ و مادەی (٢٩) بڕگەی چوارەم لە دەستووری عێراق.

"پیاوو ژن بەرامبەر بە یاسا وەك یەکن و حکومەتی هەرێم دەبێت هەوڵ بدات هەموو کۆسپێك لە ڕێگای یەکسانی لە ژیان و مافە شارستانی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئابوورییەکاندا لابەرێ، حکومەتی هەرێم دەبێت ئەو مافانە لە دەستوورەو لەو پەیماننامانەدا هاتوون و لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە پەسەندکراون بۆ هەمووان دەستەبەر بکات." (پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق، مادەی (٢٠) بڕگەی سێیەم)

ئەو پرسیارانەی دێنە گۆڕێ: بۆچی ناهاوسەنگی و نایەکسانی لە نیوان ڕەگەزی نێرومێدا هەیە و هۆکارەکانی چین؟

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان پێنج پەرتوکی خوێندنی بنەڕەتی پەروەردەی هەرێم شرۆڤەدەکەین و هەوڵدەدەین بۆ دەستنیشان و خستنەڕووی ئەو ناهاوسەنگی و نایەکسانییانەی لە نیوان ڕەگەزی نێرومێدا تێبینی دەکرێن و هۆکارەکانی بە ئەو ئامانجەی چارەسەر بکرێن.

### ● ٢- پۆلێنکردنی بابەتەکان

شیکاردەکەین بۆ پێنج پەرتوك کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٦ نووسراون، یان نوێ کراونەتەوە، خوێندنەوەی کوردی پۆلی دوو- پۆلی شەش. خشتەی ژمارە(١).

دەق و وێنە لە قۆناغی سەرەتاییدا بەکاردەهێنرێن بۆ نووسینی بابەتە(یەکە)کانی پەرتوك. بۆیە لەم نووسینەدا هەردووکیان٣ بەکارهێنراون بۆ دەستنیشانکردنی پێگەی ڕەگەزی نێرومێ لە بابەتەکاندا. هەریەك لەم پەرتوکانە پێکهاتووە لە چەندین بابەتی سەربەخۆ. بەپێی پێگەی ڕەگەزی نێرومێ لە بابەتەکەدا، بابەتەکان پۆلێن دەکرێن بۆ سێ بەش: ڕەگەزی مێ، ڕەگەزی نێر و بێلایەن.

#### ا- ڕەگەزی مێ

بەشی ڕەگەزی مێ ١٩ بابەتە لە کۆی١٢٩ بابەت لە پێنج پەرتوکدا کە دەکاتە (١٤,٧٪). بابەتەکان دوو جۆرن:

١. ئەو بابەتانەن کە لە سەداسەد دەربڕی چەمکی ڕەگەزی مێن، چوار بابەتن. بۆ نموونە خانزادی سۆران، حەپسەخانی نەقیب (ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی).

٢. ئەو بابەتانەن کە تایبەتمەند نین بە ڕەگەزی مێ، بەڵام کەسایەتیی ڕەگەزی مێ لە نێو هەردوو دەق و وێنەی بابەتەکەدا، یان لە یەکێکیاندا زاڵە، ١٥ بابەتن. بۆ نموونە: پەڵە هەورێك سەربوردی خۆی دەگێڕێتەوە، قوتابی ژیر (خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی).

لە بابەتی پەڵە هەورێك سەربوردی خۆی دەگێڕێتەوە، دایك وڵامی پرسیارەکانی نازەنین دەداتەوە دەربارەی دروستبوونی هەورو باران، دایك ڕۆڵی ڕابەرایەتی دراوە پێی، سەرچاوەی زانیارییە، بۆیە بابەتەکە پۆلێنکراوە بۆ ڕەگەزی مێ.

بابەتی قوتابیی ژیر، هۆنراوەیەکی گشتی/ بێلایەنە، هیمای تێدا نییە بۆ نێرومێ، بەڵام وێنەی قوتابییەکی کچ دانراوە لە بابەتەکەدا، بۆیە بابەتەکە پۆلێنکراوە بۆ ڕەگەزی مێ. بۆ زیاتر، پۆلێنی سەرجەم بابەتەکان بڕوانە https://kcdev.org

#### ب - ڕەگەزی نێر

بەشی ڕەگەزی نێر ٦٨ بابەتە لە کۆی١٢٩ بابەت لە پێنج پەرتوکدا کە دەکاتە (٥٢,٧٪). بابەتەکان دوو جۆرن:

١. ئەو بابەتانەن کە لە سەداسەد دەربڕی ڕەگەزی نێرن هەشت بابەتن. بۆ نموونە: تەوفیق وەهبی، شەرەفخانی بەدلیسی (ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی).

٢. ئەو بابەتانەن کە تایبەتمەند نین بە ڕەگەزی نێرەوە، بەڵام کەسایەتی ڕەگەزی نێر لە نێو هەردوو دەق و وێنەی بابەتەکەدا، یان لە یەکێکیاندا زاڵە،٦٠ بابەتن. بۆ نموونە: مەشخەڵی ئۆلۆمپی، کونە کەروێشك (ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی).

لە بابەتی (مەشخەڵی ئۆلۆمپی)دا، شێرۆ وەڵامی پرسیارەکانی شیلان دەداتەوە دەربارەی مەشخەڵی ئۆلۆمپی. ڕەگەزی نێر (شێرۆ) ڕۆڵی ڕابەرایەتی دراوە پێی و سەرچاوەی زانیارییە. بۆیە بابەتەکە پۆلێنکراوە بۆ ڕەگەزی

نێر.

**ج- بێلایەن**

بەشی بێلایەن٤٢ بابەتە لە کۆی١٢٩ بابەت لە پێنج پەرتوکەکەدا کە دەکاتە (٣٢,٦٪). بابەتەکان دوو جۆرن:

١. کەسایەتی ڕەگەزی نێرومێ یەکسانە لە نێو بابەتەکەدا، وەکو بابەتی خێزانێکی بەختەوەر (خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی).

٢. کەسایەتیی ڕەگەزی نێرومێ لە نێو دەق و وێنەی بابەتەکەدا نییە، نموونە: چۆلەکە و ڕێوی، شێرو مشك(خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی).

بابەتی خێزانێکی بەختەوەر، دەقەکە دەربارەی خێزانێکە، نە نێر و نە مێ زاڵە لە دەق و وێنەکەدا بۆیە پۆلێنکرا بۆ بێلایەن.

**٣- ناهاوسەنگی و نایەکسانی**

لە پۆلێنکردنی بابەتەکاندا وەك خشتەی (١) پیشانی دەدات، بۆمان دەردەکەوێت کە کەلێنێکی بەرین هەیە لە نێوان پێگەی ڕەگەزی نێرومێدا لە هەر پێنج پەرتوکەکەدا. لە هەموو پەرتوکەکاندا گرنگی و قورساییەکی زێدە بەدەر دراوە بە ڕەگەزی نێر، کێشەکە هەر ئەوە نییە کە ڕەگەزی نێر بەشی شێری بەرکەوتووە کە ٦٨ بابەتە و ڕەگەزی مێ کەمترین بەشە کە ١٩ بابەتە لە کۆی ١٢٩بابەت، بەڵکو نایەکسانی و لێکنەچوون لە ڕووی دارشتنی دەق و دەستەواژەی نادروست و وێنەی ناجۆر سەبارەت بە ڕەگەزی مێ بە ڕوونی و زەقی بەدی دەکرێت لە هەردوو بەشەکەدا. لێرەدا هەندێ لە ئەو کێشانە بە کورتی دەخەینەڕوو، هەرچەندە ئەم بابەتە پێویستی بە توێژینەوەی زیاتر هەیە.

**ا- پەراوێز و کپکردن**

گوێنەدان بە پێگەی ڕەگەزی مێ لە هەر پێنج پەرتوکەکەدا بە زەقی ڕەنگیداوەتەوە. لێرەدا دوو نموونە دەخەینەڕوو:

لە بابەتی (هەڵبجەی شەهید)دا نووسراوە:

**کەسایەتییە مێژووییەکان، وەکو مروڤ، چ لە ڕەگەزی مێ، یان نێر بن، پێویستە ژیاننامە، چالاکیی سیاسی و ڕۆشنبیرییان لە ڕووداوەکاندا بخرێنە پرۆگرامەکانی خوێندنەوە**

خشتەی(١) : پێگەی ڕەگەزی نێرومێ لە پێنج پەرتوکدا

| پەرتووك | جۆری بابەت (یەکە) | | | کۆی بابەت (ئاسۆیی) |
|---|---|---|---|---|
| | ڕەگەزی مێ | ڕەگەزی نێر | بێلایەن | |
| خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی | ٢ | ١٣ | ١٢ | ٢٧ |
| خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی | ٢ | ١٦ | ٨ | ٢٦ |
| خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی | ٦ | ١٣ | ١٢ | ٣١ |
| *ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی | ٥ | ١٠ | ٦ | ٢١ |
| *ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی | ٤ | ١٦ | ٤ | ٢٤ |
| کۆی بابەت (ستون) | ١٩<br>٪١٤,٧ | ٦٨<br>٪٥٢,٧ | ٤٢<br>٪٣٢,٦ | ١٢٩<br>٪١٠٠ |

(*)بەشی ڕێزمان پۆلێن نەکراوە.

تێبینی: بەشی ڕاهێنان و چالاکی بەکارنەهێنراون، تەنیا دەق وێنەی سەرەکیی بابەتەکە پۆلێنکراون.

**دەستەواژەی «بەژن و باڵاکەی» بۆ وەسفی ڕۆمانسی و غەزل بەکاردەهێنرێت و نادروستە بۆ ناساندن و وەسفکردنی ئافرەتێکی شەهید. ئەم شێوە دەربڕینە نەک لە پرۆگرامەکانی خوێندندا بەڵکو لە میدیای باویشدا دروست نییە**

دەستەواژەی جوانیی بەژن و باڵا لە هەر پێنج پەرتوکەکەدا تەنیا ئاماژەیە بۆ جەستەی ڕەگەزی مێ، پەیامیکی ناپەسەند و نەگونجاوە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ. هەروەها دەتوانرێت وەکو چەمکی سێکسیست و بێڕێزی بە ڕەگەزی مێ خوێندنەوەی بۆ بکرێت

«هەڵەبجە هەمیشە مەڵبەندی ئەدەب و ڕۆشنبیری بووە و چەندین شاعیر و نووسەری وەك (مەولەوی) و (نالی) و (تایەربەگ) و (ئەحمەد موختارجاف) و (گۆران)ی لێبووە، هەروەها مەڵبەندی کوردپەروەری و شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی کوردستان بووە... « (ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی،ل ١٠٨). ناوی پێنج شاعیری گەورە لە دەقەکەدایە. دووان لەو شاعیرانە کوڕی عادیلە خانن. ناکرێت باسی ڕۆشنبیری و کوردپەروەری و مێژووی هەڵەبجەی شەهید بکرێت و پێگەی خودی عادیلەخان فەرامۆش و کپ بکرێت، ئەمەش مایەی سەرسوڕمان و تێڕامانە! بێگومان عادیلەخان نەك وەك دایکی دوو شاعیر بەڵکو وەکو کەسایەتییەکی سەرکردەو ڕۆشنبیر کە چالاك بووە لە بواری کۆمەڵایەتی و دیپلۆماسی و بڕیاردانەدا زیاتر لە عوسمان پادشای هاوسەری ئەمەش مایەی شانازیی میللەتێکە.

لە بابەتی (دلڤین و ژینگە)دا دەقەکە بەم شێوەیە دەستپێدەکات «دلڤین خوێندکارێکی زیرەکە لە پۆلی چوارەمی بنەڕەتی دەخوێنێت ڕۆژێکیان لەگەڵ دایك و باوکی لەناو باخچە دانیشتبوون گفتوگۆیان دەکرد.» (خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی، ل ١٢). لە ١٣ دێڕەکەیکەدا گفتوگۆیەك دروست دەبێت لە نێوان دلڤین و باوکیدا دەربارەی پرسیارێکی مامۆستا «بۆچی ئاو و هەوای گوند لە هی شار خاوێنترە؟» باوکی وەڵامی پرسیارەکانی کچەکەی دەداتەوە و ئەویش سوپاسی باوکی دەکات بۆ زانیارییەکانی. دایك لە دەقەکەدا هیچ ڕۆڵێکی پێ نەدراوە لە هەر١٥ دێڕەکەدا تەنیا یەك وشەیە «دایك»! بە زمانە سادەکەی خەڵق ڕۆڵی دایك قوروقەپی پێکراوە. لە هەر پێنج پەرتوکەکەدا ڕۆڵێکی وەکو ئەو جۆرە نەدراوە بە ڕەگەزی نێر. هەروەها دایك لە وێنەکەدا نییە. ئەم جۆرە دەقە پەیامێکی پەروەردەیی دروست بە منداڵ نادات.

### ب- ڕەگەزی مێ و جوانی

کەسایەتییە مێژوویەکان، وەکو مرۆڤ، چ لە ڕەگەزی مێ، یان نێر بن، پێویستە ژیاننامە، چالاکیی سیاسی و ڕۆشنبیرییان لە ڕووداوەکاندا بخرێنە پرۆگرامەکانی خوێندنەوە. ئەگەر شێوەی ڕوخسارو بەژن و باڵا کاریگەری لە سەر ڕووداوە مێژووییەکانی ئەو کەسایەتییانە نەبووبێت، پێویست ناکات بخرێنە پرۆگرامەکانی خوێندنەوە. ئەوەی زانیاری بەخشە بۆ منداڵ کارەکانیانە نەك شێوەی ڕوخسار و بەژن و باڵایان.

لە هەر پێنج پەرتوکەکەدا هەشت بابەت بۆ کەسایەتیی مێژوویی ڕەگەزی نێر و سێ بابەت بۆ ڕەگەزی مێ تەرخان کراوە. لە بابەتەکانی ڕەگەزی نێردا هیچ دەقێك نییە دەربارەی شێوەی ڕوخسار و تەن و باڵای کەسایەتییەکە، بەڵام لە دوو بابەتی سێ بابەتەکەی ڕەگەزی مێدا ئەم شێوە باسکردنە هاتووە.

لە بابەتی (خانزادی سۆران)دا نووسراوە: «خانزادی سۆران ئافرەتێکی باڵابەرز و جوان و ڕێکوپێك بووە..» (ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی،ل٨٧). لێرەدا پرسیار ئەوەیە: بۆ دەبێت لە ناساندنی ژنێکی سەرکردەدا باسی باڵا و ڕوخساری بکرێت؟ هەروەها تابلۆیەکی ٤ کچێکی گەنجی ١٥-٢٠ ساڵ دانراوە بە خشل و زێڕەوە، پڕ ڕەنگ و سورمەپۆش، دەستێکی لە کەمەریدایە، زیاتر لە مۆدێل دەچێت تا لە خانزادی سوارچاك و سەرکردەی چەکدارانی میرنشینی سۆران.

لە بابەتی (لەیلا قاسم)دا نووسراوە: «ئەو بەژن و باڵاکەی هاوتەریب لەگەڵ هۆش و بیری مەزن دەبوون..» (ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی،ل٩٧). دەستەواژەی «بەژن و باڵاکەی» بۆ وەسفی ڕۆمانسی و غەزل بەکاردەهێنرێت و نادروستە بۆ ناساندن و وەسفکردنی ئافرەتێکی شەهید. ئەم شێوە دەربڕینە نەك لە پرۆگرامەکانی خوێندندا بەڵکو لە میدیای باویشدا دروست نییە، هەروەها لکاندنی بەژن و باڵا بە بیری مەزنی شەهیدەوە، نە عەقڵ قبووڵی دەکات و نە لۆژیك!

لە بابەتی (جوانی)دا تابلۆیەکی کچێکی منداڵ: دوو پرچی درێژی زەرد، جلی کوردی پۆش، دوو سەبەتەی دەستی پڕ لە گوڵ و ڕاوەستاوە لە سروشتدا. لە وانەیە وێنەیەکی

لە هەرێمی کوردستاندا لە ڕووی دەستووری، ڕۆشنبیری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هیچ بەربەستێك نییە کە پێگەی ڕەگەزی نێرومێ یەکسان نەبێت لە پرۆگرامەکانی خوێندندا، کەچی بە پێچەوانەوە نایەکسانییەکی قووڵ لە بەرنامەکانی خوێندنی ئێستادا هەیە



ڕومانسی ببەخشێت بە هەندێ کەس، بەڵام لە زەمینەی واقیعدا زیاتر لە بووکەڵەی سوپەربازاڕەکان دەچێت کە جلی کوردییان بەبەرداکردووە تا لە بەخشینی جوانی ئەو منداڵە قژ ڕەشانەی لە جادەکانی نێو شارەکانی هەرێمدا، چەپکە گوڵی نێرگز دەفرۆشن بۆ بژێوی ژیانیان. ڕێك لەژێر تابلۆی ئەو کچە منداڵەدا نووسراوە: «جوانی لە بەژن و باڵاو لەش و لاری ڕێکو پێکدایە.» (ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی،ل٧٧) دەستەواژەی جوانیی بەژن و باڵا لە هەر پێنج پەرتوکەکەدا تەنیا ئاماژەیە بۆ جەستەی ڕەگەزی مێ، پەیامیکی ناپەسەند و نەگونجاوە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ. هەروەها دەتوانرێت وەکو چەمکی سێکسیست و بێڕێزی بە ڕەگەزی مێ خوێندنەوەی بۆ بکرێت. لێرەدا زیاتر لە سەری نانووسین و بۆ کەسانی پسپۆڕی ئەو بابەتە بەجێ دەهێڵین، هەتا لێکۆڵینەوەی دروستی بۆ بکەن. هەروەها لەگەڵ سیاسەتی پەروەردەیی لەخۆگرتبوون ناجۆرە.

**لەخۆگرتبوون (Inclusion)**

«لەخۆگرتبوونی کۆمەڵایەتی کاری ئەرێنییە بۆ گۆڕینی ئەو بارودۆخ و نەریتانە کە دەبنە(بوونە) هۆی لەخۆنەگرتبوون/دابڕانی کۆمەڵایەتی» (Robo، M)

لەخۆگرتبوون بەشێکە لە بەهاکان و ئاکاری پەروەردە، لەژێر چەتری پەروردەدا هەموو تاکێك دەبێت هەست بە ئاسوودەیی و دڵنیایی و هێمنی بکات، شکۆ و بەهاکانی پارێزراو بێت.)

دەستەواژەی جوانیی بەژن و باڵ بە هیچ جۆرێك لەگەڵ بەهاکان و ئاکاری واژەی لەخۆگرتبوون یەك ناگرنەوە. بۆ نمونە: چی بە منداڵێك بڵێن کە جەستەی وەکو کۆدەکانی ناو پرۆگرامەکانی خوێندن نییە، یان بە منداڵانی ئەو شەهیدانە کە جەستەی شەهیدەکانیان وەکو کودەکانی ناو پرۆگرامەکانی خوێندن نین! ئەمانە(هیما بۆ بەژن و باڵا و ڕوخسار) کاری نەرێنی لەسەر دەروونی منداڵ و پرۆسەی خوێندن دادەنێت.

**ج- کاری ناوماڵ و دەرەوە**

هەر وەکو چەمکەکانی تری ئەم پەرتوکانە کەلێنێکی بەرین هەیە لە نێوان نێرومێدا لە کاری ناوماڵ و دەرەوەدا. لە سەرجەم دەقی بابەتەکاندا ٢٠ کاری کارامە و ناکارامە دراوە بە پیاو هەروەها ١٨ وێنەی پیاو لە کاتی کارکردندا وەك پزیشك، مامۆستا، کرێکار، جووتیار، شوان و...هتد هاتووە. ڕەگەزی نێر

**جوانی، وەکو هێمایەک بۆ جەستەی ڕەگەزی مێ، تاییەتمەندیی پەروەردەی هەرێمە و لە پەروەردەی عێراقەوە بۆمان نەماوەتەوە. لایەنە نەرێنییەکانی کەلتوور کشاونەتە نێو پرۆگرامەکان، یان دەکرێ کاریگەری ئەدەبی کلاسیکی کوردی بێت کە جوانی ڕەگەزی مێ تیایدا پێگەی باڵای هەیە**

**دەستەواژەی جوانیی بەژن و باڵ تەنیا ئاماژەیە بۆ جەستەی رەگەزی مێ و پەیامیکی ناپەسەندە و گونجاو نییە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ و پێویستە لاببرێن، بەتایبەتی ئەوەی لە بابەتی «لەیلا قاسم»دا هاتووە**

هێچ رۆڵێکی پێنەدراوە لە کاری ناوماڵ و خێزاندا جگە لە راوێژکاری و سەرچاوەی زانیاری نەبێت.

لە لایەکی دی یەک رۆڵی مامۆستایی و دوو وێنەی مامۆستا دراوە بە رەگەزی مێ و بابەتێك بە ناوی «کۆلێرە» تەرخانکراوە بۆ کاری ناوماڵ و وێنەی ژنێك هەویر دەشێلێت.

بە روون و راشکاویی لە بابەتی «خۆشەویستی دایك و باوك»دا بنەمای فکری و فەلسەفی سەبارەت بە رۆڵی رەگەزی نێرومێ لە کۆمەڵگەدا دیاریدەکات، رەگەزی مێ بۆ کاروباری ناوماڵ «دایك لە پێناوی تۆ خۆی دەرەنجێنێت، سۆزی خۆیت بەسەر دەبارێنێت.........بە زمانێکی شیرین لەخەوت هەڵدەستێنێت... جلەکانت لەبەردەکات، خواردنت بۆ ئامادەدەکات.» و رەگەزی نێر بۆ کاری دەرەوە « باوك... بە دڵێکی فراوانەوە هەموو رۆژێك لە ماڵ دێتەدەر، دەست بە کارکردن دەکات، تا بژێوی منداڵەکانی دابین بکات،» (ڕیزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی، ل٤٩-٥٠ ).

**د- رابەرایەتی، ئامۆژگاری و سەرچاوەی زانیاری**

لە نۆ بابەتدا رەگەزی نێر رۆڵی رابەرایەتی و ئامۆژگاری و سەرچاوەی زانیارییە، بۆ نموونە: جوانکاری شار، رەوشی رێگاوبان، مەشخەڵی ئۆلۆمپی و....هتد. هەروەها پیاوە ناودارەکان کە هەشت بابەتن. لە هەشت وێنەدا پیاو دەرکەوتووە وەك مامۆستا، باوك ئامۆژگاری کچەکەی دەکات، باوك ئامۆژگاری کورەکەی دەکات و... هتد.

بەشی رەگەزی مێ چوار بابەتن. بۆ نموونە: باخی گشتی، پەلە هەورێك سەربوردەی خۆی دەگێڕێتەوە...هتد. هەروەها ئافرەتە ناودارەکانی کورد کە سێ بابەتن. لە دوو وێنەدا وەکو مامۆستا رۆڵیان پێدراوە.

بابەتی «پەڵە هەورێك سەربوردەی خۆی دەگێڕێتەوە» و «مەشخەڵی ئۆلۆمپی» لە بەشی ٢- پۆلێنکردنی بابەتەکاندا شرۆڤەکران.

**٤. هۆکار و ئاکامی بەهاکان**

نووسینی هەر بابەتێکی (یەکەیەك) پەرتوکی پەروەردەیی دەبێت ئامانجێك یان چەند ئامانجێك بپێکێت. لە سەر بنەمایەکی فکری دیاریکراو دارێژدرابێت لە هەمان کاتدا بەهاکانی مرۆڤایەتی، کۆمەڵایەتی و شارستانێتی رەچاوبکرێت.

لە هەرێمی کوردستاندا لە رووی دەستووری، رۆشنبیری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هیچ بەربەستێك نییە کە پێگەی رەگەزی نێرومێ یەکسان نەبێت لە پرۆگرامەکانی خوێندندا، کەچی بە پێچەوانەوە نایەکسانییەکی قووڵ لە بەرنامەکانی خوێندنی ئێستادا هەیە. هەڵبەتە ئەم بابەتە پێویستی بە توێژینەوەی زیاتر هەیە، لێرەدا تەنیا بە کورتی چەند هۆکارێکی هەبوونی ئەم نایەکسانییە دەخەینەڕوو:

١. بە هەمان رێچکەی پەروەردەی عێراق کە لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا لە سەرانسەری سیستەمەکەدا یەك دوو وێنەی ئافرەتێکی مۆدێرن کە مامۆستا بوون و یەك دوو کەسایەتیی ژن خرابوونە پرۆگرامەکانەوە، بەشەکانی دی رەگەزی نێر پاوانی کردبوون. هەنووکە چەندێن بابەتی دی بۆ زیاد کراوە، بەڵام بەپێی هەلومەرجی ژیانی سەردەم و ماددەکانی دەستوور و سیاسەتی حکومەتی هەرێم رێژەی رەگەزی مێ زۆر لە خوارەوەیە، کەمترە لە ١٥٪ !

٢. جوانی، وەکو هێمایەك بۆ جەستەی رەگەزی مێ، تایبەتمەندیی پەروەردەی هەرێمە و لە پەروەردەی عێراقەوە بۆمان نەماوەتەوە. لایەنە نەرێنییەکانی کەلتوور کشاونەتە نێو پرۆگرامەکان، یان دەکرێ کاریگەری ئەدەبی کلاسیکی کوردی بێت کە جوانی رەگەزی مێ تیایدا پێگەی باڵای هەیە. بە هزر و بیری/ عەقڵییەتی شەکسپیر پرۆگرامەکانی خوێندنی بەریتانیا دانەڕێژراون، ئەدەبی کلاسیکی گیان و مێژووی گەلە، بەڵام هەندێ چەمکی بۆ ژیانی سەردەم بەتایبەتی پەروەردەی منداڵ ناگونجێت.

٣. لە نەبوونی سیاسەتێکی پەروەردەیی دیاریکراو بۆ گەشەدان و نووسینی پرۆگرامەکان/ پەرتوك، کە ئامانج و بەهاکان بە روونی و رەوانی تیایدا دیاریکراو بێت، دەرگا واڵادەکات بۆ لایەنە نەرێنییەکانی کەلتوور و پاڵنەری خودی (الدافع الذاتی) لە بیرۆکە

و بۆچوون و...هتد، بەئاگایی و نائاگایی دزەدەکەنە٥ نێو پرۆگرامەکان، ئەمەش وادەکات ئامانج و بەهاکان نەپێکن بەو شێوەی پلانی بۆ دارێژراوە، نارێکوپێکی (عدم التناسق) بابەتەکان دێنە بەرهەم.

● ٥. دەرئەنجام:

بە شێوەیەکی کورت (پێگەی رەگەزی نێرومێ)مان شرۆڤەکرد لە پێنج پەرتوکی خوێندندا، دەرکەوت کە بەشی رەگەزی مێ زۆر کەمە کە١٩ بابەتە و رەگەزی نێر بەشی شێری بەر کەوتوە کە٦٨ بابەتە.

لە هەندێ بابەتدا کەسایەتیی رەگەزی مێ پێشێل کراوە، لە هەندێ بابەتی تردا رەچاوی پێگەی رەگەزی مێ بە باشی کراوە، ئەم نارێکوپێکیە و جیاوازییە لە دارشتنی بابەتەکاندا، دەیگێڕینەوە بۆ نەبوونی سیاسەتێکی پەروەردەیی دیاریکراوا بۆ گەشەدان و نووسینی پرۆگرامەکان.

● پێشنیار:

- دەستەواژەی جوانیی بەژن و باڵ تەنیا ئاماژەیە بۆ جەستەی رەگەزی مێ و پەیامێکی ناپەسەندە و گونجاو نییە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ و پێویستە لابرێن، بەتایبەتی ئەوەی لە بابەتی «لەیلا قاسم»دا هاتووە.

- وەزارەتی پەروەردە بەرپرسیارە لە ١,٨ ملیۆن فێرخواز، پێویستە بەشێکی(یەکە) هەبێت کە تایبەتمەند بێت بە یەکسانی رەگەزی نێرومێ/ جێندەر (Gender Equality))، یان بەلانی کەمەوە کەسێکی پرۆفیشناڵ، شارەزا چاودێری سەرانسەری سیستەمەکە بکات.

- پێویستە پێشەنگی و ئەولەوییەت بدرێت بە نووسەری رەگەزی مێ لە نووسینی پرۆگرامەکانی خوێندندا کە هەنووکە کەمن و ئەگەر نین لە هەندێ بواردا پێویستە هەوڵبدرێت بۆ دروستکردنیان.

● سوپاس و پێزانین

جێی خۆیەتی سوپاس و پێزانینی ئەو بەرێزانە بکرێت کە ئەرکی نووسینی پرۆگرامەکانیان لەسەر شانە، کارەکانیان ئەنجامداوە بەو شێوەیەی کە لێیان داواکراوە، هەر بابەتێك لە پۆلدا دەخوێندرێت بە چەند فلتەرێکدا دەروات. لە نەبوونی سیاسەتێکی پەروەردەیی بۆ وڵات هەر ئەوەی لێ سەوز دەبێت کە ئێستا لە بەردەستدایە.

● تێبینی:

- بۆ زیاتر دەربارەی گەشەکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن براوانە:
ttps://kcdev.org

- لە نووسینێکی دیکەدا بنەمای فکری ئەم پەرتوکانە شرۆڤەکراون، بروانە گوڵان ١١٩٠
http://www.gulan-media.com/sorani/details.php?section=4&id=28006

**وەزارەتی پەروەردە بەرپرسیارە لە ١,٨ ملیۆن فێرخواز، پێویستە بەشێکی(یەکە) هەبێت کە تایبەتمەند بێت بە یەکسانی رەگەزی نێرومێ/ جێندەر، یان بەلانی کەمەوە کەسێکی پرۆفیشناڵ، شارەزا چاودێری سەرانسەری سیستەمەکە بکات**

● پەراوێزەکان:

(١) شۆرشی ئۆکتۆبەر ١٩١٧، دەورێکی باڵای هەبوو لە چەسپاندنی مافی رەگەزی مێ لەو بلۆکەی خۆیداو کاریگەری هەبووە لە سەر حزبە شیوعییەکانی جیهان. هەروەها وڵاتە ئیمپریالیستەکان قوتابخانەی مۆدێرنیان دامەزراند لە کۆلۆنییەکاندا.

(٢) هەموو لایەنە سیاسییەکان لە سەر ماددەی (٢٠)و(٢٧) کۆکن.

(٣) دەقی راهێنان بە کارنەهێنراوە بۆ پۆلێنکردن.

(٤) تابلۆی پیاوە ناودارەکانی کورد لە تەمەنی ٤٠ساڵ و بەرەوژوور دروستکراون.

(٥) چەندین دەستەواژە و وێنە هەیە لە نێو پرۆگرامەکانی خوێندندا کە پەیوەندی نییە بە بابەتەکەوە، پێویستە لابرێن.

● سەرچاوەکان:

١. پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق کتێبخانە گشتیەکان، هەولێر، ژمارەی سپاردنی (٧٧٧) ، ٢٠٠٩

٢. خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەرەتی. چاپی شەشەم ٢٠١٣.

٣. خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەرەتی. چاپی شەشەم ٢٠١٣.

٤. خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی بنەرەتی چاپی هەشتەم ٢٠١٥.

٥. رێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی بنەرەتی چاپی چوارەم ٢٠١١.

٦. رێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی بنەرەتی چاپی پێنجەم ٢٠١٢.

7- Iraqi Constution-2005

8- Robo، M. Social inclusion and inclusive education
www.academicus.edu.al/nr10/Academicus-MMX-IV-10-181-191.pdf [Accessed (online) 10 May 19]